# مێژووی کورد و کوردستان

## هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردستان




نوسینی: حەمە گۆپاڵە

سوید - یۆتۆبۆ

# مێژووی کوردو کوردستان

## هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردستان

# مێژووی کوردو کوردستان

## هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردستان

نوسینی حەمە گۆپاڵە

سوید - یۆتۆبۆری

٢٠١٦

ناوی کتێب		مێژووی کوردو کوردستان، هۆکارەکانی
دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردستان

نوسینی		حەمە گۆپاڵە

نەخشەسازی بەرگ		فەرهاد فایەق

چاپخانەی		چوارچرا

تیراژ		١٠٠٠ دانە

چاپی یەکەم		سلێمانی/ چاپخانەی چوارچرا

نرخ		٣٠٠٠ دینار

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە ی
سپردنی( ١٥٨٢ ) ساڵی ٢٠١٦ پێدراوە

داهاتی فرۆشتنی ئەم کتێبە ئەبەخشم بە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان

(ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە هاوسەرە خۆشەویستەکەم شانۆ

کە هەمیشە پاڵپشتم بووە لە هەموو هەنگاوەکانمدا

پێشکەشی ئەکەم بە سەرکردەی خاکی و ڕۆشنبیرو ماندوونەناس

بەڕێز نەوشیروان موستەفا )

# پێڕست


وتەیەکی پێویست ........................................ ٩
پێشەکی ................................................... ١٠
کوردو کوردستان ........................................ ١٣
گەلی گۆتی ............................................... ٢٠
گەلی لۆلۆ .................................................. ٢٢
گەلی کاشی (کاسی) ..................................... ٢٣
گەلی سۆباری ............................................. ٢٤
گەلی میتانی .............................................. ٢٤
گەلی مانی -ماننا ........................................ ٢٥
گەلی نائیری - ئوراتوو ................................... ٢٦
دەوڵەتی مادد ............................................. ٢٧
هیتیەکان ................................................... ٣٢
هوریەکان یاخود خۆریەکان ............................. ٣٢
دەوڵەتەکانی هەزەبان کوردیان ......................... ٣٣
لیدیەکان .................................................. ٣٤
کاردۆخیەکان .............................................. ٣٤
ئیلامیەکان ................................................ ٣٥
ثیکیثیەکان ................................................ ٣٥
کوردو سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام ...................... ٣٦
کوردو کوردستان ........................................ ٤٦
ئەو فەرمانڕەوا کوردانەی ئاڵای سەربەخۆییان هەڵکردووە؟.. ٥٤
میرنشینە کوردیەکان .................................... ٥٨
میرنشینی ئەردەڵان ..................................... ٥٨
میرنشینی سۆران ......................................... ٥٩
میرنشینی بادینان ........................................ ٦١

میرنشینی بۆتان.................................٦١
میرنشینی بابان..........................................٦٤
میرنشینی هەکاری.......................................٦٥
کوردستانی باکور.........................................٦٨
شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری ١٨٨٠-١٨٨١ز..............٧٠
خۆرهەڵاتی کوردستان....................................٧٨
باشوری کوردستان.........................................٨٣
شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر..............................٨٣
شۆڕشی ناوچەی بارزان...................................٨٨
خۆرئاوای کوردستان......................................٩١
زاراوەی کورد.............................................٩٢
ڕۆڵی ئافرەت لە مێژووی کورددا............................٩٣
هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی ؟...............٩٥
لۆبی.......................................................١١٥
سەرچاوەکان..............................................١٢٩

## وتەیەکی پێویست

ئەم بەرهەمە مێژووی کوردو کوردستان و هۆکارەکانی دروستەنەبوون یاخود لەناوچوونی میرنشین و فەرمانڕەواو دەوڵەتی کوردستانە لە ڕابوردودا، مێژووی نەتەوەیەکی کۆن و خاوەن شارستانی و مێژووییە کە لە سەرەتای دەستپێکردنی مرۆڤایەتیەوە قوربانی تەواوی داوە لەپێناو سەربەخۆیی خاکەکەی و سەرفرازی نەتەوەکەی، باس لەو میرنشین و دەسەڵاتدارە کوردیانەیە کەوا لە مێژوودا ئاڵای سەربەخۆی کوردستانیان بەرزکردوەتەوە، دەرخستنی مێژووی نەتەوەیەکە لە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤەوە وجودی هەبووە، باس لەو گەل و نەتەوانەیە کە لە ڕابوردودا کوردبوون و ناوەکانیان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، باس لە هەندێک ئافرەتە ناودارەکانی کورد و دەسەڵات و میرنشینە کوردیەکان ئەکات لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلام و بێگانەدا، باسێکە لەسەر مێژووی لۆبی و چۆنیەتی کارکردنیان لە جیهان و پرۆژەی دروستکردنی لۆبی کوردیە کە گەلی کورد لێی بێبەشە، هیوادارم وەک پرۆژەیەکی بچوک لێم قبوڵ بکەن.

## پێشەکی

دەرخستنی مێژووی نەتەوەیەک مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ ٥ هەزار ساڵ لە کتێبێکی وادا کارێکی ئاسان نیە، قورسیەکەشی ئەوەیە جگە لە کەمی سەرچاوە مێژووییەکان زۆربەیان دوبارەو چەندبارە بوونەتەوە، لە هەرکوێ زمانێکی جیا هەبێت نەتەوەیەکی جیا هەیەو هەرگەلێکیش نەتەوەی خۆی هەبێت مافی ئەوەی هەیە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، پێناسی دەوڵەت بە گوێرەی پەیماننامەی مۆنتیڤیدیۆدا ساڵی ١٩٣٣ بریتیە دانیشتوانێکی هەمیشەیی کە خاکێکی دیاریکراویان هەبێت، تیایدا حکومەتێک پێک بێنن و بتوانن پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تردا دروست بکەن، دەوڵەت چوار ڕەگەزی سەرەکی هەیە ئەوانەش بریتین لە دەزگاو دامەزراوو کارمەندەکان لەگەڵ ناوەندگەرایی و خاکێکی هاوبەش، بتوانێت دەسەڵات بەڕێوە ببات بۆ پێکهێنانی فەرمانڕەوایەتی، واتا هیچ دەوڵەتێک بێ بوونی خاک و جوگرافیا بوونی نیە، دەوڵەتیش دەبێت خزمەتی گەل و نەتەوەو نیشتیمان بکات.

کوردو کوردستان هەمیشە گۆڕەپانی ململانێ هێزە داگیرکەرو ڕکابەرەکان بووەو تا ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە، کوردستان لە قۆناغی کۆندا ١٤٠٠ساڵ لە لایەن دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی و ٢٠٠٠هەزار ساڵ داگیرکاری ئیمبراتۆریەتی فارس و ٤٠٠ تاوەکو ٦٠٠ ساڵ لە لایەن خەلافەتی عوسمانیەکانەوە داگیرکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا

توانیویەتی خۆی و زمان و نیشتیمان و کەلتورو بەشیک لە داب و نەریتەکانی بپارێزێت، لە قۆناغی هاوچەرخیشدا لە لایەن پێنج دەوڵەتی داگیرکەرەوە حوکم کراوە کە سیانیان پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە پەیدا بوون بە تایبەت تورک و عەرەب و فارس، پرسیاری جەوهەری ئەوەیە کورد کێیە ؟ مێژوی کوردو کوردستان چۆن بووە ؟ ئایا کورد لە مێژوودا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بووە ؟ ئایا کوردستان خاکی کوردە یان کورد لە شوێنێکی تری ئەم جیهانەوە هاتووە ؟ ئایا کورد لە کەیەوە لەسەر خاکی کوردستان ژیاوەو چۆن پەیدا بوون ؟ پەیماننامەی سیڤەر ساڵی ١٩١٩ دانی بەوەدا نا کورد خاوەنی سەروەری خۆی بێت بەتایبەت ناوچەیەکی بچوکی کوردستانی لەخۆگرتبوو ویلایەتی موسڵ و کوردستانی نەئەگرتەوە بەڵام بۆچی دەوڵەتی سەربەخۆ دانەمەزراو لەبری ئەمە پەیماننامەی لۆزان ساڵی ١٩٢٣ لەدایک بوو ؟ بۆ کورد تا ئێستا بێ دەوڵەتە ؟ بۆچی کورد خاوەنی بنەماکانی دەوڵەتە وەک خاک و خەڵک و مێژوو زمانی سەربەخۆو ئابوری نیمچە بەهێز بەڵام تا ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نیە؟ هەڵەی سەرکردەو میرنشینە کوردیەکان چی بوون ؟ بۆچی کوردەکان زیاتر پشتگیری ئیمبراتۆریەتی عوسمانیان کردو پشتیان لە سەفەویەکان بەزۆری کرد ؟ ئایا چیتر ماوە کورد بیکات تاوەکو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر هەوڵ ئەدەین لە ڕێگای ئەم کتێبەوە وەڵامی بدەینەوە.

•

## کوردو کوردستان


مرۆڤ زۆر لە کۆنەوە لەسەر ئەستارەی زەوی نیشتەجێ بووە، نازانرێت مێژووی نیشتەجێبوونی مرۆڤ بۆ کەی ئەگەڕێتەوە؟ بۆیە زەحمەتە بزانرێت یەکەمین مرۆڤ کەی، لەکوێ پەیدا بووە، بەڵام کۆمەڵێک بەڵگەو تۆماری مێژووی هەن باس لەوە ئەکەن پەیکەری مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانەدەرو مرۆڤی ئاسایی لە ئەشکەوتی زرزی دۆزراونەتەوە بەڵگەی ئەوەن مرۆڤ و ژیانی ئاسایی بەر لە ٦٠ هەزار ساڵ لە ناوچەکانی کورستاندا هەبووە، دۆزینەوەی گوندی چەرمۆو شانەدەری کشتوکاڵی و دۆزینەوەی کەل و پەلەکانی خەڵکانی کوردستان لەناو ئەشکەوتەکانداو هەڵکەنراوەکان لە بوارەکانی پەیکەرسازی و وێنەکێشان و بوونی پەرستگای کۆن و دۆزینەوەی پەیکەری گیانەوەرانی وەک مەڕو بزن و بەرازو ......هتد، هەروەها دۆزینەوەی چەندین شوێنەوار لە کوردستان وەک هەزار مێرد، گوندی چەرمو ،شارستانی زرزی لە پارێزگای هەولێرو سلێمانی، گنج دارە، تەپە گۆران، تەپەساران، نێستۆن لە پارێزگای کرماشان، قەڵای کەرکوک و نوزی و قەرەچێوار لە پارێزگای کەرکوک، سوسە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەپە گەورە لە

موسڵ و تلحلف لە بۆتان و زۆر شوێنی تریش بەڵگەیەکی تری زیندوون لەسەر شارستانیەتی مرۆڤ لە کوردستاندا، هەموو بەڵگەکان دەری ئەخەن کەوا کوردو کوردستان لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا بوونیان هەبووەو خاوەن شارستانیەتی خۆیان بون، زانایانی ئاسەوار وەک ڕالف سولیکی و بریدودو دکتۆر ستوارد و دکتۆر کۆلن رینغرو گارود کە سەریان لە کوردستان داوە سەلماندویانە کوردستان جێگەی یەکەم مرۆڤ بووە لە مێژوودا، لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە تا ئێستا ڕێککەوتنێکی هاوبەش و تەواو لەسەر مانای ناوی کورد نیە بەڵام چەندین بۆچوونی جیاجیا هەن لەسەر کوردو ڕەچەڵەکی کورد، هەندێک ناوی کورد ئەگەڕێننەوەو بۆ سەردەمی فارسەکان، هەندێکی تر لە مێژوونوسان باس لەوە ئەکەن ناوی کورد لە سۆمەری، گۆتی، کاسی،مانی، هوری، ئیلامی، هیتی، لۆقی، میدی، لۆلۆیی......... هتد هاتووە، لەسەر مانای ناوەکەش زۆربەی مێژوونوسان لەسەر ئەوە ڕێکن کە ناوی کورد مانای ئازا، جەنگاورە، پاڵەوان ئەگەیەنێت، وشەی گود بە زمانی سۆمەری وایا ئازا، جەنگاوەر، پاڵەوان ئەگەیەنێت،بەشێک لە مێژوونوسانی تر بنەچەی کورد ئەگەڕێننەوە بۆ ئاریەکان و ئەڵێن کورد نەوەی ئارین و لە ڕەگەزی هیندۆ ئەوروپیەکانەوە لە خۆرهەڵاتەوە هاتوون بۆ ناوچەکەو دواتر لەوێ نیشتەجێ بوون، بەشێکی تریشیان پێی وایە کوردەکان هەر خەڵکی ناوچەکە بوون.

کورد ناوی نەتەوەیەکە لە باشوری خۆرئاوای ئاسیا، خودی زاراوەی کورد بۆ یەکەمین جار لە لایەن پاشایەکی سۆمەری بە ناوی سۆشین سالی ٢٠٢٨ پ.ز -٢٠٣٦ بەکارهاتووە بە کردا واتا بەرز هاتووە، مەبەست لە کردا واتا بەرز ئەوە بووە نەتەوەیەکی تر جگە لە سۆمەریەکان لە شاخەکاندا ژیاون، پاشای ئەشکانیەکان ئەردەوانی پێنجەم کاتێک نامەی بۆ ئەردەشێری کوڕی بابان ناردووە باس لەوە ئەکات ئەی کوردی پەروەردەکراوی کۆچەری، کێ ڕێگای پێ داویت تاجی پاشایەتی بکەیتە سەرت، واتا بۆ کۆچەریەکان نەبووە ببن بە پاشاو تاجی شاهانە لەسەر بکەن، واتا بۆ یەکەمین جار وشەی کردا لەلایەن سۆمەریەکانەوە بەکارهاتووەو کۆنترین تۆماریش لەسەر کورد نامەکەی ئەردەوانی پێنجەمە بۆ ئەردەشێری کوڕی بابەکانی ساسانی.

ڕەچەڵەکی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠٠ ساڵ ،زۆر لە مێژوونوسان پێیان وایە وشەی کورد لە مانای ئازایەتیەوە هاتووەو کورد لە مێژوودا بە ئازاو چاونەترس ناسراوە، قورئان سەرەتای دەستپێکردنی ژیان و تۆفانە بەناوبانگەی حەزرەتی نوح و وردەکاریەکانی پیشان ئەدات و نیشتنەوەی کەشتیەکەش لە خاکی کوردستان باس ئەکات، ئەمەش ئەوە دەرئەخات کەوا کوردستان لانکی هەموو مرۆڤایەتیە، تەورات و ئینجیل و ئاڤێستاش بەهەمان شێوە باس لەوە ئەکەن کەوا ئادەمیزاد بە دوو قۆناغدا تێپەڕ بووە، قۆناغی یەکەم ئادەم و حەواو قۆناغی دووەمیش بە کەشتیەکەی نوح و نیشتنەوەی

لەسەر خاکی کوردستان شاخی جودی دەست پێ ئەکات، پاش ئەوەی کەشتیەکە چل ڕۆژ لەسەر ئەوشاخە مایەوە حەزرەتی نـوح داوای لە خـوای گەورە کـرد لەسـەر خـاکێکی پیـرۆز دایبەزێنێت کەلە خاکەکەی پێشووتر نەچێت، خوای گەورەش شاخی جودی لە ناوچەی بۆتان و دیاربەکرو ماردینە لەسەر خـاکی کوردسـتان هەڵبـژاردو خـاکی کوردسـتانی پیرۆزکـردو کوردستانی کردە لانکی دووەمی هەموو مرۆڤایەتی، هـەروەک قورئـان لـە سورەتـی هود ئایـەتـی ٤٤ باسـی دەکـات، وێنەی خوارەوە وێنەی شاخی جودیە لە کوردستان.



تەوراتـیش سـەرەتای درەسـتبونی مـرۆڤ لـەسـەر زەوی دەگەڕێـتەوە بـۆ کوردسـتان، تـەورات ئەڵێـت خـوای گەورە بەهەشتی سەرزەمینی لە نێوان دیجلەو فوراتدا دروستکرد، ئەم دوو ڕوبارەش لە کوردستانن، ئەمەش لە کتێبی یەکەمی حەزرەتی موسا سەلامی خوای لێ بێت ئایەتی ١٢ باسی لێوەکراوە، ئینجیلیش لە کتێبی دووەمی مەلیک سورەتی ١٧

ئایەتی ٦ ئەڵێت سالی ٩ مەلیکی ئاشوری هەستا بە داگیرکردنی سۆمەریەکان و هەموو یەهودیەکانی بەدیلی گرت بە تایبەت لە هابوورو شاری میدیا، هنری براستیش ئەڵێت لە کوردستانەوە خەڵکی بەسەر زەویدا بڵاوبوونەوە.

بەداخەوە مێژوونوسی موسڵمانیش هەبووە کە بە خراپی لەسەر کوردو کوردستانی نوسیوە بە جن و شەیتان ناوی بردوە، هەندێک لە مێژوونوسانی ئێرانیش کورد بە ئێرانی لە قەڵەم ئەدەن، مینۆرسکیش پێی وایە کورد گەلێکی ئێرانیەو لە وڵاتانی فارس و تورکیاو قەفقازو عێراق نیشتەجێن، گەزنەفۆن سالی ٤٠٠-٤٠١ بەر میلاد ناوی کورد دێنێت بە تایبەت دەوروبەری جزیری.

لە مێژوودا کورد چەندین میرنشین و دەوڵەتی کوردی پێکهێناوە وەک دەوڵەتی گۆتی و لۆلۆیی و مانی و میتانی، دوا دەوڵەتی کوردیش ماد بووە، پاش دەوڵەتی ماد کورد نەیتوانیوە ببێت بە ساحێبی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی و سەدان هەزار قوربانی لەم پێناوەدا داوەو بەردەوام لە قەیران و گرێ کوێرەی بێ دەوڵەتیدا دەژی، دوژمنانی کوردیش هەمیشە باس لەوە ئەکەن کورد گەلێکی کۆچەریەو بەهۆی کارەساتی سروشتیەوە خێڵەکانیان لە باکورو ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە کۆچیان کردووە بۆ دۆڵەکانی ڕافیدەین و زاگرۆس و لەوێ نیشتەجێ بوون، دوژمنانی کورد ئەیانەوێت بە کورد بڵێن کوردستان خاکی کورد نیەو کورد لە کوێوە هاتووە ئەبێت بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، هەندێک لە ناحەزانی تر مێژوو ئەشێوێنن و دەڵێن کورد بەهۆی گۆڕانی

کەش و هەواو وشکەساڵیەوە کۆچیان کردووەو لە کۆتاییدا لەنێوان کێوەکانی زاگرۆس و تۆرۆس و باکوری میسۆپۆتامیا واتا دۆڵی ڕافیدەین نیشتەجێ بوون و کردویانە خاکی خۆیان، نوسەریش هەیە کوردی بە قەرەج و کۆچەری و گەڕۆک لەقەڵەم ئەدات لە مێژووداو مەرامی دژ بە کورد پیشان ئەدەن.

لێکۆڵینەوە مێژوویی و ئەرکەلۆجیەکان ئەوە نیشان ئەدەن کە مرۆڤ پێش ٣ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لەسەر زەویدا هەبووە، سەرەتا مرۆڤ ئاسایی نەبوو، پاشان ساڵ لەدوای ساڵ زیرەکترو وریاتر بووەو لە ڕووی جەستەشەوە باشتر بوو، بەڵام نیو ملیۆن ساڵ پێش ئێستا مرۆڤ گەشتە قۆناغی هۆموساین، زانستی مرۆڤایەتیش ئەوەی سەلماندووە کەوا پێش سەد هەزار ساڵ مرۆڤی نیاردەتاڵ لە کوردستان ژیاوە، دۆزینەوەی ئێسک و پروسکی مرۆڤی نیاردەتاڵ لە ئەشکەوتی شانەدەرو باشوری کێوی برادۆست گەواهی ئەوە ئەدەن کەوا کوردستان خاکی باووباپیرانی کوردەو لەگەڵ دەستپێکی ژیانی مرۆڤایەتیدا کورد لە کوردستان ژیاوە، زانای ئەمریکیش ڕاڵف سولیکی ساڵی ١٩٥١_١٩٦١ ئەو ڕاستیەی سەلماند کەوا کۆنترین مرۆڤی نێردەتاڵ لە کوردستان دۆزراوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەرئەخات کەوا کوردستان لەسەرەتاوە پڕبووە لە خەڵک، هۆکارەکەشی ئەوە بووە کەوا شوێنەکانی تر بەهۆی سەرماوسۆڵەو سەهۆڵبەندانی زۆری ئەو کاتەوە ژیان تیایدا زۆر سەخت

بووەو زۆربەی زۆری ئادەمیزاد لە کوردستان کۆبووەتەوە، بەهۆی ئەوەی پلەی گەرما ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدا بووە ئیتر بەستەڵەک کۆتایی پێهات و دوای دۆزینەوەی کشتوکاڵ ئادەمیزاد لە هەموولایەکدا بڵاو بووەوە.

کورد وەک میللەتانی تر لە پێکهاتەی پێش خێڵەکیەوە دەستی پێ کردو پاشان بوو بە خێڵ، چەندین خێڵیش لەبەر بەرژەوەندی هاوبەش و مەترسیە دەرەکییەکانی ئەوکاتە لە دەوری یەک کۆبوونەوەو سەرەتای دروستبوونی گەلی کوردیان پێکهێنا، لە مێژووشدا کورد دەیان دەوڵەت و میرنشینی پێکهێنا وەک دەوڵەتی گوتی، لۆلۆیی،کاشی و میتانی و مانی و دوا دەوڵەتیش دەوڵەتی ماد بووە، لەدوای دەوڵەتی ماد کورد لە بۆشاییەکی سیاسی گەورە و گێژاوی بێ دەوڵەتیدا دەژی.

زەینەفوون کەسایەتی سەربازی و مێژونوسی یۆنان لە کتێبەکەیدا باسی کاردۆخی کردووە پلۆتارکیش مێژوونوسێکی تر بووە بە درێژی باسی ناوچەی جەزیرەو پاشاکانی کردووە، هیپۆلتۆسیش کەسایەتیەکی ڕۆمی بووە لە سەدەی دووەم و سێیەمی زاییندا ژیاوە باس لە کەشتەکەی نوح و شاخی کاردۆی کردووە، ئەبو حەنیفەی دینەوەریش کە خۆی کورد بووە ساڵی ۸۲۸ ز تاوەکو ۸۹٦ ز باس لە لەنگەرگرتنی کەشتیەکەی نوح لە شاخی جودی کردووە.

### ١.گەلی گۆتی

هاروەی ڕۆبنس ئەڵێت کورد لە نەژاتی گۆتین، گۆتیەکان بە باپیرە گەورەی تیرو هۆزو نەتەوەکانی ناوچەی زاگرۆس دادەنرێن، دواتر مادو کوردیان لێ پەیدا بوو، زۆربەی مێژوونوسان ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن کەوا ڕەچەڵەکی کورد بۆ گۆتیەکان ئەگەڕێتەوە، تۆمارە مێژووییەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن کە بە خەڵکانی باکوری خۆرئاوای لۆلۆییەکان وتراوە گۆتیەکان، خەڵکانێکی ئازاو شەڕکەر بوون و خودای ئاراپخیایان پەرستووەو گەورەترین زلهێزی ئەو سەردەمە بوون و ئیمبراتۆریەتی ئەکەدیان ڕوخاند، تەنانەت هەریەک لە سۆمەری و ئاشوریەکانیش لێی ترساون، ئاسەوارەکانی کەونارا باس لەوە ئەکەن کە وشەی گۆدەرز مانای گەورەی گۆتۆ ئەگەیەنێت، کەلهوڕیەکانیش خۆیان بە گۆدەرز ئەزانن، گۆرانیش لایان وایە دەچنەوە سەر گۆدەرزی کوڕی گیو، گودی یاخود گوتی کەوا لە جودیەوە نزیکە ئەوە دەرئەخات کەوا بە ناوی ئەو شاخەوە ناوی لێنراوە کەوا کەشتیەکەی نوح لێ نیشتەوەو لەنگەری گرت، هنری براست ئەڵێ لە کوردستانەوە خەڵکی بەسەر زەویدا بڵاوەیان کردووە، ڕۆبنسیش ئەڵێ خەڵکی کوردستان زۆربوون بە نێو ئەفریقاو سوریاو فەلەستین و باشوری ڕۆژئاواو قەفقاس و شوێنەکانی تر بڵاوبوونەوە، پرۆفیسۆر سپایزەریش سەلماندی کەوا کورد لە ڕەچەڵەکی گۆتین و شارستانیەتی سۆمەری دروست ئەکەن، دوکتۆر فوئاد خورشییدیش ئەڵێ ٤٣٩٠ ساڵ

لەمەوبەر گوتیەکان دەوڵەتیان هەبوو، بۆ ماوەی ١٢٥ ساڵیش ٢١ پاشای گوتی حوکمی باشوری عێراق و ئەکەدو سۆمەر ئەکەن و حوکمەکەشیان بە شوراو پەرلەمان بووەو بە هەڵبژاردن پاشایان هەڵئەبژارد، سەبارەت بە شارستانیەتی گۆتیەکان مێژوونوسان باس لەوە ئەکەن گۆتیەکان سەرۆکی هۆزیان بە لایەنی کەم بۆ ٣ ساڵ لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژاردووەو سەرۆکیان بە دەنگدان هەڵبژاردووە، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت گۆتیەکان بەشێک لە بنەماکانی دیموکراسیان پەیرەو کردووەو پێشکەوتوو بوون.

گۆتیەکان ساڵی ٢١٢٠ پ.ز لاواز ئەبن و کەسێک بەناوی ئوتوحیکالی سۆمەری دەسەڵاتی گوتیەکان لەناوئەبات، واتا دەوڵەتی گوتی لەسەردەمی نوحەوە تاوەکو ساڵی ٢١٢٠پ.ز درێژەی ئەبێت و دەرئەنجام دەڕوخێ و دەیان حکومەتی تری لێ دروست ئەبێت وەک زامواو عیلام و لۆلۆو سۆبارو هۆری و چەندین دەسەڵاتی بچوکی تر.

کاردۆخیەکانیش لە سەردەمی دووەمی (پ.ز) پاشایەکی بەهێزیان هەبوو ناوی کیزو بوو، ئەمین زەکی بەگ ئەڵێت کورد نەوەی کاردۆخیەکانن کەلە گۆتیەکان کەوتوونەتەوە.

## ٢.گەلی لۆلۆ

دەرکەوتنی لۆلۆییەکان لە کوردستان ئەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەم، بەزمانی ئەکەدی قسەیان کردووەو زیاتر کاریگەری ئاینی و داب و نەریتی ئەکەدیان هەڵگرتووە، ئەم گەلەش یەکێکە لە خێڵە کوردەکانی ئەوکاتەو بەردەوام داکۆکیان لەدەسەڵاتی گوتیەکان کردووە، پاش لەناوچوونی دەسەڵاتی گوتی ئەمانیش جۆرە بەڕێوەبردنێکیان بۆخۆیان هەڵبژرادو سەرپەرشتی ناوچەی خۆیان کردو چەندین پاشاو سوارچاک لێهاتوویان هەبووەو بەردەوام بەرگریان لە خاک و دەوڵەتی خۆیان ئەکرد بەرامبەر سۆمەری و ئەکەدی و ئورو ئاشوریەکان، لای ئاشوریەکان لۆلۆییەکان بە وڵاتی زاموا ناسراو بوو، ئەمین زەکی بەگ ئەم گەلە بە حکومەت ناوئەبات بەتایبەت دەسەڵاتیان بەسەر شارەکانی باشوری ئێستای کوردستان بەتایبەت کەرکوک و سلێمانی و شارەزورو هۆرێن و شێخان خورماتوو زەهاودا هەبوو، لەکۆتاییدا پاشای لۆلۆیی ئەنوبانینی بەرامبەر نەرامسین ئەدۆڕێت دەسەڵات لەدەست ئەدەن، ئێستاش ئاسەوارو جێماوێکی زۆر لەو ناوچانە جێماوە وەک تابلۆو داتاشراوی سەر بەردەکانی گوندی دەربەند بێلولەو قەسری شیرین و کرماشان و زەهاو، هەروەها جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینرێت لەنێوان جل و بەرگی لۆلۆیی و جل و بەرگی کوردیدا.

## ٣.گەلی کاشی (کاسی)

یەکێکە لە خێڵە کۆنەکانی کوردو لە ئەکەدیەکان کۆنترن، سەرەتا لە ناوچەی کرماشان بینراون بەڵام دواتر لە شاخی زاگرۆس ژیاون و ئێستاش ئاسەواریان ماوە، پاشان گەشتوونەتە خوار هەمەدان و لورستان، زمانیان لقێکی زمانی هیندۆ ئەوروپی بووە، تەها باقر ئەڵێت لەوانەیە ناوی کاشی یان کاسی لەناوی خواکەیانەوە هاتبێت کە بە مانای توانا دێت و کەوتونەتە نێوان گەلی گۆتی و لۆلۆبییەوە، لە دەقە ئەکەدیەکاندا بە کاشۆ ناویان هاتووەو عەقیدەیەکی یەکتاپەرستیان هەبووە، زۆر گرنگیان بە بیرکردنەوەو وتەو کرداری چاک داوە، کاشیەکان دەسەڵاتیان پەیدا کردوو دەوڵەتیان دروستکردو کەرکوکیان کردە پایتەختی خۆیان و تەنانەت ئاشورو بابلیشیان داگیر کرد، شارستانیەتی کاشیەکان زیاتر گرنگیان بە ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان داوەو ئێستاش قەڵای زەقورە لە باشوری عێراق بۆ سەردەمی کاشیەکان ئەگەڕێتەوە، تەنانەت بایەخیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و باج و ئابوری وڵات داوە، ئەمین زەکی بەگ ئەڵێت کاشیەکان سەدەی ١٨ پ.ز بابلیان زەوتکردو دەوڵەتێکیان لە بابل و ئەکەد دامەزراندو نزیکەی ٦٠٠ ساڵ حوکمیان کرد، تەنانەت هەندێک جاریش ژن و ژنخوازی ڕێککەوتن کەوتە نێوان فیرعەونەکانی میسرو کاشیەکانەوە، دەرئەنجام ٣٦ پاشای کاشی بۆ ماوەی ٦ سەدە حوکمیان کردو دواتر لەناوچوون و کۆتایی بەم دەوڵەتەش هات.

### ٤. گەلی سۆباری

ئەمانیش وەک کاشیەکان کوردن و بەهەمان شێوە لە چیاکانی زاگرۆس ژیاون و چەند دەوڵەتێکیان هەبووە بەڵام نەیانتوانیوە حکومەتێکی بەهێزی یەکگرتوو پێک بێنن. ناوی سۆباری ٣٠٠٠-٤٠٠٠ ساڵ پ.ز بە وڵاتێک وتراوە کە دەکەوێتە باکوری ئیلامەوە تا چیای ئەمانوس.

### ٥. گەلی میتانی

هێزێکی گەورەو بەهێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون و زمانی تایبەتی خۆیان هەبووە، لە سەرەتای سەدەی پازدەوە ناوی ئەم گەلەو پاشاکەیان دەرکەوت، شوێنی نیشتەجێ بوونیشیان خاکی کوردستان بوو بەتایبەت نێوان زێی خاپورو بەلیخ، تەنانەت پاشاکەیان براترنا توانی دەسەڵاتەکانی تاوەکو فەلەستین و حەلەب فراوانتر بکات، لەباشوریشەوە تاوەکو نزیکی کەرکوک، ژیانیان لەسەر ئاژەڵداری و دروستکردنی ئەسپ و عەرەبانەی جەنگی بووە، میتانیەکان نزیکەی ٢٠٠ ساڵ حوکمی دەوڵەتی ئاشوریان کرد، زمانی ڕەسمیان هوری بووە کە لە بنەڕەتدا زمانی ئاڤێستای زەردەشتیەو سوپایەکی زۆر بەهێزیان ئەبێت، لایەنی ڕۆحی میتانیەکان میترا پەرست بوون واتا خودای خۆر کە ناوی میتانی لێ وەرگیراوە، واتا بەناوی خواوەندەکەیانەوە ناونراون، پەیوەندیان لەگەڵ فیرعەونی میسردا توندوتۆڵ ئەبێت و ژن و ژنخوازیش لە نێوانیاندا دروست ئەبێت و

پاشـان شۆڕشـی ئەخنـاتۆنی میـسر کە بە بەناوبـانگترین شۆڕشـی میـسر ئەژمێردرێـت بەهـۆی ئەو کـچە کـوردەوە ڕوونەدات، تەنـانەت حەزرەتـی موسـاش سـەلامی خـوای لـێ بێـت لە لای ژنێکـی فیـرعەون گەورە ئەبێت کە لە ئەسڵدا کوردی میتانی و یەکتاپەرست بووە، بۆیە هەمیشە بازرگانی و پەیوەنـدیەکی زۆر بـاش لە نێـوان میتانیەکـان و فیرعەونیەکانتی میسردا هەبووەو تا ئێستاش زیاتر لە ١٠٠٠ نامە کە پەیوەندی بە کـوردەوە هەیە وەک ئاسـەوار لە میسر ماوەتەوە.

### ٦. گەلی مانی-ماننا

گەلێکی ڕەسەنی کوردن سەرەتاکەیان ئەگەڕێتەوە بۆ سەر گەلـی ڕەسـەنی گـۆتی و سـۆباری و لۆلـۆیی و نـائیری، ئاشوریەکـان یەکـەمجار لـە سـاڵی ٨٤٣ پ.ز ئامـاژەیان پێ کردوون و بە خەڵکەکەیان وتوە مـات مـەنای، مانـای زاراوەی مانی لە زمـانی میدیدا واتا هزر یاخود هۆش و زانـایی دێت، شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم گەلە دەوروبەری ورمێ و ناوچەی موکریان و تەنانەت سلێمانی و دیالەش لەژێر قەڵەمڕەوی دەوڵـەتـی مانیـدا بـووە، نـاوی پاشـاو لادێ و شـارەکانیـان وادەرئـەکەوێت کەوا بـە زمـانی کـوردی موکریـانی قسەیـان کردبێت و ڕۆڵێکـی گرنگیـان بینیوە لـە کوردسـتان، سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئەم گەلە دەگەڕێتەوە بۆ سـەدەی هەشـتەمی پێش زاین، ناوی ئەم دەوڵەتە بە چەندین شێوە هاتووە وەک مانا، مننا، منناش، مـانی، لە تەورات بە مننـی نـاوی هـاتوە،

پاشماوەکانیان لەناوچەی سەقزو بۆکانیش دۆزراوەتەوە، دەوترێت پایتەختی مانیەکان لەنێوان مهابادو سەقزو بۆتاندا بووە، بەداخەوە بوونی دەوڵەتی مانی لە سەرچاوە مێژوویەکان بەردەوام پشتگوێ خراوە، لە شوێنێکی تردا زۆرجار بە هوری و کاسی و گوتی باسیان لێوە کراوە، سوپای مانی و ئاشور زۆرجار هاوپەیمانیەتیان بەستووە بە تایبەت دژی بابل ڕێککەوتن، بەڵام هەردوو سوپاکە بەرامبەر بابلیەکان تێکشکان و هەواڵ گەشتە میدەکان ئیتر دەوڵەتی مادد جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست و سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی مادد بە سەرکردایەتی دیاکۆ دروست بوو، ژیانیان لەسەر کانزاو ڕستن و چنین و میوە بووەو پاشماوەیان لە مۆزەخانەکانی ئێراندا ماون، هەندێک سەرچاوەش باس لەوە ئەکەن بناغەی دەوڵەتی مادد بریتی بووە لە دەوڵەتی مانا.

### ٧. گەلی نائیری- ئوراتوو

ئەگەڕینەوە بۆ سەدەی ١٣ی پێش زایین، یەکێک بوون لە گەورەترین زلهێزەکانی ناوچەی میسۆپۆتامیا، وەک دەوڵەت شێوازی کۆنفیدراڵی بووە، واتا لە چەند ئەمارەتێک پێکهاتووە و پایتەختیان وان بوە، ئەوترێت ئەرمینیاش لە نێوان ساڵەکانی ١٥٠٠ تاوەکو ١٨٠٠ پ.ز دا بەشێک بوون لە وڵاتی نائیری و تەنانەت لە زمانی ئەرمەنیشەوە نزیکە، ژیانیان لەسەر کشتوکاڵ ئاژەڵ بەخێوکردن و پیشەسازی

برونز بووە، پاشای ئاشوری لە شوێنێکدا ئەڵێت لەیەک کاتدا لە گەڵ سوپای ٢٣ پاشای نائیریدا شەڕم کردووە، بەڵام پاش شەڕێکی درێژخایەن و پاککردنەوەی ئاشوریەکان لە کوردستان ئیتر بە هاتنی کوردە ماددەکان کە زۆر ئازاو بەهێز بوون ناوی نائیری وردە وردە نەماو دەوڵەتی میدیای کوردی جێگای گرتنەوە.

### ٨. دەوڵەتی مادد

دەوڵەتی ماد بە یەکەمین دەوڵەتی کوردی دادەنرێت لە مێژوودا، دوای ١٥٠ ساڵ حوکمڕانی دواتر لە لایەن دەوڵەتی هەخامەنشینەکانەوە ڕوخاو تا هەنوکەش کورد نەیتوانیوە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دروست بکات، مێژووی دەوڵەتی مادیش ئەگەڕێتەوە بۆ نێوان سالانی (٥٥٠.پ.ز – ٧٠٠ پ.ز) لە کوردستان، ماد یان مادا لە زمانی زاگرۆسی مانای مەزن یاخود گەورە دێت، میدەکان بەشێک لە نەتەوەی ئاری ئەژمێردرێت کەلە کۆچی ئاریەکانی و هیندۆئەوروپیەکان، فارسەکان و میدەکان پێکەوە هاتونەتە ناوچەکە، جوگرافیای میدیا ئەکرێت بە دووبەشەوە میدیای گەورە هەمەدان پایتەختی بووە دوەمیشیان میدیای ئازەربایجان بووە، سەرچاوە ئاشوریەکان زۆرجار میدەکان بە گوتی ناوئەبەن، گەلی ماد یەکێکە لە گەلە ڕەسەنەکانی کورد، لە سەرەتای حوکمڕانی بابلیەکاندا میدەکانیش دەسەلاتدار بوون و لە کۆی ٨٨ پاشا ٨٤ یان لە میدەکان بوون و تەنها دوانیان کلدانی بوون و زۆربەی بەڵگەکان ئەوە دەرئەخەن میدەکان

حوكمی بابلیان كردووەو دەسەڵاتدار بوون، بۆیە زۆرجار ڕابوردووی بابلی بە مید لە قەڵەم دراوە، بیرۆسۆس حوكمی میدەكان ئەگەڕێنێتەوە بۆ پێش هەزارەی سێیەمی پێش زاین، ماددەكان هاوپەیمانێتیەكیان لەگەڵ كلدانەكان دروست كردو توانیان ساڵی ٦١٢ پ.ز شاری نەینەوا داگیر بكەن و ئیمبراتۆریەتی ئاشوری بڕوخێنن و كۆتایی بە تەمەنی ئەم ئیمبراتۆریەتە بهێنن.

كورد ماوەیەكی دورودرێژ بە تایبەت زیاتر لە هەزار ساڵ لەژێر چەپۆكی زاڵمی بابل و ئاشورو ئەكەدو عیلامدا بوو بەتایبەت ئاشورو ئەكەدیەكان، هەرچی زوڵم و زۆرو تاڵانیە بەرامبەر كورد ئەنجامیاندا، تاوەكو سەرەتای سەدەی حەوتەمی پ.ز ڕیش سپیەك بەناوی دیاكۆ، دایكۆ، دیوك لە موكریان پەیدا بوو، دیاكۆ دیارترین حەكیمی ئەوكاتە بوو زۆر خەمی كوردی بوو، تەنانەت ناوبژی ئەو هۆزو خێڵە كوردیانەی ئەكرد كەلەسەر مەڕومالآت و لەوەڕو دەسەڵات ئەبوو بەشەڕیان، دیاكۆش ناوبژی ئەكردن، وای لێ هات هەركەسێك كێشەیەكی هەبووایە پەنایان ئەبرد بۆ دیاكۆی ڕیش سپی تاوەكو كێشەكانی بۆ چارەسەر بكات، ئەمیش بە ئاسانی بۆی چارە ئەكردن چونكە كەسێكی ئاینی و خوێندەوارو بە سیاسەت بوو، شارەزای زۆر شت بوو تەنانەت لەسەر دەورو دراوسێكانیش، دیاكۆ تەماشای كرد مەسەلەی كورد بە ناوبژی و بەم جۆرە چارەسەر نابێت، بیری كردەوە بۆچی خەڵك هەر بۆ كێشەی مەڕومالآت دێنە لای، بۆچی ئەم

خەڵک و خاکەی کوردستان دەوڵەت و فەرمانڕەوایی خۆی نەبێت، بێکەس و بێدەوڵەت بن و دوژمنانی کورد یاریان پێ بکات، بۆیە ماوەیەکی زۆر دیاکۆ مانی لەو خەڵکە گرت و داوای لەخەڵک کرد کەس نەچێتە لای بۆ ئەم مەسەلە لاوەکی و بچوکانە، کێشەو گرفتەکانی ئەو خەڵکە کەڵەکە بوو تا وای لێهات سەرۆک خێڵەکانی ئەوکاتە شارەزورو لوڕو بادینان موکریان پێکەوە ڕۆشتنە لای دیاکۆو لێی پاڕانەوە چارەسەری کێشەو گرفتی ئەو خەڵکە بکات، دیاکۆش لە وەڵامدا ئەڵێت پێم سەیرە گورگ لە ئێوە بەربووەو هەر ڕۆژەو لایەکتان لێ ئەکاتەوەو پارچە پارچەو سەرگەردانی کردوون و خوێنتان لێ ئەڕوات کەچی ئێوە بەم ئازارە نازانن؟ ئەبێت ئێوە بە ئاگا بێن و بزانن کێشەی سەرەکیتان چیە ئەوکاتە گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو ئەخۆن نەوەک بۆ گاو مانگا بێنە لای من، دیاکۆ ڕاشکاوانە پێی وتن ئەزانن ئێوە چیتان بەسەرهاتووە ؟ ئەزانن ئێوە ڕۆژانەو ساڵانە بەر هێرشی ئەکەدی و سۆمەری و ئاشوری ئەکەون و ژن و منداڵ و مەڕوماڵتتان ئەبەن و ئێوەش هەر خەریکی مانگاو لەوەڕو شتی لاوەکین، ئەی نازانن بۆچی دەوڵەت و سنورتان نیە ؟ سەرۆک هۆزەکانیش داوای ڕوونکردنەوەی زیاتریان کردو وتیان دەوڵەت هەر ئاژەڵداری نیە ؟ دیاکۆش وتری نەخێر، دەوڵەتداری بریتیە لە خاوەن خاک و سوپاو سنورو شارو چەم و دۆڵ، وتی وەرن با چیتر کەس تەعدامان لێ نەکات و مەڕو ماڵتتان بپارێزن، نەک لەسەر مانگایەک خەریکە یەکتری ئەبڕنەوە، سەرۆک هۆزو خەڵکەکە بە دیاکۆیان وت

ئێمە هیچ نازانین تۆ دەست پێ بکەو ئێمە پشتیوانتین، ئیتر دوای ماوەیەکی کورت دیاکۆ وەک سەرۆک هۆزەکان هەڵبژێردراو یەکەم شت کە دەستی پێ کرد سوپایەکی لە هۆزەکان دروست کردو پاشان پایتەختی حەوت شوراشی ڕاگەیاند، ئاڵای دروستکردو یاسای بۆ وڵاتەکەی دانا، هەندێک پێیان وایە ئەم دیاکۆیە کاوە بێت، ئاڵای کاویانی کردە ئاڵای دەوڵەتی ماد، ئاینی زەردەشتیش کرایە ئاینی ئەم دەوڵەتە، دیاکۆ یەکەم کەس بوو پەرلەمانێکی دیموکراسی لە سەرۆک خێڵەکانی هەرێمی ماد دروست کرد، سەرچاوەکان ژیانی دەگەڕێننەوە بۆ نێوان ساڵەکانی ٦٥٥ تاوەکو ٧٦٧ پ.ز، دیاکۆ توانی وڵاتەکەی لەدەست داگیرکەران بپارێزێت و ٥٠ ساڵ حوکمی کرد، پاشان کۆچی دوایی کردو کوڕەکەی جێگای گرتەوە. کۆرشی پاشایان دوایەمین پاشای مادد کە ناوی ئاستیاگ بوو لەناو بردوو دەسەڵاتیان لە ماددەکان سەندەوەو ئیتر دوای ئەوە فارسەکان بوونە دەسەڵاتداری ناوچەکە.

زۆربەی سەرچاوەکان ئەوە دەرئەخەن کە میدەکان خێڵێکی گەورەی کورد بوون و حوکمی کوردستان و میسۆپۆتامیایان لە زۆر سەردەمی جیا جیادا کردووە، تەنانەت دەوڵەتی ئاشوریان ڕوخاندووە تەنانەت ئەرمەنیەکانیش ژێردەستەی میدەکان بوون، لەگەڵ بزربوونی ناوی میدەکان ناوی کورد جێگای گرتووەتەوە، لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێت دەوڵەتی ماد بە چی زەحمەتێک و زیرەکیەک و لە لایەن چی حەکیمێکەوە

دروست بوو، چۆن توانی کورد لە کۆچەریەوە بکاتە نیشتەجێ و شارنشین و سوپاو حکومەت و دام و دەزگای بۆ دروست بکات، بەڵام بە داخەوە بە چی شێوەیەکی ئاسان لە کیسمان چوو ، هەوڵی زۆریش درا بۆ گێڕانەوەی دەوڵەتی مادد بەڵام هەوڵەکان لاواز بوون و هیچیان بەئاکام نەگەشت، ئەو هۆکارانەش کە هۆکاری ڕوخاندنی دەوڵەت ماد بوون بریتی بوون لە لاوازی سەرکردە ئاستیاگ و خەریک بوون بە ژیان و ئارەزوەکانی خۆیەوە، لەگەڵ گەورەیی و فراوانی سنوری دەوڵەت ماد کە نەتوانراوە کۆنترۆڵ بکرێت، بۆیە فارسەکان دەسەڵاتی خۆیان فراوان کردوو دەستیان گرت بەسەر زۆربەی ناوچەکاندا و زۆربەی لایەنەکانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاو دەوڵەتی مادیان روخاند، هەندێک سەرچاوەی تر باس لەوە ئەکەن سەرکردەی سەربازی دەوڵەتی ماد (هارپاک-هارباغۆس) لە دەوڵەتی ماد هەڵگەڕایەوەو بووە هۆی ئاسانکاری بۆ فارسەکان لەسەر لاوازکردن و لەناوبردنی دەوڵەتی ماد.

٩.هیتیەکان

ئەم نەتەوەیە نیشتەجێی باکوری کوردستان بوون، لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠ پ.ز ناویان هاتووەو خاوەن ئیمبراتۆریەتێکی بەهێز بوون لە باکوری خۆرئاوای کوردستان بەتایبەت بەشێک لە خاکی تورکیاو سوریاو عێراقی ئێستا ئەگرێتەوە، پایتەختی هیتیەکان شاری هاتوس بووە، پێش دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی هیتی خاوەن دەوڵەتی کۆنی خۆیان بوون بەتایبەت لە سەرەتای ساڵی ١٤٠٠ پ.ز بەدواوە خاوەن شارستانیەتێکی ئاڵۆزو پێشکەوتوو بوون و شوێنەواری هیتیەکان وەک قەڵا پتەوەکان و تێکست پاشماوەی تر لە باکوری کوردستان ماون و زمانەکەشیان کۆنترین زمانی هیندۆ ئەوروپی بووە و نوسینەکەشیان سیستەمی نوسینی میسۆپۆتامیایان بەکارهێناوە.

١٠.هوریەکان یاخود خۆریەکان

هوریەکان لە سەرەتاوە لە میسۆپۆتامیا ژیاون بە تایبەتی لە ناوچە جیاجیاکانی باکورو باشورو ڕۆژئاوای کوردستان و لە نێوان چیاکانی تۆرۆس و دەریاچەی واندا ژیاون، ناوەکەیان لەناوی خواوەندەکەیانەوە هاتووە کە ئەیانپەرست ئەویش خۆر بوو، خۆریەکان یەکتاپەرست بوون و تەنانەت حوکمی شاری کەرکوکیان کردووە، نەتەوەکانی مانی و میتانی و سوباری ڕەگەزەکانیان بە هوری دادەنرێت و جۆرە تێکەڵیەک لە نێوان ئەم نەتەوانەدا هەیەو خاوەنی

هەمان فەرهەنگ و کەلتوریشن، سیمبولی هوریەکان خۆرێکە لە نێوان دوو باڵداو ئەوە ئەگەیەنێت خۆرپەرست بوبێتن.

## ١١.دەوڵەتەکانی هەزەبان کوردیان

لەگەڵ ئاوابوونی خۆری دەوڵەتی مادو کزبوونی دەسەڵاتەکانی دوو دەوڵەتی تر بوژانەوەیان بەخۆوە بینی ئەوانەش دەوڵەتەکانی هەزەبان و کوردیان بوون، دەوڵەتی کوردیان لەبەرئەوەی سنوری بە ڕۆمانەکانەوە بوو بە ڕێژەیەکی کەمتر گەشەی ئەکرد، چونکە ڕۆمانەکان یەکێک بوون لە بەهێزترین دەسەڵاتەکانی جیهان و پاشا کوردەکان نەیانئەتوانی دەسەڵاتی خۆیان بەرفراوان و بەهێز بکەن و بەردەوام لە نێوان بەرداشی ڕۆمەکان و ئەشکانیەکاندا بوون، یەکێک لە پاشاکانی کوردیان ناوی حامورابی بووە، شوێنی نیشتەجێ بونیان جەزیرەی ئەمڕۆ بووە، مێژووی هەزەبانیش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٨ ی پ.ز، شوێنی دەسەڵاتی هەولێر بووەو لە هەردوو ئەرشیفی شەمشارەو ماری باسی لێوە کراوە، بەڵام ئاشوریەکان ڕویان کردە ناوچەکەو دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کەرکوک و سلێمانی و هەولێری ئەمڕۆدا سەپاندو خستیانە ژێر ڕکێفی خۆیان، هەزبانیەکان ماوەیەک لەژێر دەسەڵاتی موسڵمانەکاندا بوون بە تایبەت لەسەرەتای هاتنی ئیسلام، لەدوای سەدەکانی نۆهەمەوە هەزبانیەکان بوون بە

دەوڵەتێکی بەهێزو گەشانەوەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینی، هەندێ لە سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە ئەکەن هەزبانیەکان کورد نەبوون بەڵکو جوو یاخو ئاشوری بوون.

١٢.لیدیەکان

لیدیەکان خەڵکی باکوری ڕۆژئاوای تورکیای ئەمرۆ بوون، دراوسێی لۆڤیەکان و کاریەکان بوون، وڵاتەکەش پێی وتراوە لیدیا، لەسەدەی حەوتەمی زایینیدا لە ناوچەیەکی بچوکەوە بوون بە خاوەنی دەوڵەتێکی بەهێز بەتایبەت لەدوای لەناوچوونی دەسەڵاتی هیتیەکان و بوون بە دراوسێی میدەکان.

١٣.کاردۆخیەکان

بەشێک لە مێژوونوسان بنەچەو ناوی کورد ئەبەنەوە سەر کاردۆخیەکان، ئەم زاراوەیە لە وشەی کردای سۆمەریەوە هاتووەو وشەی خ بۆزیادکراوە، دانیشتوی کوردستانی باکور بوون و ژیانیان لەسەر کشتوکاڵ باخ و باخات بووە، یەکەمین ئامارژە بە کاردۆخیەکان لەلایەن سەرکردەیەکی یۆنانی بەناوی گەزنەفۆنەوە بووە، بەتایبەت کاتی گەڕانەوەی سوپاکەی بەرەو یۆنان بە دەهەزار سوارچاک و ئەسپ سوارەوە چۆن پێش گەشتن بە ناوچەی ئەرمەنستان بە توندی بەرەنگاری قورسی کاردۆخیەکان بووەتەوە.

### ١٤.ئیلامیەکان

کۆمەڵێکی هیندۆئەوروپین لە ئەوروپاوە بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان کۆچیان کردو لەوێ نیشتەجێ بوون، وشەی ئیلامی بۆ یەکەمین جار لە لایەن ئەکەدیەکانەوە بەکارهات، لە تەورات پێی وتراوە عیلام، ئیلامیەکان توانیان شارستانی میسۆپۆتامیاو هیند پێکەوە گرێ بدەن، ئیلامیەکان چەند خوایەکیان هەبووەو بۆ هەر خواوەندێک پەرستگایەکیان دروست کردووە، بڕوایان بە زیندووبوونەوەو سزاو پاداشت و ڕۆژی دوایی هەبووە.

### ١٥.ئیکیشیەکان

ئیکیشیەکان لە کوردستان ژیان، کاریگەری یۆنان و ئێرانیان پێوە دیار بوو، میرنشینێکیان بۆ خۆیان دامەزراند، لەناوچەکانی موکریان و ئازەربایجانی ئێران و ورمێو سەقز دەسەڵاتیان هەبووەو دەستیان بە پەلهاوێشتن کرد بەرەو هەولێرو کەرکوک، باوەڕیان بە سیحرو جادو هەبووەو بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانیان پەنایان بۆ سیحر بردووە، دیاردە سروشتیەکانیان پەرستووەو بەردەوام قوربانیان بۆ داوە، مردویان بە بۆن و بەرامی خۆش ئاوپرژێن کردوە تاوکو بۆن نەکات، دوای ٤٠ ڕۆژ لەگەڵ کەل وپەل و سامانەکەی ناشتویانن، پاشماوەی ئیکیشیەکان تا ئیستا لە سەقزو موکریان ماوەو ئەڵێن ئەم نەتەوەیە بوون بناغەی شاری سەقزیان داناوە، جلوبەرگیان نزیکە لە جلوبەرگی کوردیەوە بەتایبەت کڵاوو پشتوێن.

## کوردو سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام

زۆربەی سەرچاوە مێژوییەکان باس لەوە ئەکەن کەوا گەلی کورد تاکە نەتەوە بووە بێ زەبری شمشێرو بە ئارەزووی خۆی ئاینی ئیسلامی هەڵبژاردووە، گرنگترین هۆکاریش زوڵم و زۆری لەوەبەری ساسانیەکان و ڕۆمەکان بووە لەگەڵ پەیامی گەوری ئیسلام کە باس لە برایەتی و هاوپشتی و نەبوونی جیاوازی و پێست و نەتەوە بووە بەرامبەر خوای گەورە، کوردە زەردەشتییەکان لە ناوچە کوردیەکانەوە نوێنەری خۆیان نارد بۆ حیجازو بۆ ئەوە دڵنیابن لەو پێغەمبەرەی کە لە ئاڤێستادا ناوی هاتووە، تەنانەت کوردەکانی بۆتان و جەزیرەش کە ئەوکاتە گاور بوون بە نهێنی دوازدە کەسیان نارد بۆ حیجاز، هەموویان کە وەزعەکەیان بە چاوی خۆیان بینی و گەڕانەوەو مژدەی باشی و بێگەردی ئیسلامیان هێنایەوەو بەمجۆرە پێش هاتنی سوپای ئیسلام گەلی کورد ئیسلام بوونی خۆی ڕاگەیاند، تەنانەت ئینجیل و تەورات و ئاڤێستاش باس لە هاتنی پێغەمبەرێک ئەکەن کەوا گەلان لە ستەمی دەسەڵاتی داگیرکەران ڕزگار ئەکات، بە ئیسلام بوونی کورد گورزێکی گەورە بوو لە دەسەڵات و زوڵم و زۆری ساسانیەکان و ڕۆمەکان و فارسەکان کەوا گەلی کوردیان بەردەوام ئەچەوساندەوە، چونکە گەلی کورد ١٠٠٠ ساڵ بوو چاوەڕێی دەرفەتێکی وای ئەکرد کە لە ژێر دەستی داگیرکەران ڕزگاری ببێت، بەڵام بەداخەوە کاتێک کورد بوو بە ئیسلام هیچ ڕێکەوتنێکی لەگەڵ خەلیفەی ئیسلامدا

نەکردوو، هیچ ڕێککەوتنێک نیە لە نێوان کوردو ئیسلام تاوەکوو مافەکانی خۆی بپارێزێت، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کەوا گەلی کورد بەردەوام بێ سەردارو بێ پاشاو بێ خاوەن بووە، بەردەوام کوردستان لە نێوان ئیمراتۆریەکانی فارس و ڕۆمدا جێگای شەڕو پێکدادان بووەو هەرچی ناخۆشیەکانی شەڕ هەیە بۆ کوردو کوردستان ماوەتەوە.

حەمەدوڵا المستوفی مێژوونوسی ئیسلام لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (نزهە القلوب) ساڵی ١٣٣١ ز زاراوەی کوردستان وەک وڵاتی کوردان نوسیوە کە لە ١٦ ویلایەت پێکهاتووەو پایتەختەکەشی شاری بەهار بووە نزیک شاری هەمەدان، کاتێک عەبدولمەلیکی کوڕی مەروانیش بووبە خەلیفەی موسڵمانان حەجاجی کوڕی یوسفی سەفەقی کرد بە والی عێراق، حەجاجیش زۆر توندوتیژ بوو، کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی کردە سوتەمەنی سیاسەتە توندڕەوەکانی، کوردەکان تەنها لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز توانیان تۆزێک پشوو بدەن، دوایەمین خەلیفەی ئومەویی مەروانی کوڕی محمد دایکی کورد بووە کوردەکان بوونە پشت و پەناو کۆڵەکەی بەهێزی ئەم خەلیفەیە بەڵام دواتر عەباسیەکان هاتن و دەسەڵاتیان لێ سەندەوەو پشووی کورتی کورد کۆتایی هات، سوپای عەباسیەکان لەژێر سەرکردایەتی قوحتبەی خۆراسانی و عوسمانی کوڕی عەبدوڵا شارەزوریان گرت، کاتێک هارون ئەلڕەشید بوو بە خەلیفە کوردەکان هاوکاریان کرد

بەتایبەت بەرپەرچدانەوەی هێرشی بێزەنتییەکان بەڵام دواتر لەسەردەمی خەلافەتەکانی موعتسەمدا هەروەها لە نێوان ساڵەکانی ٨٤٥- ٨٧٥ ز کوردەکان توانیان چەند ڕاپەڕینێک دژ بە خەلافەت و دەوڵەت ئەنجامدرا وەک ڕاپەڕینی مساوری خەواریجی، ڕاپەڕینی کۆیلەکان، ڕاپەڕینی یەعقوبی کوڕی لەیسی سەفار ، ڕاپەڕینی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای هەزارمێردی و زۆربەیان داوای باشککردنی باروگوزەرانی کوردەکانیان ئەکرد، بەکورتی لەسەردەمی خەلافەتەکانی عەباسی کوردەکان توشی زوڵم و زۆرو ستەمێکی زۆرهاتن و نەیانتوانی بارودۆخی کوردو کوردستان چارەسەر بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین حکومەتی کوردی لەو قۆناغەدا دروست بوو، گرنگترینیان حکومەتی وادی ساڵی ٨٩٣ ز لە لایەن موحەمەدی ڕەوادی سەرۆکی هۆزی ڕەوەندی کوردی لە دەوروبەری شاری تەورێز بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوان بنەماڵەکەیەوە کۆتایی بەم حکومەتە هات، یەکێکی تر لەو حکومەتانە حکومەتی حەسنەوی بوو ساڵی ٩٤٢ ز لە لایەن سەرۆکی هۆزی بەرزیکانی حوسێنی بەرزیکانی لە ناوچەی شارەزوور، شەش ئەندامی ئەم بنەماڵەیە لە دەسەڵاتدا بوون، بەداخەوە دیسانەوە بەهۆی ململانێ ناوخۆییەکانەوە ئەم حکومەتەش ڕووخا، حکومەتێکی تریش هەیە بەناوی حکومەتی سالاری لە دەوروبەری ساڵی ٩٤٢ ز لە خۆرهەڵاتی ئازەربایجان دامەزرا لە لایەن سالاری کوڕی محمد ڕەوادی و شاری ئەردەبیلی کردە پایتەختی خۆی، بەداخەوە بەهۆی ناکۆکی

نێوان بنەماڵەکەیەوەو هێرشی ڕوسەکان و سەلجوقیەکان لاواز بوو دواتر ڕوخا، حکومەتی شەدادیش لە مێژوودا باسی لێوە کراوە دەوروبەری ساڵی ٩٥١ ز لە هەرێمی ئاران بە سەرکردایەتی موحەممەدی کوڕی شەداد دامەزارو بەهۆی کێشەو ناکۆکی نێو بنەماڵەکەیەوە لەناوچوو، لەهەرێمی جەزیرە و هەکاری حکومەتی دۆستەکی ساڵی ٩٨٣ ز بە سەرکردایەتی ئەبو عەبدولای حوسێن کوڕی دۆستەک دامەزراو شاری ئامەد کرا بە پایەتەختی ئەم حکومەتە، ١١٣ساڵ بەردەوام بوو تاوەکو ساڵی ١٠٩٦ ز پاشان بەهۆی هێرشی سەلجوقیەکان و شاڵاوی بیزەنتیە مەسیحیەکانەوە ڕووخا، حکومەی عەنازی بە سەرۆکایەتی ئەبولفەتح موحەممەد کوڕی عناز سەرۆکی هۆزی هازبنی کوردی ساڵی ٩٩١ ز دامەزراو بەهۆی ناکۆکی بنەماڵەکەی و لاوازی میرەکانیەوە لەناوچوو، حکومەتی شوانکارەش یەکێکە لەو حکومەتانەی ساڵی ١٠٢٥ زایینی لەهەرێمی فارس و لەدەرەوەی سنوری کوردستان بە سەرکردایەتی ئیسماعیلی شوانکارەی کوردی دامەزرا، بەڵام بەهۆی شاڵاوی بنەماڵەی ئیلخانیەوە ڕووخا، حکومەتی هەزبانیش ساڵای ١٠٢٩ ز لە لایەن ئەبولهیجای هەزبانیەوە دامەزراو هەولێر پایەتەختەکەی بوو، بەڵام بەداخەوە ساڵی ١١٣٢ ز بەهۆی ململانێ ناوخۆییەکانەوە دەستێوەردانی دەرەکیەوە بەتایبەت لەلایەن عەرەبەکانی موسڵەوە ڕوخا.

تەتەریەکانیش ساڵی ١٢٥٨ هێرشیان کردە سەر خەلافەتی عەباسی و تەخت و تاراجی خەلافەتەکەیان لەناوبردو دوایەمین خەلیفە عەباسی موستەعسەم بیللاشیان کوشت بەڵام لە دامێنی شاری هەولێر تێک شکان، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە کورد لە مێژوودا خاوەن توانا و هێزێکی گەورە بووەو ئەگەر لەناوخۆدا یەکگرتوو بن ئەوا ئەتوانن بەسەر هەموو هێزێکی دوژمن و دەرەکیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، هەرچەندە سەردەمی تەتەریەکان لە نێوان ساڵانی ١٢٥٨-١٣٣٥ ز سەردەمی جەورو ستەم بوو بۆ کوردەکان، تەیموری لەنگیش بەهەمان شێوە یەکێک بوو لەو زاڵمانەی کە دەسەڵاتی خراپی هەبوو بەسەر باشورو خۆرهەڵاتی کوردستان وزوڵم و زۆری لە گەلەکەمان کرد.

سەبارەت بە شەڕی چاڵدێرانی نێوان عوسمانیەکان و سەفەویەکانیش ساڵی ١٥١٤ ز سەرەتای قۆناغێکی نوێ دەستی پێ کردو کاردانەوە گەورەو تایبەتی لەسەر گەلی کورد دانا، ئەم شەڕە لە دۆڵی چاڵدیران لە خۆرهەڵاتی دەریاچەی وان و شاری تەورێزی پایتەختی سەفەویەکان ڕویداو بە شکستی سەفەویەکان و سەرکەوتنی عوسمانیەکان کۆتایی هات و تەنانەت شا ئیسماعیلی سەفەوی ناچارکرا ١٥٠٠ کم بەرەو قولایی وڵاتەکەی ڕابکات، هۆکاری سەرەکی ئەم شەڕە جگە لە هۆکارە سیاسی و بازرگانیەکان و نیشاندانی هێز بوونی ململانێی نێوان شیعەو سوننە بوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هۆکارێکی تری ئەم شەڕە بۆ ئەوە بوو

میرنشین و حکومەتە ناوخۆییەکانی کورد لەناوببەن و سنوری دەسەڵاتەکەیان بەرەو میسرو شام فراوان بکەن، عوسمانیەکان بە کۆمەڵێک پەیمان توانیان سەرنج و پشتگیری گەلی کورد بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، بەڵێنیان بە کورد دا دەسەڵاتی عوسمانیەکان تەنها ناو بێت و ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بهێنن ئەوا پشتگیری لە گەلی کورد بکەن هەروەها پارێزگاری لە سەربەخۆیی میرنشینە کوردەکان بکەن دەسەڵاتی میرەکان پشتاوپشت بێت لە باوکەوە بۆ کوڕ، بۆیە مەلا ئیدریسی بەدلیسی گەورەترین خزمەتی بە عوسمانیەکان کردو خاکی کوردستان بۆ ماوەی ٤٠٠ ساڵ کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە، واتا لەنێوان ساڵی ١٥١٥ ز تاوەکو ساڵی ١٩٢٣ ز، گرنگترین هۆکاری تر کە کوردەکان پشتگیری عوسمانیەکان بکەن ئەوەیە کە زۆربەی زۆری کوردەکان سوننە مەزهەبن و بەردەوام لە لایەن سەفەویەکانەوە دژایەتی ئەکران، هۆکارێکی تر ئەوەبوو هێزێکی تری گەورە نەبوو وەک دەسەڵاتی عوسمانیەکان تا پشتگیری بکەن و بچنە پاڵی و میرو هۆزە کوردیەکانیش بێ هێزیکی بیانی نەیان ئەکراو بەردەوام لە ململانێی ناوخۆیی و دژایەتیکردنی یەکتریدا بوون، ئەوەی لە ماوەی ٤٠٠ ساڵ داگیرکاری عوسمانیەکان بۆمان دەرکەوت ئەوەیە توانیان جوغرافیای کوردستان بگۆڕن وکورد لە شەڕوشۆڕو ژیانێکی ناخۆشدا بژین و عوسمانیەکان هیچ گرنگیەک بە بارو گوزەرانی کوردەکان نەدەن و هیچ خزمەتێک لەبواری ئابوری و پیشەسازی و زانست و خوێندن و

تەندروستی و ڕۆشنبیری و پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان نەدەن، بەڵکو کاریان ئەوەبوو خەڵک لە نەخوێندەواری و دواکەوتوییدا بهێڵنەوە، بۆ نموونە لە هەزار کەسدا یەک کەس خوێنەوار بوو، چاویان لەسەر ئەوە بوو باج و خەراج و سەرانە لە کورد بسێنن و ڕەوانەی ئەستەنبوڵی بکەن.

جەلەولا یاخود بە کوردی گوڵاڵە ساڵی ٦٣٧ ی زایینی پاشای هەڵهاتووی فارس کە ناوی یەزگورد بوو لە دەستی سوپای ئیسلام ڕایکرد، بە سەد هەزارکەسەوە لە جەلەولا گیرسایەوەو جەلەولاو حەلوانی کردە پایتەختی خۆی، مەرامی ئەم پاشا شکستخواردەی فارس جگەلەوەی ناوچەیەکی شاخاوی لە پشتیەوە بوو مەرامێکی تریشی ئەوەبوو شەڕەکە بئاڵێنێتە کوردستان، ئەیزانی ئەگەر گەلی کوردی لە سەر یەک ڕا کۆببنەوە ئەوا تا مردن بەرگری لە خاک و ئاوو نیشتیمانی خۆیان ئەکەن، بەڵام کورد خێرا لە مەرامی گڵاوی پاشای فارس حاڵی بوو، توانیان دۆست و دوژمنی خۆیان بناسن، ئەوەبوو لەچەند لایەکەوە کورد نوێنەری خۆیان نارد بۆ لای سوپای ئیسلام و پەیوەندیان بە ئیسلام و خەلیفە عومەری کوڕی خەتابەوە کرد، چونکە سوپای ئیسلام هێزی سێیەمی ئەوکاتە بوون بۆ کوردو ئەیانویست بەهەر شێوەیەک بێت لە زوڵم و زۆری فارسەکان و ساسانیەکان ڕزگاریان ببێت، خەلیفە عومەریش پێشتر ئازایەتی و نەبەردی کوردی بیستبوو بۆیە هەموو جارێک ئاگاداری سوپاسی ئیسلامی ئەکرد کەوا بەهیچ شێوەیەک

خۆیان لە شەڕی شاخ و کێوەکان نەدەن ئەگینا توشی زەرەرو زیانێکی زۆر ئەبن، فارسەکان گەورەترین خەندەقیان لە جەلەولا لێدا، ئەوەبوو سوپای ئیسلام لە مانگی مارسی ٦٣٧ی زایینی بەرەو جەلەولا کەوتە ڕێ و گەورەترین شەڕ لە نێوان سوپای ئیسلام و زلهێزی ئەوکاتەی فارسدا ڕوویداو لە کۆتاییدا فارسەکان بە ١٠٠هەزار کەسەوە بەرامبەر سوپای ئیسلام بە سەرکردایەتی قەعقاع دۆڕان، میهران کوڕی پاشای فارس و زۆر لە خزم و نزیکەکانی پاشاو میرەکانیش کوژران و کچێکی یەزگوردیش بەدیلی گیرا، جەلەولای شوێنێکی ستراتیژی گرنگەو نزیکە لە شاخ و دەشتاییەکانەوە سنوری نێوان کوردو عەرەبیشە، پێیان وابوو ئەگەر جەلەولا بشکێت ئەوا کۆنترۆڵی خانەقین و سەعدیەو حەلوانیش ئاسان ئەبێت، خچری بەگ ئەڵێ کۆتایی فارسەکان لە جەلەولا بوو، چوارڕێیانیش بوو بۆ ئازەربایبنجان و باب و شاخ و فارس، ڕۆژبەیانیش ئەڵێ کوردەکان لەتاو زوڵم و زۆری ساسانیەکان و فارسەکان هەموو شارو شارۆچکەکانیان بێ شەڕکردن و بە ئاشتی تەسلیم بە سوپای ئیسلام کرد، لەهەندێک شوێنیشدا کوردەکان بوون بە چاوساغی سوپای ئیسلام بەرامبەر فارسەکان، هەرئەمەش بوو وای کرد قەعقاع کەسێکی کورد بە ناوی سەعد (قوباد) بکات بە حاکم و جێگرەوەی خۆی، لەوانەشە هۆکارێکی تر بۆ ئیسلام بوونی کورد ئەوە بێت پیرشالیاری زەردەشتیش پێش ١٥٠ ساڵ لە هاتنی ئیسلام لە کتێبی ماریفەتنامە پێشبینی هاتنی پێغەمبەری ئیسلامی

کردووەو وتوویەتی ( مولْکی ساسان لەناودەچێت بەدەست عەرەبەوە، دوای وەسێتنامەکەشم بکەون و گوێڕایەڵ بن تا ئەوکاتەی وشترە سورەکە لە وڵاتی عەرەبەوە دێت)، وەک مێژوونوسەکان باسی ئەکەن گەلی کورد یەکەم گەل بووە بە ئاشتی موسڵمان بن، واتا لە شانزەهەمین ساڵی کۆچیدا لە دوای فەتحی حەلوان و تکریت کورد بێ شەڕکردن موسڵمان بوو، کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت ئەگەر هەموو شت بەزۆر بێت ئەوا بیروباوەڕو عەقیدە بەزۆر ناسەپێنرێت یاخود وەرناگیرێت، ڕەنگە میللەتێک لە ترسا باوەڕ بهێنن بەڵام هەر فرسەتێکیان بۆ ڕێککەوێت ئەوا پەشیمان ئەبنەوەو ئەیکەن بە ڕاپەڕینی سەرتاسەری، چونکە دەرکەوتووە فەتحی دڵ و بیروباوەڕ زۆر لە فەتحی وڵاتان گرنگترە، نمونەشمان بۆ ئەمە ئەوەی لە ڕێککەوتنی ئاشتی حودەیبیە دەستی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام کەوت لە زۆربەی زۆری شەڕەکانی وەک بەدرو فەتح و ئوحود دەستی نەکەوت، کەواتە ئیمان و بیروباوەڕ هەرگیز بە زۆرو زەبری شمشێر ناسەپێنرێت، بەڵکو ئارەزوومەندانە لە ڕێگای دیالۆگ و قەناعەتەوە وەرئەگیرێت.

هەندێک سەرچاوەی تر باس لەوە ئەکەن کورد ژێردەستەیی ساسانی و زۆری زوڵم و زۆرەکانی بەهەڵ زانیوەو بە هاتنی ئیسلام شۆڕشی بەرپاکردووە، بەڵام زۆربەداخەوە تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە لە نێوان سەردارانی کوردو سوپای ئیسلام، تەنانەت باس لەوە ئەکەن

کورد هەمیشە بە سۆز بیری کردووەتەوە نەوەک بە عەقڵ، زۆر عاتفـانە یـارمەتی ئەم و ئەوەی داوەو جێگایـان بـۆ کردوونەتەوە بەڵام دەرئەنجام زیانی گەورەیان بە کورد گەیاندووە، لە نێوان تەراتێنی فارس و ڕۆم و سوپای ئیسلام نزیکەی نیو ملیۆن کورد لەسەر خاکی خۆی کوژراوە، تەنانەت کورد تاقە شەڕێکی گەورەی نیە کە مێژوو باسی بکات، زۆربەی کات بەشداری شەڕەکانی ئیسلام و ئەم و ئەوی کردووە لەسەر خاکی کوردستان و لە کۆتاییدا هیچی بۆ نەماوەتەوە، سەرەرای ئەمەش هیچ کاتێک کورد بەرامبەر سوپای ئیسلام شەڕی نەکردووە. مەسعود محەمەد ئەڵێت کورد زۆر خۆشحاڵ بووە بە هاتنی ئیسلام تاوەکو لە زوڵم و زۆری فارس و ڕۆمەکان ڕزگاریان ببێت، هەندێک لە مێژونوسانیش باس لەوە ئەکەن کورد پێش هاتنی ئاینی ئیسلام ملی بۆ هیچ گەل و نەتەوەیەک دانەواندووە، بەڵام کە ئیسلام هات سەری بۆ دانەواند.

## کوردو کوردستان

زاراوەی کوردستان بۆ یەکەمین جار سوڵتان سەنجەری سەلجوقی ساڵی ١١٥٠ ز وەک هەرێمی کوردەکان بەکاری هێناوە، پایتەختەکەشی شاری بەهار بووە لە ڕۆژهەڵاتی کورستان، سەیری کتێبی نزهە القلوبی حمدللە مستوفی بکە کە لە ساڵی ١٣٣٥ تاوەکو ١٣٤٠ ز نوسیویەتی و دەڵێت کوردستان لە ١٦ ویلایەت پێک هاتووە و هاوسنورە لەگەڵ خۆزستان و عێراقی عەرەبی عەجەمی و دیاربەکرو ئازەربایىنجان، دواتریش مارکۆپۆلۆ گەریدەی ئیتالی ساڵی ١٢٥٤ ز - ١٣٢٣ ز یەکەم کەس بووە کە ناوی ( کاردستان ) ی وەک وڵاتی کوردان بەکارهێناوە، خاکی کوردستان نزیکەی دووسەد هەزار میل چوارگۆشەیە، لە ڕووی ئاینیەوە کوردەکان زۆربەیان سوننی مەزهەبن و لەسەر ڕێچکەی ئیمامی شافیعی ئەڕۆن، کوردستانیش وڵاتێکی گەورە بەرفراوان دڵڕفێنەو دانیشتوانەکەشی بە کورد ناسراون، چیای زۆر سەربەرزو دەشت و دۆڵ و خاک و ڕوبارو ئاوو خاکێکی بەپیتی هەیە، لەبەر ئاوارەیی و دەربەدەری گۆڕینی شوێنی دانیشتوان لە لایەن وڵاتانی سەردەستەی کوردستانەوە زۆر زەحمەتە سنوری کوردستانی گەورە ڕێک و ڕەوان و بێ کێشە دیاری بکرێت، بەڵام بەشی هەرەزۆری کوردستان بەر تورکیا کەوتووە، بەشێکی گەورەش خراوەتە سەر ئێران، بەشی سێیەمیش بەر عێراق کەوتووە، پارچەیەکیش بەزۆر لکێنراوە بە سوریاوە، حەمدەڵای مستەوفی(١٢٨١ ز- ١٣٤٩ز) ئەڵێت سەنتەری دەسەڵاتی

کوردستان لـه سـەدەی ١٤ شاری بـەهـار بـووە نزیک شـاری هەمەدان.

خودی زاراوەی کوردستان لـه دووبـەش پێک هـاتووە کورد مانای نەتەوەی کورد ئـەگـەیـەنێت، ستان بە مانای هـەرێم دێت، پێکەوە واتـا هـەرێمـی کـوردان، کوردستان لـه کۆنـدا لەلایەن گەلان و نەتەوەکانی ترەوە بە چەندین شێوە وتراوە سوبیرو سوبارتۆ،کوتی، گوتی، جودی لای سۆمەریـەکان زاموا لای ئاشوریەکان، کۆتیوم لای ئەکەدی و کاشی و عیلامیەکان، کاردۆ لای سریانیەکان، کوردۆنیس، کاردۆخی، کاردوک لای یۆنانیەکان، بلاد الجبال، کرد، کاردوی، جودی، جوردی لای عـەرەبـەکـان، کوهـستان، کـورتش، کـارا، کورتیـوی لای فـارسـەکـان، عـیلاتم لای تورکـەکـان، کـوردوئین، کـەرخـی، کورخی، کورتیخ لای ئەرمەنیەکان.

بەگـوێرەی کتێبـی شـەرەفنامە سـنوری کوردستان بەم شێوەیە لـه شیمالـەوە کۆماری ئەرمەنستانی سەر بە ڕوسیا.

لە ڕۆژهەڵاتـەوە ئازەربایـنجـانی ئێران و عێراقـی عەجەم و مەڵبەندی فارس.

لە جنوبەوە خۆزستـانی ئێران و عێراقـی عەرەب و چۆلی شام(لیوای دێرزۆر)

لە خۆرئاواوە ڕوبـاری فورات و بڕێک لە ویلایـەتی شـەرقی ئەنادۆڵ

لە ویلایـەتـی قەوقـازیش کـوردێکی زۆر هەن و ڕێژەیـان دەوروبەری نیو ملیۆن ئەبێت.


ڕوبەری کوردستان لە ٥٤٦٢٦٤ کم دوجایە لە ٣٠% خـاکی تورکیاو لە ١٧% خاکی عێراق و لە ١٣% خـاکی ئێران و لـه ١٠% خاکی سوریا پێک دێنن، دانیشتوانی کوردستانیش لـه

٨٥% کوردن و لە ١٥ % نەتەوەکانی تر پێ دێنن وەک تورک، عەرەب، فارس، ئازەری، ئەرمەن، ئاسوری، بەرزترین چیای کوردستانیش شاخی ئاراراتە و گرنگترین دەشتەکانیش شارەزورو لورستانەو جەزیرەو ئەنادۆڵیش لە گرنگترین دەشت و بانەکانی کورستانن.

سەبارەت بە ژمارەی کورد تا ئێستا ئامارێکی ڕێک و پێک نیەو هەمیشە داگیرکەرانیش سەرژمێریەکی ڕاست و دروستیان نەداوە بە دەستەوەو هەمیشە کەمیان وتووە، بەڵام سەرچاوەکان باس لەوە ئەکەن کورد پێش جەنگی جیهانی یەکەم نزیکەی ٣ ملیۆن بووەو ئێستاش ژمارەی کورد لە نێوان ٤٠ تا ٥٠ ملیۆن کەس ئەبن لە هەرچوار پارچەی کوردستان، سەبارەت بە ڕەگەزی کوردیش هەندێک سەرچاوە ئەڵێن کورد ئاریە، بەڵگەی بەهێزی ئاری بوونی کورد نوسراوەکەی گەزنەفۆنی یۆنانی و مێژوونوسانی یۆنانیە کە چۆن هاتوونەتە ڕەواندزو دەرسیم و لەوێ چاویان بە کاردوخیەکان کە کورد بوون کەوتووە، هەندێک جاریش کورد بە گۆتۆ ناسراوە واتا ئازاو شەڕکەر، ئاشوریەکان بە گۆتۆیان وتووە کاردۆو کاردۆخیەکانیش تێکەڵی ئاری بوون، هەندێک لە زانا یۆنانیەکانیش بە ڕۆژهەڵاتی ئێران واتا خوراسان و ئەفغانیان ئەوت وڵاتی ئاریانە، بەڵام باوکی مێژوو هیرۆدۆتە زۆر بە دڵنیاییەوە باس لەوە ئەکات کە ڕۆژهەڵات و خۆرنشینی ئێران مەڵبەندی ئاریەکان بوون و خەڵکی میدیاش بێگومان ئاری بوون.

گەلی کورد بە هەموو لەهجەکانیەو بە تایبەت کرمانج و گۆران لورو کەڵوڕ لەو گەلە ئاریەوە دروست بوون و زمانێکە شەشسەد ساڵ بەر میلادیش هەر زمانێکی سەربەخۆ بووە بەتایبەت لەو سەردەمەوە کە میدیەکان هاتونەتە ئێران و گەلی کوردیش لە کوردستان دامەزراوە.

ماددەکان کە باوو باپیرانی کوردن هێزێکی بەشەری گەورە بوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو بەردەوام لە گەشەدا بوون، ژن و ژنخوازیش لە نێوان ماددەکان و شارستانیەتی میسر بە تایبەت فیرعەون دروست بوو، ئەوەبوو نفرتیتی کچی پاشایەکی کورد بوو مێردی بە فیرعەون بارەتارنا کردو شارستانیەتی کوردو میسر بە یەکتر ئاشناکردو لە دواییدا شۆڕشی ئەخناتۆن لە کوردستانەوە دەستی پێکرد. وێنەی خوارەوە وێنەی نفرتیتی کچی پاشایەکی کوردەو مێردی بە فیرعەون کردووە.



کوردستان لە ڕابوردودا لە لایەکەوە هەمیشە مەڵبەندی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بووە لە لایەکی ترەوە شوێنی لەدایکبوونی ئاینە ئاسمانیەکانیش بووەو هەمیشە گەلانی تری ناوچەکە چاوی پیلانگێڕی و تەماعیان لە کوردستا بووە بەتایبەت فارسەکان و عوسمانیەکان، بەردەوام هەوڵیانداوە کوردستان بخەنە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی خۆیانەوەو خۆیان حوکمی کوردستان بکەن، بۆ نمونە شەڕی چاڵدێرانی نێوان سەفەویەکان و عوسمانیەکان بووە هۆی دابەشکردنەوەی کوردستان لە نێوان خۆیانداو گورزێکی کوشندەیان لە کوردو کوردستان دا، سنوری کوردستان تاوەکو ساڵی ١٥١٤ز کە بەشەڕی چاڵدێران ناوبانگی دەرکردووە لەژێر کۆنترۆڵی سەفەویەکان بوون بەڵام پاش ساڵی ١٥١٤ز دۆڕانی سەفەویەکان بەرامبەر عوسمانیەکان زۆربەی زۆری ناوچە کوردیەکان کەوتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە، هەرچەندە پێش شەڕی چاڵدێران عوسمانیەکان بەڵێنی نیمچە سەربەخۆییان بە میرنشینە کوردیەکان بەتایبەت مەلا ئیدریسی بەدلیسی داو هەر میرێک فەرمانڕەوایی میرنشینەکەی خۆی بکات بە مەرجێک باج بە دەوڵەتی عوسمانی بدەن و لەکاتی هەر شەڕێکدا هاوکاری عوسمانیەکان بکەن، مەبەستی عوسمانیەکان ئەوە بوو لەڕێگای میرنشینە بچوکەکانەوە کورد پارچە پارچە بکەن و دوژمنایەتی بخەنە نێوانیانەوەو هەر میرنشنێک کار بۆ خۆی بکات، بۆیە عوسمانی و سەفەویەکان بەردەوام وا سەیری کوردیان کردووە کە غەنیمەو کەرەستەی جەنگ بن، پاش

سەرکەوتنی عوسمانیەکان و بەهێزبونی خەلافەتەکەیان لە هەموو بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەزبوونەوەو کەوتنە قڕکردن و لەناوبردنی گەلی کورد، کاتێکیش خەلافەتە نەخۆشەکەی عوسمانیەکان هەڵوەشایەوە بەپێی ڕێککەوتننامەی سیڤەر ساڵی ١٩١٩ کورد فرسەتێکی باشی لەبەردەمدا بوو کەوا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دروست بکات، بەڵام ئەمجارەش بەرژەوەندی و چاوچنۆکی دەوڵەتە زلهێزەکان نەیهێشت کوردستان ببێتە خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆی و پەیماننامەی لۆزان ساڵی مۆرکراو پشت لە داوا ڕەواکانی گەلی کورد کراو موسڵ خرایە سەر سەر دەوڵەتی عێراق بەمەرجێک مافی کەلتوری گەلی کورد بپارێزرێت و بدرێت بە دانیشتووانی کورد خۆی، ساڵی ١٩١٨ شێخ مەحمودی مەلیک نامەیەکی نارد بۆ شانشینی بەریتانیاو داوای لێکردن کوردستان لەژێر ئیرادەی هیچ گەلێکی تردا نەبێت و موسڵیش نەخرێتە سەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق، بەڵام داواکاریەکانی شێخ مەحمود پشتگوێ خراو فەرەنسا وازی لە موسڵ هێناو کۆنگرەی نێودەوڵەتی لۆزان ساڵی ١٩٢٣ ئیمزاکرا، ویلایەتی موسڵ خرایە سەر عێراق و داواو مافە ڕەواکانی کورد پشتگوێ خرا، هەرچەندە بەریتانیا هەوڵیدا هەندێک مافی کورد لە دەستوری عێراقی ساڵی ١٩٣٢ بچەسپێنیت، بەڵام ئەو مافانە وەک نوسینی سەر بەفر لە واقیعدا توانەوەو دەوڵەتی عێراق کەوتە گیانی کوردو ئاشوری و یەهودیەکان، بۆ نموونە قەتڵ و عامی ئاشوریەکان ساڵی ١٩٣٣ ، ساڵی ١٩٤٨ دەربەدەرکردنی یەهویەکان، ساڵی

۱۹۷٤ کوشـــتنی یەزیـــدیەکان، ســـاڵی ۱۹۸٦ بەدواوە ئەنفـالکردنی ۱۸۲ هەزار کـوردو کیمیابـارانکردنی شـاری هەڵەبجە.

جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەساڵی ۱۹۷۰ بەهێزو خاوەنی تواناکانی خۆی بوو، مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لەچوارچێوەی عێراقدا ئیمزاکراو لەماوەی چوارساڵدا ئەبوایە جێبەجێ بکرایە بەتایبەت هەندێک مافی وەک زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی بەفەرمی دانی پیادا بنرێت بەتایبەت لەو ناوچانەی کورد زۆرینەن، بەشداری کورد لە حوکمڕانی و حکـومەتی نـاوەندیـدا، خوێنـدن بە کـوردی، یەکێـک لە جێگرەکانی سەرۆک ئەبێت کورد بێت و بەرپرسان کارمەندان لەو جێگای کورد زۆرینەیە ئەبێت کورد بن یان کوردی بزانن، کوردە ڕاگوێزراوەکان بگەڕێنەوە بۆ ئەو جێگایانەی کە لێوەی هـاتوون، کوردەکـان خـاوەنی ڕێکخـراوی پیـشەیی وەک لاوان و خوێنـدکاران و ژنـان و مامۆسـتایانی خۆیـان بـن، دابینکردنی بوجەیەکی تایبەت بۆ ئەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕەوشی ئابوری گەلی کورد بەرز بکرێتەوە، یەکسانی کوردو عەرەب ئەبێـت بەفەرمـی دانـی پیـادا بنرێـت و ڕیفـۆرمی زەویش ئەنجام بدرێت، ئەمەو چەندین خاڵی گرنگی تر کە دەکـرا جـوڵانەوەی سـاڵی ۱۹۷۰ لە باشـوری کوردسـتان بە ئاقارێکی تەندروست و باش و بەهێزدا ببرێت و بنەماکانی شۆڕش تونـدوتۆڵتر بکـات و هـیچ ڕەشـەبایەکی داگیرکـاری نەیڕوخێنێـت بەڵام سـەد مەخـابن ئەم جـوڵانەوەیە بە

سەرکردایەتی مەلا موستەفای بارزان و لەسەر دەستی هەردوو دەوڵەتی ئەوکاتەی عێراق و ئێران بە گوێرەی ڕێککەوتنامەی جەزائیرو پشت کردنە گەلی کورد لەلایەن وڵاتە زلهێزەکلانی وەک ئەمریکا جوڵانەوەکە تەمەنی کورت بوو، پاش چەند ساڵێکی کەم واتا ساڵی ١٩٧٤ شەڕێکی کراوە لە نێوان حکومەتی عێراق و کورد هەڵگیرساو مەلا موستەفا هاوکاری سەربازی لە شای ئێران وەرگرت بەڵام بەرژەوەی ئێران و عێراق لەوەدا بوو پشت بکەنە گەلی کورد ئەوە بوو ٦ مارسی ساڵی ١٩٧٥ سەدام حسێن و شای ئێران ڕەزا پەهلەوی لە جەزائیر بە سەرپەرشتی شای ئوردن و سەرۆکی میسر ڕێککەوتنامەیەکیان ئیمزاکردوو جوڵانەوەی گەلی کورد وەک بەفر هەرسی هێناو مەلا موستەفا دیارنەماو ئاشبەتاڵی کوردی لێ کەوتەوەو کورد لە ڕێککەوتنامەی جەزائیر گەورەترین زیانی لێ کەوت، ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی جڵەوی پارتی دیموکراتی کوردستانیان گرتە دەست و بەڕێز جەلال تاڵەبانیش کە لە سوریا بوو لەگەڵ هاوەڵەکانی یەکێتی نیشتیمانی کورستانیان ساڵی ١٩٧٥ دروست کرد.

## ئەو فەرمانڕەوا کوردانەی ئاڵای سەربەخۆییان هەڵکردووە

لە دوای سەدەی ١٦ بەدواوە سەفەوی و عوسمانیەکان خاوەن دەسەڵاتی تەواو بوون لە خۆرهەڵات، ئیمارەت و دەسەڵاتە کوردیەکانیان لە نێوان خۆیاندا بەشکرد کە هەریەکەیان لەسەردەمی جیاوازدا دەسەڵاتدارو حوکمڕانی ناوچەکانی خۆیان بوون، هەندێک جار نیمچە سەربەخۆ بوون و هەندێک جاری تریش هەوڵی سەربەخۆیی تەواویان ئەدا، بۆ نمونە بنەماڵەی زەندیە کوردیەکان بە سەرۆکایەتی کەریم خانی زەند لە نێوان ساڵەکانی ١٧٥٠ ز- ١٧٩٤ حوکمی هەموو ئێرانیان کرد، فەرمارەوایانی برادۆستیش بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوایی کورستانیان کردو بەرەنگاری دەسەڵاتدارانی سەفەوی بوونەوەو داستانی قەڵای دمدمیان بۆ خۆیان تۆمار کرد، پاش گەمارۆو بەرگرییەکی سەخت لە لایەن دانیشتوانی قەڵاکەوە بەرامبەر دوژمنان دواجار ساڵی ١٦٠٨ ز قەڵاکە گیراو دانیشتوانی قەڵاکەش زۆربەیان لەناوبران، بەم شێوەیە هۆزی برادۆست مێژوویان بۆ خۆیان و نەوەی داهاتوو تۆمار کرد چونکە مردنیان لا پیرۆزتر بوو وەک لە ملکەچی بۆ دوژمنان. بەداخەوە هەموو دەسەڵاتدارو ئیمارەتەکان بەردەوام لە لایەن سەفەوی و عوسمانیەکانەوە گورزی کوشندەیان بەرکەوتووە وەک لوڕ، سۆران ، بابان ، کەڵهوڕو، ئەردەڵان، بەدرخان، بادینان، هەکاری، بۆتان، جەزیرە،.....هتد، ئێستاش بە کورتی باسی هەندێک لەو فەرمانڕەوا کوردانە ئەکەین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاڵای

سەربەخۆیی تەواویان بۆ کورد هەڵکردووە، بریتین لەمانەی خوارەوە

١.فەرمانڕەوایانی جەزیرەو دیاربەکر. حکومەتەکەی لە لایەن ئەحمەدی کوڕی مەروانەوە دامەزرا لە دەوروبەری ساڵی ٩٣١.ز. ئەحمەدی کوڕی مەروان ٨٠ ساڵ ژیاو پەنجاودوو ساڵ پادشای دیاربەکرو جەزیرە بووەو زۆر ژیانی خۆش بووە. پاش مردنی ئەم پاشایە کوڕەکەی نەسرودەولە جێگای گرتەوە، لە تەمەنی ئەم فەرمانڕەواییەدا چوارکەس لەم بنەماڵەیە ٩١ساڵ فەرمانڕەوا بون، بە نەمانی مەنسوری کوڕی نەسرودەولە ئەم فرمانڕەوایەش لەناوچوو.

٢.فەرمانڕەوایانی دینەوەرو شارەزور کە بە حەسنەویە ناسراوە. میر حوسێنی بەرزیکانی سەرۆک کۆمار بووە لە شارەزور، ساڵی ٣٣٠.ک دەستی بە داگیرکردنی وڵاتانی تر کردو وڵاتی خۆی بەرفروان کرد، نزیکەی چل و نۆ ساڵ حوکمڕان بوو پاشان کۆچی دوایی کردو بەدری کوڕی جێگای گرتەوە.

٣. فەرمانڕەوایانی لوڕی بچوک. هەتا ساڵی ١١٥٥.ز لوڕەکان سەرداری خۆیان نەبووەو لەژێر فەرمانی خەلیفەی بەغداد بوون، پاشان سەردارێکی ئازا بە ناوی شوجاعەدین پەیدا ئەبێت و فەرمانڕەوایی لوڕستانی بچوک دائەمەزرێنێت. شوجاعەدینیش دوو کوڕی خۆی بەناوی بەدرو

حەیدەر سەرکردایەتی لەشکرو سوپاکەی ئەکەن و چەندین سەرکەوتن بۆ کورد بەدەست دێنن.

٤.فەرمانڕەوایانی فەزلەوییە کە بە لوڕی گەورە ناسراوە. مەڵبەندی لوڕستان ئەکرێت بە دوو بەشەوە لوڕی گەورەو لوڕی بچوک، فەرمانڕەوای لوڕی گەورە ناوی بەدر بووە، لوڕستانی بچوکیش برابچوکەکەی بوو بە ناوی ئەبو مەنسورو چەندین ساڵ حوکمڕان بوون.

٥.فەرمانڕەوایانی میسرو شام کە بنەماڵەی ئەیوبی ناسراوە. پادشایانی بە ڕەچەڵەک ئەگەڕێنەوە سەر شادی کوڕی مەروان کەلە هۆزە کوردەکانی ڕەوەندن لە گوندی دوین، لەپاش نەمانی شادی کوڕی مەروان نەجمەدین ئەیوب جێگای ئەگرێتەوەو ئەمانیش چەندین ساڵ حوکمڕانی ئەکەن. پادشایانی دەوڵەتی ئەیوبی لە بناغەدا کورد بوون و جێگەو ڕێگای کورد دیارو لەبەرچاو بوو لە نێو دەوڵەتی ئەیوبی کوردیدا، تەنانەت سەلاحەدینی ئەیوبی کە خۆی لە هۆزی هەزبانی گوندی ئەوین لەدایک بووە هەندێک سەرچاوەی تر باس لەوە ئەکەن گوندی ئەوین سەر بە شاری هەولێرە نەک ئازەربایجان، سەلاحەدینی ئەیوبی بە دەستنووسی خۆی بڕیارێکی بۆ زانکۆی ئەزهەر دەرکرد تیایدا نوسیویەتی هەر کوردێک بیەوێت لە زانکۆی ئەزهەر بخوێنێت بێ بەرامبەر ئەرکی لەسەر دەوڵەتە تاوەکو زانکۆ تەواو ئەکات، ئەم بڕیارەی سەلاحەدینی ئەیوبی لە جامێکی شوشەدا هەڵگیراو تاوەکو ساڵی ١٩٨٠ کاری پێ ئەکرا،

باپیرەی سەلاحەدینی ئەیوبیش کە ناوی نەجمەدین بوو پێش ڕۆشتنی سەلاحەدین بۆ میسر وەسیەتی بۆ شێرکۆو سەلاحەدینی ئەیوبی کردبوو، ئەڵێت وەسێتێکتان بۆ ئەکەم تکایە بە قسەم بکەن، ئێوە ئەڕۆن بۆ میسرو دەسەڵات ئەگرنە دەست، تکایە متمانە تەنها بە کورد بکەن، چونکە ئەوانی تر دڵسۆزتان نین و لە ناوتان ئەبەن، بەڵام بەداخەوە دوای مردنی سەلاحەدینی ئەیوبی وەسیەتەکەی باپیرە نەجمەدین لە لایەن تۆران شاوە شکاو متمانەیان بە تورکەکان کرد، ئەوانیش پیلانیان بۆ داناو تۆران شایان کوشت و کۆتایی بە دەوڵەتی ئەیوبی هات و مەمالیکە تورکەکان جێگایان گرتەوە، دەسەڵاتیان گرتە دەست تاوەکو دروستبوونی خەلافەتی عوسمانیەکان، دەسەڵاتیان بۆ ماوەی ٦٢٢ ساڵ گرتە دەست و حوکمڕانی جیهانی ئیسلامیان کرد.

## میرنشینە کوردیەکان

### ١. میرنشینی ئەردەڵان

شەرەفخانی بەدلیسی ئەڵێت بابە ئەردەڵان لە بنەماڵەی ئەحمەد مەروانە کە دەوڵەتی مەروانیەی کوردی لە باکوری کوردستان شاری دیاربەکر دامەزراند، بابە ئەردەڵان ڕوویئەکاتە شارەزوور بۆ ناو تیرەی گۆران، لەوی ئەمێنێتەوەو ناوبانگ دەرئەکات و خەڵکەکەش پشتگیری ئەکەن و میرنشینی ئەردەڵان لە شارەزور باشوری کوردستان لەساڵی ٩٨٣ ز دائەمەزرێنێت، بەڵام میستەر ڕیچ ئەڵێت بابە ئەردەڵان خۆی هەر خەڵکی شارەزوورە.

میرنشینی ئەردەڵان لە ناوەڕاستی سەدەی ١٢ ز لە لایەن کەسایەتی ناسراو بابە ئەردەڵانەوە دروست بوو ٣٠٠ ساڵ حوکمڕانیان کرد، لە سەردەمی میرنشینی بابە ئەردەڵاندا لەشکرێکی بەهێزو دائە مەزرێنێت و سنوری دەسەڵاتەکانی گەیشتە هەورامان و هەولێرو دەوروبەری، چل و چوار میر فەرمانڕەوایی میرنشینی ئەردەڵانیان کرد، یەکێک لەو میرانە ناوی خان ئەحمەد خان بوو پایتەختی ئەردەڵانی گواستەوە بۆ شاری سنە، بەڵام دوای پەیمانی زەهاو ساڵی ١٦٣٩ ز نێوان عوسمانیەکان و سەفەویەکان توانای ئەم میرنشینە لاواز بوو، لەکۆتاییدا بوون بە کاربەدەستانی ئێرانی لەناوچەکەی خۆیان.

### ٢.میرنشینی سۆران

لەکۆتایی سەدەی ١٢ لە لایەن کەسایەتی کورد بەناوی کەولەس دامەزرا، دوای مردنی ئەم میرە کورەکەی جێگای گرتەوەو قەڵای دوینی کردە پایتەخت، ئەم میرنشینە چەندین جار ڕووبەڕووی هێرشی بابانیەکان بووەوە، ئۆغز بەگیش میرێکی تری ئەم میرنشینە بوو، ساڵی ١٧٨٧ ز ڕەواندزی کردە پایتەختی میرنشینی سۆران.

ساڵی ١٨١٢ ز میر موحەمەد کودەتای بەسەر باوکی موستەفا بەگدا کردوو خۆی بوو بە میری سۆران، میر موحەمەد کەسایەتیەکی ئازاو بەهێزو ئیداری بوو، توانی سوپایەکی بەهێز دروست بکات و بەشێک لە هۆزەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو دواتر مل بە دۆست و نەیارانی کەچ بکات، تەنانەت بابانیەکانی لە کۆیەو حەریر شکاندو زۆر شاری تری خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا توانی زۆر کاری گرنگ بۆ خەڵکەکەی ئەنجام بدات، لەوانە دروستکردنی سکەی پارە(حەوت جۆر پارە) و چاکسازی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پشتگیری دەرەکیش بۆ خۆی مسۆگەر بکات، دەستی کرد بە چاکسازی و چارەسەری کێشەی ناوخۆیی و موڵک و گەڕانەوەی زەوی بۆ خاوەن زەویەکان، تورکە عوسمانیەکان ناوی میر موحەمەدیان بە پاشا کوێرەی ڕەواندوز ناونا، هۆکارەکەش بۆ شکاندن و سوککردنی میر موحەمەد بوو، بانگەشەی ئەوەیان ئەکرد یەک چاوی هەیەو شەیتانەو دژی ئیسلامە، بەڵام لە ڕاستیدا

میر موحەمەد پیاوێکی جوان و ئازاو میرزادەبوو، میر موحەمەد هێرشی بەردەوامی ئەکردە سەر ناوچە سنوریەکانی ئێران و دەوڵەتی فارسی لەخۆی تورە کرد، لەلایەکی تریشەوە مەلاو ماموٚستاو زانا ئاینییەکان بە سەرکردایەتی مەلای خەتێ و بە فیتی عوسمانیەکان لێ هەڵگەڕایەوە، مەلای خەتێ ئەو فتوایەی بڵاوکردەوە کەوا ئەوەی شەڕ لەگەڵ دەوڵەت عوسمانی و خەلیفەی ئیسلامدا بکات تەڵاقی ئەکەوێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زۆر لە سەربازەکانی میر موحەممەد چەک دابنێن و شەڕ لەگەڵ عوسمانیەکان نەکەن و بەرەکانی شەڕ جێ بهێڵن، بەریتانیاو ڕوسیاش ئاگاداری ئێرانیان کرد یارمەتی و پشتگیری میر موحەمەد نەکەن، چونکە بەرژەوەندی ڕوسیاو بەریتانیا ئەوە ئەخوازێت ئەم میرنشینە کوردیە نەمێنێت و کۆتایی پێ بێت، میر موحەمەد لەناو قەڵاو سەنگەرەکانی ڕەواندوز خۆیان ڕاگرت و بەرگریان کرد، دواتر لە ئەنجامی تەواوبوونی ئاو خواردن ساڵی ١٨٣٦ ز میر موحەمەد لە ڕەواندوز خۆی بەدەستەوە داو تەسلیم بە ڕەشید پاشای عوسمانی بوو دواتر لە ئەستەنبوڵ کوژرا، میر موحەمەد توانی ٢٥ ساڵ حوکمڕانی بکات، بە کوژرانی میر موحەمەد کۆتایی بە ژیانی میرنشینی سۆران هات.

### ٣.میرنشینی بادینان

ئەم میرنشینە لە لایەن شێخ بەهادینی کوڕی شێخ شەمسەدین ساڵی ١٢٨٢ ز لە ئامێدی دامەزراو بیست و پێنج میر فەرمانڕەوایی ئەم میرنشینەیان کرد، چەندین جار بەرپەرچی هێرشی عوسمانیەکانیان داوەتەوە، ئامێدی ڕۆڵی گرنگی گێڕاوەو گرنگی زۆریان بە خوێندن و زانست و کشتوکاڵ و مزگەوت و ئاوەدانکردنەوە داوە، میرنشینی بادینان بوون بە بەشێک لە میرنشینی سۆران بە ڕابەرایەتی میر محەمەد میری سۆران، دواتر لە لایەن عوسمانیەکانەوە ڕووخا.

### ٤.میرنشینی بۆتان

شەرەفخانی بەدلیسی کۆنترین مێژوونوسی کورد ئەڵێت میرنشینی بۆتان لە سەرەتای سەدەی چوارەمی زایینی دامەزراوە تاوەکوو ساڵی ١٨٤٧ ز بەردەوام بوو، واتا ٥٥٠ ساڵ دەسەڵاتدارو حوکمڕان بووە.

میرنشینی بۆتان لە باکوری کوردستان ناوچەی جەزیرە لەلایەن کەسایەتی ناسراوی کوردو میری هۆزی بۆتی میر عەبدولعەزیزەوە دامەزرا، هەربۆیە بۆتی گۆڕا بۆ بۆتان. سەرەتا ملکەچی خۆیان بۆ عوسمانیەکان دەربڕی، پاشان لە دەوروبەری سەدەی نۆزدە بەهۆی جەورو ستەمی زۆرەوە ساڵی ١٨٢١ ز بە سەرکردایەتی میر بەدرخان لە عوسمانیەکان هەڵگەڕانەوە، شۆڕشی میر بەدرخان بە

گرنگترین شۆڕشەکانی کورد ئەژمێردرێت، چونکە یەکەمین میر بووە هەستی ئاینی بەسەر هەستی نەتەوایەتیدا زاڵ نەکات، میر بەدرخان توانی هەستی نەتەوایەتی کورد بەرز ڕابگرێت، سکەی پارە لێبدات، کارگەی بچوک دامەزرێنێت، خوێندکاران بنێریتە دەرەوەی وڵات ، باج و خەراج لەسەر جوتیاران و خەڵک کەم بکاتەوە، جیاوازی نێوان خەڵک کەم بکاتەوە، سوپایەکی بەهێز دروست بکات، سنوری دەسەڵاتەکانی فراوان بکات، تەنانەت سوپای عوسمانیەکان لە شەڕی نەیزەب بشکێنێت، هەر جوتیارێک بڕۆشتایە بۆ لای ئەم میرە پارچەیەک زەوی کشتوکاڵی بە پارەیەکی کەم پێ ئەدا، بەپارو خۆراک مانگانە یارمەتی هەژاران و بێوەژنان و پەککەوتوانی ئەدا، پرۆژەی هێزی دەریاوانی لەوان دەستپێکرد، هەموو ئەمانە بوون بەهۆی دروستکردنی نیگەرانی لای عوسمانیەکان، بۆیە دوای ٣ ساڵ شەڕ کردن عوسمانیەکان توانیان گرنگترین سەرکردەی میرنشینەکە یەزدان شێر بەلای خۆیاندا ڕاکێشن و وای لێ بکەن خیانەت لە مامی خۆی میر بەدرخان و میری بۆتان بکات و میرنشینەکە بداتە دەستەوە ، بۆیە پاش شەڕێکی سەخت لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سوپای میرنشینی بۆتان میر بەدرخان میری بۆتان بە دیل گیراو ڕەوانەی ئەستەنبوڵ و پاشان دیمەشق کراو ئاگری شۆڕش بۆ ماوەیەک دامرکایەوە، عوسمانیەکان وەک پاداشتێک سەرەتا یەزدان شێریان کردە فەرمانڕەوای جەزیرەو دوای ماوەیەک لایان بردو کردیانە فەرمانڕەوای هەکاری ، بەڵام ساڵی ١٨٥٥ ز یەزدان شێر

ویستی ڕابوردووی خۆی لەخیانەت پاک بکاتەوە دەستی کرد بەفراوانکردنی سنوری دەسەڵاتی، عوسمانیەکان خێرا پێیان زانی لە فەرمانڕەوایی هەکاریش لایان برد، بۆیە یەزدان شێر سودی لە شکستی عوسمانیەکان بەرامبەر ڕوسەکان وەرگرت و دەستی کرد بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی تر دژی عوسمانیەکان، سەرەتا بە نزیکەی دوو هەزار سوارچاکەوە دەستی کرد بە ڕاپەڕین لە ناوچەی بەدلیس و فەرمانڕەوای بەدلیس کە تورک بوو لای برد، پاشان هێزەکەی فراوان کردو سنوری دەسەڵاتی گەشتە نزیک بەغداد، بڵێسەی ئەم شۆڕشە وای لێهات والی بەغداو عوسمانیەکانیش نەتوانن دایمرکێننەوەو پەنایان بۆ وڵاتی بەریتانیا برد، بەریتانیا لە لایەکەوەو هەڵگێرانەوەی بەشێک لە هۆزە کوردەکان لەلایەن عوسمانیەکان بەرامبەر یەزدان شێر لەلایەکی ترەوە وای لە یەزدان شێر کرد ئامادە بێت گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانیەکاندا بکات، لە ڕێگادا بۆ ئەستەنبوڵ بۆ گفوتوگۆ عوسمانیەکان پیلانێکیان بۆ داناو بەگەیشتنی بۆ ئەستەنبوڵ دەستگیرکراو کوژراو شۆڕشەکەش لەناوچوو.

## ٥.میرنشینی بابان

شەرەفخانی بەدلیسی ئەڵێت بابان ناوی بنەماڵەی بابان و میرنشینەکەیەتی، مستەر ج ئەدمۆندز ئەڵێت ناوی بابان لە بابە سلێمانەوە هاتووە کە باوکە گەورەی ئەو بنەماڵەیە بووە، هەندێکی تریش ئەڵێن بنەماڵەی بابان لە نەوەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەی سەر بە شاری قەڵادزێن و دواتر هاتوون بۆ قەلاچۆلان و میرنشینی بابانیان دامەزراند.

سەرچاوەی تر باس لەوە ئەکەن میرنشینی بابان ساڵی ١٦٥٠ ز لەلایەن میر بوداغ بەگی بەبە کوڕی میر ئەبدال بەگی موکریانەوە دامەزرا، ناوی ئەم میرنشینەی بە ناوی خۆیەوە واتا بەبە یان بابان ناونا، تەمەنی ئەم میرنشینە نزیکەی دووسەد ساڵ بوو، چەندین میری گۆڕی، یەکێک لەو میرانە ئیبراهیم پاشا بوو کە ساڵی ١٧٨٤ ز دەستی کرد بە دامەزراندنی شاری سلێمانی وەک پایتەختی ئەم میرنشینە بەڵام ساڵی ١٨٥٠ز شکستیان هێنا، شوێنی ستراتیژی ئەم میرنشینە لەنێوان سنورەکانی فارس و عوسمانی بوو، لەلایەکی ترەوە میرنشینی بابان بەردەوام لە شەڕو پێکدادانداندا بوو لەگەڵ میرنشینی سۆران لەسەر نفوزی دەسەڵات لە باشوری کوردستان بەتایبەت حەریرو کۆیە، یەکێک لەو میرانەی تر سلێمان پاشای گەورە بوو کەوا هەوڵی سەربەخۆی دا بەڵام دواجار بەهۆی هێرش و پەلامارەکانی عوسمانیەکان و پیلانی هەردوو دەوڵەتی فارسی و عوسمانی خەونی سەربەخۆیی نەهاتە دی و

میرنشینەکە ڕووخا، عەبدولڕەحان پاشای بابان دەوروبەری ساڵی ١٨٠٦ ز هەوڵی گەورەکردنی دەسەڵات و سنوری میرنشینەکەی دا بەرەو ناوچەکانی کۆیەو حەریرو باتاس و فراوانی کرد، بەڵام زۆری نەخایاند خێرا ڕووبەڕووی والی بەغداو سوپای عوسمانیەکان بوونەوەو لەدوای شەڕێکی سەخت بابانیەکان شکان و عەبدولڕەحمانی پاشا ناچار بەرەو وڵاتی ئێران ڕابکات و هەوڵەکەی شکستی هێنا، مێژووی بابانیەکان بریتی بووە لە ململانێ و ناکۆکی لەسەر پلەوپایەو دەسەڵات، لایەک سەر بە فارسی ئێران بوون و لایەکی تری ئەو بنەماڵەیە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی تورک بووە، لەدوای پەیمانی ساڵی ١٦٣٩ ز نێوان فارسەکان و عوسمانیە تورکەکان میرنشینی بابانیان دابەش کرد لە نێو خۆیانداو لاوازیان کرد، پاش خەبات و تێکۆشانێکی زۆر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەمەنی ئەم میرنشینە بەرەو ئاوابوون ئەچوو ئەوەبوو ساڵی ١٨٥١ ز بە یەکجارەکی کۆتایی بە میرنشینی بابان هات و سلێمانیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە.

### ٦.میرنشینی هەکاری

لەناوچەی ئامەد سەدەی ١٤ زایینی دامەزرا، یەکێک بوو لە میرنشینە هەرە بەهێزەکانی کورد لە باکوری کوردستان، لەکاتی شەڕی چالدێران لایەنگری سەفەویەکانیان کرد، بەڵام لەژێر کاریگەری مەلا ئیدریسی بەدلیسی لەگەڵ میرە کوردەکانی تر بوون بە لایەنگیری عوسمانیەکان،

هاوپەیمانیەتیەکی باشیان هەبوو لەگەڵ میر بەدرخانی بۆتان و سنورەکانیان کرد بە یەک، لەتۆڵەی ئەمەدا سەفەویەکان بە هێزێکی زۆرەوە بۆ ماوەی ساڵیک گەمارۆی شاری ئامەدیان دا بەلام نەیانتوانی شارەکە بگرن، دەرئەنجام سوپا بەهێزەکەی سەفەویەکان پاشەکشەیان کردو چەندین کەس لە هەردولا بوون بە قوربانی.

شۆرشی عوبەیدولای نەهریش لە کوردستانی خۆرهەلات پاش ئەوە هات کەوا خەڵک ئامادە نەبوون باج بدەن بە دەوڵەتی قاجاری، خەڵکی ورمێ شێخ عوبەیدولایان بە موستەحەق ئەزانی، لەلایەکی ترەوە ڕوسیاو عوسمانیەکان لە شەڕدا بوون لەنێوان سالانی ١٨٧٧ تاوەکو ١٨٧٨ وەزع و گوزەرانی خەڵک خراپتر بوو، شێخ عوبەیدوڵلا پشتگیری دەرەکی بۆخۆی مسۆگەرکردو سوپایەکی بەهێزی دەهەزار کەسی بۆخۆی دروست کردو شارەکانی وەک مهابادو یەک دوو شاری تر ڕزگار بکات، ڕوسەکان توانیان شێخ عوبەیدولا بەلای خۆیاندا ڕاکێشن و عوسمانیەکان بەمەیان زانی و بەفرت و فێڵ شێخ عوبەیدولایان بانگهێشتی ئەستەنبوڵ کردو لەوێ دەستگیریان کردو دورخرایەوە بۆ مەککەو لەوێ کۆچی دوایی کردو شۆڕشەکەش کۆتایی هات.

ئەوەی لە ژیان و مێژووی ئەم میرنشینانە بۆمان ماوەتەوە ئەوەیە هەر میرنشینەو لە ناوچەیەکی دیاریکراوو لەسەر سیستەمی بنەماڵەو پشت بە پشت بەردەوام بووەو خۆی بنەماڵەکەی بەلاوە گرنگتر بووە، ئەم میرنشینانە ئەوەندەی


خزمەتیان بە سیاسەتی بێگانە کردووە نیوە ئەوەندە لە خزمەتی کورد کوردستاندا نەکردوەو لەناوخۆدا یەکگرتو نەبوون و هەمیشە یەکتریان لای بێگانە شکاندوە، هۆکارێکی تر ئەوەیە زۆربەی کات دووبەرەکی کێشەی ناوخۆیی بنەماڵەی فەرمانڕەواو دروستکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی لە لایەن سەفەوی و عوسمانیەکانەوە هۆکاری سەرەکی لەناوچوونی میرنشینە کوردیەکان بوون، هۆکارێکی تر ئەوەیە جگە لە میرنشینی بۆتان هەموو میرنشینەکانی تر هەستی ئاینیان بەسەر هەستی نەتەوایەتیدا زاڵتر بووەو بەردەوام دژایەتی یەکتریان کردووە، پیلانی هاوبەشی سەفەوی عوسمانیەکان وەک پەیمانی زەهاو وای کرد میرنشینی ئەردەلانی لاواز بێت و پەیمانی ئەرزەرۆمی دووەمیش میرنشینەکانی سۆران و بابان و بۆتانی ڕووخاند، واتا داگیرکەران هەر فرسەتێکیان بۆ ڕەخسابێت ڕەحمیان بە کورد نەکردووەو هەوڵیان داوە حوکم و فەرمانڕەواوو میرنشینە کوردیەکان لەناو ببەن.

## كوردستانی باكور

لـه كوردسـتانی بـاكور چـەنـدین شـۆڕش و ڕاپـەڕیـن دوای سـەدەی بیسـتەم دەسـتی پێكـرد، لـەنێویانـدا شۆڕشـی شێخ سەعیدی پیران، توانی ٥٠ هـەزار ئـەفسەرو سـەربازی تورك بكوژێت، بـەڵام بـەداخـەوە دوای شكسـتی شۆڕشـەكـە سـاڵی ١٩٢٥ شـێخ سـەعیـدو ٢٥ هـاوڕێی لـە شـاری دیاربـەكـر لەبەرچاوی خەڵك لە سێداره دران، پێش لەسێدارەدانی شێخ سـەعیدی پیـران دادوەر لـە شـێخ سـەعیـدی پرسـی چـی وای لێكردیت چـەك دژی دەوڵـەتـی توركیـا هـەڵگریت؟ شـێخ لـە وەڵامدا گوتبووی، ئێوه لـەسـەر موڵـك و مـاڵی خۆمـان دەرمان ئەكەن، دەستتان بۆ ناموسی ئافرەتانی كورد ئـەبـەن، زوڵم و زۆرو ستەمكاری كوشتن و لـەناوبردنی كـورد لـە لایـەن ئێوەوە وای لێكـردم بـەنـاوی خـوای گـەورەوە شـۆڕش بـەرپا بكـەم و تۆڵـەی گەلـەكـەم بسێنمەوە، لە بری كوشتنی كوردێـك شـەست تورك بكوژم و هـەوڵی دروستكردنی كوردسـتانێكی سـەربـەخۆ دروست بـدەم، بـەداخـەوە زیـانی كـورد لـە شۆڕشـەكـەی شێخ سـەعیـدا زۆر بـوون، سـوتـاندنی دەوروبـەری ٨٧٥٨ گونـد، شەهیدبوونی نزیكـەی ١٥ هـەزار كـورد، نزیكـەی یـەك ملیۆن كوردیش ڕاگوێزران بۆ نـاوچـە دورەكـانی توركیـا و نیوەیـان لەبەر سەرماو زوقم و برسێتی مردن.



شۆڕشی ئاراراتیش ڕاستەوخۆ دوای شکستی شۆڕشی شێخ سەعید ساڵی ١٩٢٦ لەلایەن جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشاوە بەرپابوو، دەستیان بە جەنگی پارتیزانی کردو ئالاَی کوردستانیان بەرزکردەوەو حکومەتی ئاراراتیان دروستکرد، توانیان لە ماوەی مانگێکدا ١٧٠٠ سەرباز بەدیل بگرن و چەندین دەستکەوتی تریان هەبێت ، بۆیە ئێران تورکیا کەوتنە خۆیان ڕێککەوتنامەیەکیان لەنێو خۆیاندا ئیمزاکردو کەوتنە دژایەتی شۆڕشی ئارارات، ئەوەبوو ساڵی ١٩٣٢ ئاگری شۆڕشەکە کوژایەوەو بە تەواوەتی ئامانجەکانی نەپێکاو شۆڕش شکستی هێنا.



دوای شکستی شۆڕشی ئارارات شۆڕشێکی تر لە ناوچەی دەرسیم بە سەرکردایەتی کەسایەتی ناسراو سەید ڕەزا ساڵی ١٩٣٦ ز بەرپاکرا، بەداخەوە دوای چەندین شەڕی خوێناوی و بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی قورس لە لایەن تورکیاو سوتاندنی ناوچە کوردنشینەکان و مەڵبەندی شۆڕشەکەو گەمارۆدانی ناوچەی دەرسیم دوای ساڵێک ئەم شۆڕشەش شکستی هێنا.

## شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری ١٨٨٠-١٨٨١ز.

شێخ عوبەیدوڵای نەهری کوڕی شێخ تەها سەرۆکی تەریقەتی نەقشبەندی بووە لە کوردستانی باکور بەتایبەت ناوچەکانی هەکاری و شەمزینان و دیار بەکرو.......هتد، نزیکەی ٢٠٠ گوندی هەبووە لە ناوچەی شەمزینان کە لە باوکی شێخ تەهاوە بۆی ماوەتەوە، مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو

دادپەروەر بوو، خەڵکی لە هەموو لایەکەوە ڕێزیان لێ ئەگرت، هەرکاتێک ناوی شێخ بهاتایە خەڵکی بە ڕێزەوە ڕاست ئەبوونەوەو پشتگیریان ئەکرد، حەزی ئەکرد میللەتەکەی ببێتە میللەتێکی دامەزراوو پێشکەوتوو، شێخ عوبەیدوڵا بۆ ڕزگارکردنی کوردستان بە ڕێگای ئیسلام و دادەپەروەریەوە دەستی بە خەبات و تێکۆشان کرد، لە لایەکی تریشەوە خەلافەتی ئیسلامی لە زوڵم و زۆرو بەرتیل و سەرانەو داگیرکردنی ماڵ و موڵکی خەڵک ناوبانگی خراپی دەرکردبوو، لە لایەکی تریشەوە عوسمانیەکان لەشەڕدا بوون لەگەڵ ڕوسیاو میسرو بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی تەواو لاواز بێت و توانای شەڕیکی تری گەورەی نەبێت، لاوازی دەوڵەتی عوسمانی فرسەتێکی باش بوو بۆ شێخ عوبەیدوڵا کە دەست بە خەبات و تێکۆشان بکات بۆ بەرگریکردن لە مافی خەڵکی کوردستان، بۆیە خێرا پەیوەندی کرد بە میر موحەممەد میری ڕەواندوزو میر بەدرخان میری بۆتان لە جەزیرەی بۆتان و گەورە پیاوانی بەتلیس و سابڵاغ و مەهابادو شنۆو ورمێ و هەندێک شوێنی دیکەو هەموویان بەڵێنیان بە شێخ عوبەیدوڵا دا پشتگیری ڕاپەڕینەکەی بکەن، شێخ عوبەیدوڵا بڕوای بە ڕوسیاش هەبوو بۆیە چەند جارێک پەیوەندی بە کونسوڵی ڕوسیاوە کردو داوای پشتگیری هاوکاری لێ کردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، هەوڵی ئەوەشی ئەدا عەرەب و ئەرمەنی و ئاسوریەکان بەشداری ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینە بکەن و وڵاتانی دراوسێش لەخۆی ڕازی بکات، دەوڵەتی عوسمانی و

بەریتانی زانیاریان کۆکردەوە کەوا شێخ عوبەیدوڵا بە تەمای چیە ؟ ئاگاداری ئەوەبوون کە شێخ عوبەیدوڵا بەنیازی ڕاپەڕینێکی گەورەیە بە تایبەت دەوروبەری ساڵی ١٨٧٩ ز، بۆیە عوسمانیەکان خێرا نوێنەریان ناردو لەگەڵ شێخدا کۆبوونەوە داوایان لە شێخ کرد هەرچی پارەو پلەو پایەو دەسەلات هەیە ئەیدەن بە شێخ بە مەرجێک دەست لەم ڕاپەڕینە هەڵگرێت کە بەرنامەی بۆ دانابوو، بەریتانیەکانیش لە ڕێگای نوێنەر گلایتۆنەوە نارەزایی خۆیان لەم ڕاپەڕینە دەربڕی کە ببێتە هۆی هەڕەشەو مەترسی لەسەر ئیمبراتۆریەتی عوسمانی، گلایتۆن وتی من بۆ ئەوە هاتووم بارودۆخە بەچاوی خۆم هەڵسەنگێنم، بەڵام بەداخەوە شێخ عوبەیدوڵا لە بری ئەوەی کێشەی کوردی ڕوون بکردایەتەوەو داوای هاوکاری و پشتگیری بەریتانیای بکردایە کەچی شێخ گوتبووی کورد گلەیی لە کاربەدەستانی عوسمانی نیە و بە باشی فەرمانڕەوایی ئەکەن و کەوتە مەدحکردن و هەڵدان بەسەر دەوڵەتی عوسمانیداو هۆیەکانی ڕاپەڕینی بەتاڵ کردەوەو هیچی بۆ کورد نەهێشتەوە.

ساڵی ١٨٨٠ز شێخ عوبەیدوڵا پلانی کۆنگرەیەکی گرنگی لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردانی باکورو باشورو ڕۆژهەلات لە نایری دانا تاوەکو کورد ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕینێکی گشتی و سەرتاسەری و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان بکات، عوسمانیەکان بەمەیان زانی و بە پارەو تەماح پەیوەندیان کرد بە سەردارو سەرۆک

عەشیرەتەکانی باکوری کوردستان تاوەکو ئاراستەی کۆنگرەکە تێک بدەن و ئاژاوە بخەنە نێوانیانەوەو ئامانجی ڕاستەقینەی کۆنگرەکە بگۆڕن کەوا دژایەتی ئەرمەنیەکانی پێ بکەن، کۆنگرە بەستراو بەداخەوە بەهۆی فشاری عوسمانی و بەریتانیاو هەندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی باکوری کوردستان و بروانەبوون شێخ عوبەیدولا بەخۆی پلان و ئامانجی کۆنگرەکەی گۆڕی لە شۆرش و ڕاپەڕینی باکورو ڕۆژهەڵات بۆ شۆرش و ڕاپەڕین تەنها لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، عوسمانیەکانیش بەمە دڵخۆش بوون، لە مانگی ئابی ١٨٨٠ ز شێخ هەزار چەکداری نارد بۆ پشتیوانی و یارمەتی هەمزە ئاغای مەنگوڕ لە کوردستانی ئێران و توانیان چەندین ناوچە ئازاد بکەن و لە ماوەیەکی کەمدا گەشتنە سنورێکی بەرفراوان و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە، کورد بە چاوی ڕزگارکەر سەیری عوبەیدولایان ئەکرد، ئەفسەرە کوردە ئێرانیەکان هەڵدەهاتن و پەیوەندیان بە ڕاپەڕینەوە ئەکرد، کاتێکیش کوردەکان بەرەو ناوچەکانی ئێران دەکشان داوایان لە کوردەکان کرد نابێت بە هیچ شێوەیەک دەستدرێژی بکەنە سەر ژیان و ماڵ و حاڵی خەڵک، ماڵە ڕوسەکانیش کە لە ناوچە کوردنشیەنەکان ئەژیان گیانیان بە تەواوەتی پارێزراو بوو، لەناوچەی ورمێش شێخ عوبەیدولا خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئەکرد، نەیدەویست بە شەڕو شۆڕ شاری ورمێ ئازاد بکات و زەرەرو زیان لە شارەکەو لەشکرەکەی بکەوێت بەڵام ئیقبال ئەلدەولە ڕازی نەبوو، داوای لە قونسولی

بەریتانیا کرد بکەوێتە نێوانیانەوەو بۆ ماوەیەک شەڕو
هێرش ڕابگرێت تاوەکو بە تەواوەتی بیر بکاتەوەو بڕیاری
خۆی بدات، بەڵام شێخ عوبەیدوڵا نیازی گڵاوی ئیقبال
ئەلدەولەی بۆ دەرکەوت کەوا نیازی وایە یاری بە کات بکات
تاوەکو هێزی پشتیوانی پێ بگات بۆیە بە داواکەی ڕازی
نەبوو، شێخ عوبەیدوڵا زوڵم و زۆری کاربەدەستانی ئێرانی بۆ
کونسوڵی بەریتانیا ڕونکردەوەو داوای لێ کردن وڵاتانی
ئەوروپا پشتگیری مەعنەوی بکەن تاوەکو دەوڵەتی کوردستان
دروست بکات کە بەهێزو خاوەن یاساو دادو پارێزەری مافی
ئاین و نەتەوە جیاوازەکان بێت، داوای کرد تاقی بکەنەوە
ئەگەر وانەبوو ئامادەیە لە بەردەم دادگایەکی ئەوروپا
دادگای بکەن و بەرپرسیاریەتی هەڵگرێت و ئامادەی هەموو
سزایەک بێت، بەلام دەوڵەتی بەریتانیا داواکەیان پەسەند
نەکرد، لەژێر فشاری دەوڵەتی بەریتانیاو ڕوسیا هەردوو
دەوڵەتی ئێران و عوسمانی پێکهاتن لەسەر ئەوەی ئێران
هێرش بکاتە سەر شێخ عوبەیدوڵاو پێشمەرگەکانی، لەپاش
شەڕێکی گەورە پێشمەرگەکانی کوردستان خۆیان بۆ
ڕانەگیراو بەرەو ناوچەکانی ورمێ و ئازەربایجان هەڵهاتن،
شێخ عوبەیدوڵاو هەمزە ئاغاش کشانەوە بۆ ناوچەکانی
مەرگەوەر، بەداخەوە هەندێک لە هۆزو سەرۆک عەشیرەتە
خۆفرۆشەکان بە فرسەتیان زانی و بوونە چاوساغی
داگیرکەران و چوونە پاڵ دەوڵەتی ئێران، شێخیش خۆی بۆ
ڕانەگیراو ساڵی ١٨٨٠ ز گەڕایەوە بۆ باکوری کوردستان واتا
سنوری دەوڵەتی عوسمانی، ئێرانیش داوای لە عوسمانیەکان

کرد شێخ عوبەیدوڵای تەسەلیم بکەن، نەمساو بەریتانیاش پشتگیری داواکەی ئێرانیان کرد بەڵام عوسمانیەکان هیچیان نەکرد، پاش گەڕانەوە شێخ بۆ باکوری کوردستان هەمزە ئاغا بە تەنیا مایەوەو بەرهەڵستی سوپای ئێرانی کرد، هەمزە ئاغا دەستی بە شەڕی پارتیزانی کردو ترس و دڵەڕاوکێی خستە نێو دڵی ئێرانیەکانەوە، ئێرانیەکانیش زانیان بە شەڕو شۆڕ سەرکەوتوو نابن کەوتنە فرت و فێڵ و ئەنجامدانی پیلانێک، بە ناوی جێژنی ڕەمەزان و لێبوردنەوە سوێند و قورئان و شەرەفیان بۆ هەمزە ئاغا خوارد کە لێی خۆش بن و هیچی لێ نەکەن و ماڵ و حاڵی پارێزراو بێت، هەمزە ئاغایان هەڵخەڵاتن و لە چادرێکدا بەناوی گفتوگۆوە لە چوارلاوە پەلاماریان داو هەمزە ئاغای مەنگوڕو خوشکەزاو برازاکانی کوژران و بۆ تۆقاندنی خەڵک سەری هەمزە ئاغا لە شاری مهاباد هەڵواسرا، شێخ عوبەیدوڵاش کە لە کوردستانی ئێران کشایەوە کەوتە خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینێکی تر و نامەی بۆ هەموو سەرۆک عەشیرەتەکان نارد، داوای پشتگیری لێ کردن، ڕوسیاش بەڵێنی دا هاوکاری شێخ بکات ئەگەر ڕاپەڕینەکە دژی ئێران بێت، ئێران و عوسمانیەکان کەوتنە خۆیان و سوڵتانی عوسمانی داوای لە شێخ کرد سەردانی ئەستەنبوڵ بکات، شێخیش دڵسۆزی و نیازپاکی و دۆستایەتی خۆی بۆ سوڵتانی عوسمانی دوپات کردەوە، لەکۆتاییدا شێخ ساڵی ١٨٨١ ز لە ژێر فشاری سوڵتانی عوسمانیدا گەشتە ئەستەنبوڵ، پێشوازیەکی گەرمی لێکرا، بەڵام زۆری پێ نەچوو شێخ بۆی دەرکەوت کە دەست

بە سەرەو لەژێر چاودێریدایە، شێخ عوبەیدوڵاش بە هەزار حاڵ و بە ناوی بازرگانێکەوە خۆی دەرباز ئەکات و ئەگاتە وڵاتی ڕوسیاو پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و کوردەکان و ئەرمەنیەکانیش پێشوازیەکی زۆر گەرمیان لێ کرد، عوسمانیەکان دیسانەوە کەوتنە چاودێری و دڵەڕاوکێ و گێڕانی پیلان و پڕوپاگەندە دژی شێخ عوبەیدوڵا، ئێرانیش کەوتە خۆقایمکردن و کۆکردنەوەی هێزی سەربازی، بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە تیایدا نوسرابوو ئەگەر هەر کوردێک سەردانی شێخ عوبەیدوڵا بکات بە توندترین شێوە سزا ئەدرێت، عوسمانیەکانیش بەهێزێکی زۆرەوە ڕوویان کردە باکوری کوردستان و داوایان لە شێخ کرد دەست لە شۆرش و ڕاپەڕین هەڵگرێت، بەڵام شێخ بە داواکەی سوڵتانی عوسمانی ڕازی نەبوو.

دەوڵەتی عوسمانی زانیان شێخ لە قەڵای ئۆرامار خۆی ئامادە کردووە بۆ بەرهەڵستیکردن، ئابڵوقەی قەڵاکەیان داو ناچاریان کرد بە گفتوگۆ ڕازی بێت، هەر جێگایەکی ئەوێت بڕوات و لەوێ نیشتەجێ بێت، شێخ عوبەیدوڵاش داوای کرد لە موسڵ دابنیشێت، کاربەدەستانیش بە داواکەی ڕازی بوون، پاش ١٨ ڕۆژ ئابڵوقەدان کەوتنە تۆپبارانی قەڵاکەو ڕوخاندنی بەسەر شێخ و لەشکرەکەیدا، لەکۆتاییدا قەڵاکەیان داگیر کردو شێخ بەدیلی گیراو ناردیان بۆ شاری موسڵ، کوڕێکی بە بارمتە گیراو ڕەوانەی ئەستەنبوڵ کرا، کوڕی دووەمیشی بوو بە جێگری باوکی لە نایری، ئێرانیەکان

بەردەوام لە شێخ عوبەیدولا ئەترسان و ئەیانزانی جەماوەرێکی زۆری لە موسڵ هەیە و ئەگەر فرسەتی بۆ ڕێکەوێت زۆرترین کورد لەخۆی کۆئەکاتەوە، داوایان لە عوسمانیەکان کرد شێخ لە موسڵەوە بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دوور، عوسمانیەکانیش بە داواکەی ئێران ڕازی بوون و شێخ عوبەیدولایان گواستەوە بۆ مەککەو ساڵی ١٨٨٢ ز لە شاری مەککە کۆچی دوایی کردو شۆڕش و ڕاپەڕینەکەش کۆتایی هات.

## خۆرهەڵاتی کوردستان

لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش شۆڕشی ئیسماعیل خانی سمکۆی شکاک سەرۆکی هۆزی شکاک ساڵی ۱۹۱۸ز بەرپاکرا، بە حوکمی ئەوەی سەرۆک تیرەکانی شکاک لەسەر سنور ئەژیان و ناوچەکەیان لە نێوان دەوڵەتی ئێران و عوسمانیەکان بوو هەرگیز ملیان بۆ کەس نەدەداو لەنێوان هەردوو دەوڵەت سەربەخۆ بوون، سمکۆخانی شکاک چوار پشتی بەدەست دەوڵەتی ئێرانیەوە کوژراوە، لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیاش سمکۆخان بە کەسایەتی پلە یەک و شێخ مەحمود بە کەسایەتی پلە دوو هاتووە، عەشیرەتی شکاکیش یەکێکە لە عەشیرەتە گەورەو بەناوبانگەکانی کوردستان کەوا لە ناوچەکانی سۆماو برادۆستن و چەندین جاریش حوکمرانی ناوچەی ورمێیان کردووە، سمکۆی شکاک توانی بەشێکی زۆری کوردستانی ئێران ئازاد بکات بەتایبەت شاری مەهابادو سەردەشت و بۆکان سلماس و خۆی بگرێت، سمکۆخان کەسێکی زۆر عاقڵ و بەتواناو نیشتیمان پەروەر بوو، بڕوای بەوەش هەبووە کوردەکان پێویستیان بە یارمەتی دەرەکی بووە، بەڵام ساڵی ۱۹۲۲ز دژی دەوڵەتی قاجاری شکاو ئێران بە فرسەتی زانی و هێرشی کردە سەر مەڵبەندی شۆڕشەکەو داگیری کردو سمکۆخان بەرەو کورستانی باشوری کوردستان هەڵهات و لای شێخ مەحمود مایەوە، قۆناغی دووەمی شۆڕشی سمکۆخان لە نێوان ساڵانی ۱۹۲۵ ز تاوەکوو ۱۹۳۰ ز درێژەی کێشا، بەڵام

بەداخەوە بەهۆی ئەوەی سمکۆخان خاوەن بەرنامەیەکی ڕێک و پێکی نەتەوەیی بەهێز نەبوو، شۆڕشەکەی زیاتر هەرەمەکی بوو، هەڵەیەکی تری سمکۆخان ئەوەبوو پەندی لە ڕابوردو وەرنەگرت و پشتی بە تورکیا بەست و بەردەوام لەگەڵ ئێران و عێراق لە جەنگدا بوو،ساڵی ١٩٣٠ بەناوی وتوێژ لەگەڵ ئێران بانگیان کرد بۆ شاری شنۆو ئامانجیان کوشتنی سمکۆخان بوو، بۆیە بەهۆی ڕێککەوتنی نێوان ئێران و تورکیاو دژایەتیکردنیان و داخستنی سنور بەڕووی سمکۆخاندا شۆڕشەکە دامرکایەوەو لە هێرشێکی سەربازی گەورە سەرکردەی شۆڕشەکە سمکۆخان بەدیل گیراو لە شاری شنۆ لەناویان برد و خەڵکەکەش بڵاوەیان لێ کرد.



دوای سمکۆخان ڕاپەڕینێکی تر بە سەرۆکایەتی سوڵتان ساڵی ١٩٣١ دژی حکومەتی ئێران بەرپا کرا، بەڵام خێرا لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە سەرکوت کرا، دواتریش چەندن ڕاپەڕینی تر لە کوردستانی خۆرهەڵات بەرپابوو گرنگترینیان ڕاپەڕینی حەمە ڕەشید خانی بانە و ڕاپەڕینی مەحمود خانی کانی سانان و ڕاپەڕینی مەلا خەلیلی مەنگوڕی و ڕاپەڕینی جافر سوڵتانن، بەڵام سەد مەخابن تەمەنی هیچ کام لەم ڕاپەڕینانە درێژ نەبوو، خێرا لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە سەرکوت کرا، پاشان خەبات و تێکۆشانی کورد لە خۆرهەڵات بووە هۆی دروستبوونی چەندین کۆمەڵەو حیزب لە نێویاندا حیزبی ئازادیخوازی کوردستان ساڵی ١٩٤١ز، کۆمەڵەی ژ.ک ساڵی ١٩٤١ز پاشان لەسەر پێشنیاری یەکێتی سۆڤیەت کۆمەڵەی ژ.ک گۆڕا بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ساڵی ١٩٤٥ قازی موحەمەد بوو بە سەرۆکی حیزب، ساڵێک دوای جەنگی جیهانی دووەم فرسەتێک بۆ کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان ڕەخساو کۆماری مەهاباد ساڵی ١٩٤٦ ز دامەزراو هیوا بۆ کورد گەڕایەوە.

لە کۆماری کوردستان مەهاباد کرا بە پایتەخت و قازی موحەمەد کرا بە سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران و ١٤ وەزارەتیش دامەزرا،زمانی کوردی کرا بە زمانی ڕەسمی کۆماری کوردستان، هێزی سوپای نیزامیش دامەزرا، خوێندن کرا بە کوردی و گرنگی بە باج و ئابوری کشتوکاڵ دراو ئەنجومەنی گوندو شاریش دانران، سەرۆک وەزیرانی

ئازەربایەنجانی سۆڤیەتی باغیرۆف هەوڵی زۆریدا کۆماری کوردستان بکات بە بەشێک لە کۆماری ئازەربایەنجانی ئێران و کوردەکانیش خودموختاریان واتا مافی ئۆتۆنۆمیان لە چوارچێوەی ئازەربایەنجاندا پێ بدرێت، بەڵام سەرکردایەتی کۆماری کوردستان بەمە ڕازی نەبوون و داوایان کرد کوردستان بۆ خۆی سەربەخۆ بێت و ژێردەستەی هیچ وڵات و نەتەوەیەکی تر نەبێت، لەگەڵ ئەوەدا سۆڤیەت لە ڕێگای جەعفەر باغیرۆفەوە پەیمانی دابوو تاوەکو سۆڤیەت بمێنێت گەلی کورد خاوەنی مافی ڕەوای خۆی بێت و مافی پارێزراوبێت بەڵام زۆربەداخەوە لەبەر دامەزارندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوت لەنێوان ئێران و سۆڤیەت سوپای سور لە خاکی کوردستان و ئێران کشایەوەو پشتیان لەگەلی کوردو کردو هەردوو کۆماری ساوای کوردو ئازەر درا بە دەمی گورگەوە، لەبەر هەندێک هۆکاری تری وەک بەرژەوەندی تایبەت و دژایەتیکردنی دەوڵەتانی دەرەکی بۆ ئەم کۆمارەو خیانەتکردنی سەرۆک هۆزو دەرەبەگە کوردەکان لە قازی موحەمەد، چونکە قازی موحەمەد نائومێد بوو لە پشتیوانی سەرۆک هۆزو دەرەبەگەکان، دواکەوتووی گەلی کورد لەو سەردەمەدا، سیاسەتی توندو تۆقاندنی ئێران خۆبەدەستەوەدانی قازی موحەمەدو هاوەڵەکانی بێ ئەوەی پیلانی شەڕیکی درێژخایەن دابڕێژن وای کرد کۆماری مەهاباد دوای ٣٣٠ڕۆژ واتا ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن ڕژێمی پاشایەتی پەهلەوی ئێرانەوە بڕوخێت و قازی موحەمەدو

هاوەڵەکانی لە مەیدانی چوارچرا لە سێدارە بدەن ئاگری شۆڕش بکوژێتەوە.

پێش لەسێدارەدانی قازی موحەممەد بە بارزانی وت جگە لە خۆت و جەماعەتەکەت بڕوا بەکەسی تر مەکە، هەموو ئەوانەی سوێندیان بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان خوارد خیانەتیان کرد، ئێستا پێشبڕکێی ئەوەیانە چۆن خزمەت بە ئەرتەشی ئێران بکەن.



## شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر

پاش تێکشکانی دەسەڵاتی عوسمانیەکان و جێگرتنەوە سوپای بەریتانیا لە سلێمانی ئەوەبوو سوپای بەریتانیا شێخ مەحمودی مەلیکیان ساڵی ١٩١٨ وەک حوکمداری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری ناساندو زمانی کوردی بووبە زمانی ڕەسمی دەسەڵاتە خۆجێییەکەی شێخ مەحمود، بەداخەوە دەسەڵاتی شێخ مەحمود لەلایەن عادیلەخانمی جاف لە هەڵەبجەو بابەکرئاغای پشدەرەوە دژایەتی ئەکراو لەسەر حوکمڕانی شێخ مەحمود کۆک نەبوون، ئەو هێزەش نەبوو بەریتانیایەکان پشتی پێ ببەستن، بۆڕازیکردنی شەریف حسێن پاشای عێراق کە یەکێک لە کوڕەکانی بکرێت بە حوکمڕانی هەموو عێراق و بەهۆی ئەوەشەوە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم شێخ مەحمود پشتگیری بەرەی دەوڵەتانی ناوەندی کردبوو، بەرەی ناوەندیش لە جەنگەکەدا تێکشکان، بەهۆی هەڵەکانی شێخ مەحمودەوە لە کاتی حوکمڕانیدا بۆیە لە لایەن بەریتانیایەکانەوە دژایەتی شێخ مەحمود کراو دەسەڵاتەکانی سنوردار کرا، شێخ مەحمود وەک کاردانەوەیەک بانگەشەی شۆڕشی دەست پێکردو توانی سلێمانی ڕزگار بکاو کاربەدەستانی بەریتانیای دەستگیرکرد، ئەمەش ڕق و توڕەیی لای بەریتانیایەکان ئەوەندەی تر زیاتر کرد، بەڵام پاش شەڕێکی قورس شێخ مەحمود ساڵی ١٩١٩ لە دەربەندی بازیان بەدیل گیراو بۆ هێندیستان دورخرایەوە،

ئەمەش ڕق و توڕەیی خەڵک بەرامبەر بەریتانیایەکان زیاتر
کرد، دوای پەیدابوونی هەندێک کێشەی سیاسی لە عێراق
شێخ مەحمودیان گەڕاندەوە بۆ کوردستان و ئاڵای کورستان
هەڵکراو زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت، بەڵام
پەیوەندی شێخ مەحمودو بەریتانیایەکان جارێکی تر ساڵی
١٩٢٣ گۆڕانکاری خراپی بەسەردا هات و شێخ مەحمودیان
هەر ئەوساڵە لە سلێمانی دەرکردو هەر ئەو ساڵەش
هێنایانەوە بۆ سلێمانی، بەم شێوەیە بارگرژی نێوان
بەریتانیایەکان و شێخ مەحمود بەردەوام بوو، وایان سەیری
شێخ مەحمود ئەکرد کە بەرژەوەندی بەریتانیایەکان
لەناوچەکە ناپارێزێت و بەردەوام دژایەتیان ئەکات ئەوەبوو
حکومەتەکەی شێخ مەحمودیان ساڵی ١٩٢٤ لەناوبرد و شێخ
مەحمودیشیان بۆ شاری بەغدا دورخستەوە، ساڵی ١٩٥٦ ز
کۆچی دوایی کردو لەسلێمانی بەخاک سپێردرا.

هەڵەکانی شێخ مەحموود لە ماوەی شۆڕشەکەیدا

١.مەلیک مەحمودسیاسەتمەدارێکی زاناو لێهاتوو نەبوو، نەیتوانی لەگەڵ سیاسەتەکانی بەریتانیا خۆی بگونجێنێت، بۆیە چەندین جار دەستی دایە شۆڕش و ڕاپەڕین دژی بەریتانیا.

٢.نەبوونی حیزبێکی شۆڕشگێڕی سیاسی لەو سەردەمەدا کە خاوەنی بەرنامەو ڕێبازێکی ئازادیخوازی کوردی بێت و خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.

٣.بەداخەوە شێخ مەحمود لە شەڕی عوسمانیەکان و دەوڵەتانی هاوپەیمان پشتگیری دەوڵەتانی ناوەندی کردبوو، تەنانەت بەشداری شەڕی شوعەیبیشی کردبوو دژی بەریتانیەکان، ئەو بەرەیەی شێخ مەحمود پشتگیری کردبوو دۆڕابوون، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی بەریتانیەکان زۆر متمانەی پێ نەکەن.

٤.زۆربەی زۆری کوردەکان نەخوێنەوارو دواکەوتوو بوون و زۆربەیان لەژێر ڕکێفی ئاغاو دەرەبەگەکاندا بوون، بەتایبەت دانیشتوانی سەرجەم گوندەکان.

٥.شێخ مەحمود کەسێک دوربین و زانا نەبوو، نەیئەزانی ئەو هەلانەی بۆ گەلی کورد ڕەخساوە بیقۆزێتەوە.

٦.هەمیشە بەگومان و ڕارابوو، متمانەی بەکەس نەبوو، بۆیە کەسوکارەکانی خۆی لە پۆستەکاندا داناو پشتی کردە ڕۆشنبیران و شارەزاو سیاسی ئەوکاتەو حکومەتی خزمان و شێخانی پێکهێنا، پرسی بە کەس نەئەکردو تەنها بڕوای بەخۆی هەبوو.

٧. کاریگەری موچەخۆرانی عوسمانی لەشاری سلێمانی وای لە شێخ مەحمود کرد دژایەتی بەریتانیاییەکان بکات.

٨.نەزانینی زمانی ئینگلیزی هۆکارێکی تر بوو وایکرد شێخ مەحمود نەتوانێت ئەوەی مەبەستیەتی بیگەیەنێتە بەریتانیەکان و لێیان تێبگات.

٩.نەشارەزایی شێخ مەحمودو سەرکردەکانی لە دانانی نەخشەی سەربازی.

١٠.ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود زیاتر لە ناوچەی سلێمانیدا بوو، نەیتوانی بیگوازێتەوە بۆ شارو قەزاکانی تر.

١١.وەک ئاغاو دەرەبەگ هەڵسوکەوتی ئەکرد نەک وەک مەلیکی کوردستان، هەمیشە بەرژەوەندیەکانی خۆی لەپێش بەرژەوەندی میللەتەکەیەوە بوو، بەتایبەت لە داگیرکردنی موڵک و زەوی و زارو جۆگەو بەرئاوەکان، لەهەموو گوندێک سەرکارێکی هەبوو بۆ سەرپەرشتی زەوی و زارو موڵکەکانی.



شایەنی باسە چەندین شۆڕشی تری وەک شۆڕشی سەدەی بیست لە عێراق و بڵێسەکەشی لە کوردستانەوە دەستی پێکرد، دوای ئەمەش چەندین کۆمەڵەو حیزبی عێراقی و کوردستانی لەدایک بوون لەنێویاندا کۆمەڵەی کوردستان ساڵی ١٩٢٢ ، کۆمەڵەی لاوان ساڵی ١٩٣٣، کۆمەڵەی هیواو برایەتی، دامەزراندنی حیزبی شیوعی عێراق ساڵی ١٩٣٤ و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٤٦، پارتی شۆڕش و حیزبی ڕزگاری کورد لە لایەن ساڵح حەیدەری ساڵی ١٩٤٥ ز، پاش دروستبوونی ئەم کۆمەڵەو حیزبانە چەندین ڕاپەڕین و لەلایەن کوردەکانی باشورەوە سەریان هەڵدا، بەناوبانگترینیان ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان ساڵی ١٩٢٣ بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی خەلیل خۆشەوی و مەلا موستەفای بارزان.


## شۆڕشی ناوچەی بارزان

لەناوچەی بارزانیش ساڵی ١٩٠٠ پیاوێکی ئاینی و نیشتیمان پەروەر دەرکەوت بەناوی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و دەستی کرد بە دروستکردنی مزگەوت و چاکسازی و ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتی، زەوی و زاری بەسەر جوتیاراندا دابەشکرد، ژن بە ژن و کچ بەزۆر شودانی نەهێشت، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی دادی کۆمەڵایەتی، دەوڵەتی عوسمانی بەکارو کردەوەکانی شێخ عەبدولسەلام قەڵس بوون و لەشکرێکی زۆریان هێنایە سەر ناوچەی بارزان و ماوەی دوو مانگ جەنگ بەردەوام بوو، لەکۆتاییدا توانیان ناوچەی بارزان بگرن و گوندەکانی ناوچەکە وێران بکەن و بیسوتێنن، شێخ عەبدولسەلامیش پەنای بردە لای مار شەمعون سەرۆکی ئاینی مەسیحیەکان، ساڵی ١٩٠٨ شێخ عەبدولسەلام گەڕایەوە ناوچەی بارزان و دەستی کردەوە بە شۆڕشی چەکداری دژی دەوڵەتی عوسمانی و ناوچەکە، بەڵام زۆر نەخایاند ساڵی ١٩١٣ ز دیسانەوە ناچارکرا ناوچەی بارزان جێ بهێڵێت و بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبێت، بەداخەوە لە یەکێک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات لە لایەن خاوەن گوندەکەوە خیانەت لە شێخ عەبدولسەلام و هاوڕێکانی دەکەن و هەرئەو شەوە لەبەر هەندێک پارەو پول قۆڵبەستیان ئەکەن و تەسلیمی عوسمانیەکانی ئەکەن، ساڵی ١٩١٤ شێخ عەبدولسەلام و هاوڕێکانی لە شاری موسڵ لەسێدارە ئەدەن، دوای لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام

شێخ ئەحمەدی برای جێگای گرتەوە، توانی سەرپەرشتی عەشیرەت و تیرەکانی بارزان بکات و ملکەچی فەرمانەکانی عێراق نەبێت، بۆیە سوپای عێراق چەندین جار هێرشیان کردە سەرو دوای چەندین شکست شێخ ئەحمەد ساڵی ١٩٣٢ ناچار بوو بەرەو تورکیا هەڵبێت و لەوێ بمێنێتەوە، حکومەتی تورکیا شێخ ئەحمەد بارزانی ئەگرێت و تەسلیمی حکومەتی عێراقی ئەکاتەوە، کاتیک مەلا موستەفا زانی شێخ ئەحمەد تەسلیم بە حکومەتی عێراق کراوەتەوە ڕاستەوخۆ بەهاوکاری کوردانی باکور دەگەڕێتەوە ناوچەی بارزان.

موستەفا بارزانی بەشداریکردووە لە ڕاپەڕینەکانن ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٣ ز ناوچەی بارزان دژی بەریتانیاو حکومەتی عێراقی بە ڕێبەرایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی برای، خۆشی سەرکردایەتی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی کردووە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٣- ١٩٤٥ ی ناوچەی بارزان، لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد خۆی و پێشمەرگەکانی ڕۆشتن بۆ پشتگیری لە قازی موحەمەدو کۆماری کوردستان و لەوێش پلەی جەنەراڵی وەرگرت و بووە سەرکردەی گشتی سوپای کوردستان لە مهاباد، پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان مەلا موستەفاو خاوو خێزانی گەڕانەوە بۆ باشوری کوردستان و داوای وتووێژی لە حکومەتی عێراقی کرد، بەڵام حکومەتی عێراقی گوێی لە مەلا موستەفا نەگرت و ناچار بوو خۆی نزیکەی ٥٠٠ پێشمەرگە بەرەو وڵاتی سۆڤیەتی جاران هەڵبێت و بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت بمێنێتەوە، شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق هەڵگیرساو مەلا موستەفاو هاوەڵەکانی گەڕانەوە بۆ

کوردستان و ساڵی ١٩٦١ شۆڕشی ئەیلولی دەستپێکرد، ساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمین جار حکومەتی عێراقی ناچارکرد دان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستاندا بنێت، موستەفا بارزانی زۆربەی تەمەنی خۆی لە شەڕی چەکداری و خەباتی سیاسیدا بەسەر برد، چەندین جار دانوستانی لە گەڵ حکومەتی عێراقدا کردووەو هیچ دەرئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە، حکومەتی بەریتانیاش هەمیشە لەسەر حسابی گەلی کورد پشتگیری حکومەتی عێراقی کردووە، بارزانی جارێکیان وتی ئێمە لە گفتوگۆو بەڵێن تێرمان خوارد، ئێمە دوو ڕێگامان لە بەردەمدایە یان ئازادکردنی کوردستان یان مردن، خەباتی گەلی کورد هەمیشە لە هەڵبەزو دابەزدا بوو، پاش ڕێککەوتنی شوومی جەزائیر ساڵی ١٩٧٩ لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشیەکی کوشندەوە لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاک سپێردراو پاش ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ تەرمەکەی لەلایەن مەسعود بارزانی کوڕیەوە گوازرایەوە بۆ بارزان.



## خۆرئاوای كوردستان

كوردستانی خۆرائاواش دوای ساڵی ١٩٢٠ خرایه سەر سوریا تا ساڵی ١٩٤٦ ز كوردەكان ڕۆڵێكی گرنگیان لە دەركردنی سوپای فەرەنسا بینی، بەڵام سەركردە عەرەبەكان لەبری پاداشتی كورد كەوتنە دژایەتیكردن و لەناوبردن و ڕاگواستنی كورد بۆ قوڵایی ناو خاكی سوریا، ئەمەش وای كرد پارتێكی كوردی بەناوی پارتی دیموكراتی كوردستانی سوریا دواتر ناوی گۆڕا بۆ پارتی دیموكراتی كورد دابمەزرێت تاوەكو داكۆكی لە داوا ڕەواكانی كورد بكات، بەڵام سیاسەتی شۆڤێنی بەعسی سوریا بە دڕندانەترین شێوە كەوتنە گیانی كوردەكانی خۆرئاوای كوردستان و ئەوەی خراپ بوو بەسەر كوردیان هێنا.

## زاراوەی کورد

زاراوەی کورد لە وشەی کورت وەرگیراوە بە زمانی سۆمەری واتا بەرز، چونکە کورد لە ناوچەی بەرزدا ژیاون، بە زمانی سۆمەری وشەی کور-کردا واتا زەوی بەرز یان شاخ دێت، هەندێکی تر لە مێژونوسان ناوی کورد ئەبەنەوە سەر ناوی گۆدیا کەوا کاتی خۆی پاشای ئاریا بووەو دانیشتووی هەولێری ئێستا بوون، واتا زاراوەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ گوتیەکان و لەگەڵ تێپەڕبوونی کات گۆرانی بەسەردا هاتووەو بووە بە کورد، هەرچەندە ڕیشەی زمانی کوردی تا ئێستا جێگای مشتو مڕو گفتوگۆی زمانەوانەکانەو بۆچوونی جۆراو جۆر لەسەر ڕەگ و ڕیشەی زمانی کوردی هەیە بەڵام لە هەموویان ڕاستترو گونجاوتر ئەوەیە زمانی کوردی لە زمانی تورک و عەرەب جیاوازەو بە زمانی هیندۆ ئەوروپی کە هاوبەشی هەیە لەگەڵ زمانەکانی تری وەک فارس و بەلوج و پشتوو تالی و ئەفغانی و دەکەونە ناو لقی گروپی زمانە زاگرۆسیەکانەوە.

هۆزە سەرەکیەکانی کورد کە ئاخاوتن و هەڵس و کەوتیان لە یەکتر جیاوازە بریتین لە

١.کرمانج.

٢.لوڕ.

٣.گۆران.

٤. کەڵهوڕ.

یەکێک لە پاشای گۆتیەکان ئافرەت بووە بەناوی نەوراتیۆم و زۆر بەهێزو خاوەن توانا بووەو بەرامبەر دەیەها هەزار جەنگاوەر شەری کردووە، لە سەدەی یەکەمی زایین پاشای هەزەبانی مرد هێلینای ژنی بووبە شاژن، خانزادی میری سۆران ناوبانگێکی زۆری دەرکرد دەسەڵاتی گرتە دەست و حوکمی ناوچەکەی کردوەو ناوبانگێکی باشی دەرکرد، وای لێهات وەک داستانێکی فۆلکلۆری باسی خانزاد بکرێت و چەندین گۆرانیان بە بالادا وتووە، نێرگزەی گەرمیان و پرشنگی میلانی و پورە حەلیمەی پشدەر سێ سەرکردەی ئافرەتی تر بوون کە توانیویانە بەرامبەر عوسمانیەکان شەڕ بکەن، حەپسە خانی نەقیبیش(١٨٩١ ز-١٩٥٣) یەکێکە لە ژنە سەرکردە هەرە ئازاکانی کورد کەوا توانی کۆمەڵەی ئافرەتان و قوتابخانەی کچانیش دامەزرێنێت و پشتگیری شۆڕشەکانی سمکۆخانی شکاک و کۆماری مهاباد بکات، عادیلە خان کچی عەبدولقادری ساحێبقرانە لە ئەسڵدا خەڵکی سنە بووە مێردی بە وەسمان بەگ سەرۆکی خێڵی جاف بووە، ئەم ژنە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بەڕێوەبردنی شاری هەڵەبجە و عێلی جاف(١٨٥٩ز- ١٩٢٤) تەنانەت مەدالیای وڵاتی ئنگلیزیشی وەرگرتووە، لە ئەردەڵانیش مەستورە خانمان هەیە(١٨٠٥ز-١٨٤٨) ژنێکی شاعیرو مێژوونوس و زانا بووە و کتێبێکی لەسەر مێژووی ئەردەڵان نوسیوە، فاتمە ڕەش سەرۆکی

خێڵێکی گەورەی کورد بووە(١٨٥٣-١٨٥٦ز) بە هێزێکی سەربازی گەورەوە هاوکاری عوسمانیەکانی کردووە دژ بە ڕوسەکان، بەهەمان شێوە پێشتریش لە نێو نەتەوەی هۆری و کاسی و هیتی کە کورد بوون بەهۆی کاریگەری فەرهەنگی سۆمەریەوە ئافرەتان توانیویانە بازرگانی بکەن و خاوەن زەوی خۆیان بن و لەهەندێک حاڵەتدا توانیویانە پیاوان تەڵاق بدەن، لە مێژووی کورد سەدان ژنی تر هەن ئەوە نیشان ئەدەن ئافرەتان لە مێژووی کورددا ئازاو ئازاد بوون و دەسەڵاتەکانیان لە لایەن خەڵکەوە قەبوڵکراوە.

## هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردستان ؟

هەرچەندە سەرجەم بنەماکانی نەتەوەیی لە کوردا هەن وەک نیشتیمان، زمان، مێژوو، بەرژەوەندی و خاکی هاوبەش کەچی دەوڵەتی کوردی هێشتا دروست نەبووە؟ کوردستان هەزاران ساڵە خاکی ڕەسەنی کوردانە، زمانی کوردی زمانی نەتەوایەتی کوردە بەهەر چوار زاراوەکەی، مێژوویەکی ڕەسەنی هەیەو گەورەترین نەتەوەی سەر جیهانە کە قەوارەکەی ئەوەندە گەورە بێت کەچی تا ئێستا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەبێت؟ سەرەڕای پەیدابوون و فەرمانڕەوایەتی چەندین گەل و نەتەوەو میرو میرنشین و بەرپاکردنی شۆڕش لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا لەگەڵ سەرهەڵدانی چەندین ڕاپەڕین لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەو بیست وەک ڕاپەڕینی دەرسیم ساڵی ١٩٠٩ ز لە ناوچەی دەرسیم، ڕاپەڕینی دەشتی موسڵ بە ڕابەرایەتی شێخ مەحمودی نەمر ساڵی ١٩٠٩ ز بە هاوکاری هۆزی زێباری، ڕاپەڕینی ناوچەی بارزان بە ڕابەرایەتی شێخ عەبدولسەلامی بارزان ساڵی ١٩١٠ ز لەناوچەی بارزان ، ڕاپەڕینی بەدلیس ساڵی ١٩١٩ ز لەلایەن شیخ سەلیم عەلی خەلیفەو موسا بەگ کەچی هەموویان بێ ئەنجام بوون و زۆربەی ڕاپەڕینەکان خێرا دامرکانەوەو تەنانەت سەرکردەکانیش لەناوبران، دوا ڕاپەڕینیش ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە باشوری کوردستان بەرامبەر حکومەتی بەعس

و ڕاپەڕینی خۆرئاوای کوردستان بەرامبەر ڕژێمی بەعسی سوریا تەواو دیار نین و نازانین تاکەی لە بۆشایی بێ دەوڵەتیدا ئەژین؟ هۆکاری لەناوچوونی میرنشینە کوردەکان و دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردستان لە مێژوودا جگە لە هۆکارە دەرەکیەکان زۆربەیان ناوخۆیین و هەوڵ ئەدەین بەم شێوەیەی خوارەوە کورتی بکەینەوە

کورد میللەتێکی خێڵەکی و بەش بەش بووە، هەمیشە پشتی بە خێڵ و بنەماڵەیەک بەستووە،زۆربەی شۆڕشەکان هەڕەمەکی و بێ پلان بون، سیستەمی خێڵایەتیش هۆکارێکی تر بووە لە هۆکارەکانی یەکنەگرتنەوەی کورد لە یەک دەوڵەتدا، هەر هۆزەو لەڕابوردوودا لەناوچەی خۆی پارچە پارچە حوکمیان کردووەو حسابی بۆ هۆزەکانی تر نەکردووە، بیری نەتەوەیی کردووەتە قوربانی خێڵ و سەرکردەو بنەماڵەیەک، ئەزموونی جیهان و ناوچەکان سەلماندویانە هەرکاتێک هۆز بەهێز بووبێت بیری نەتەوایەتی لاواز ئەبێت، واتا خەڵکی هۆزەکان ئەوەندەی بەناوی هۆزەوە کارئەکەن نیو ئەوەندە بەتەنگ نەتەوەو نیشتیمانەوە نین، ڕاپەڕین و شۆڕشەکانیش زیاتر لۆکاڵی بوون و سەرتاسەری کوردستانی نەگرتووەتەوە هەرئەوەش بووە زۆربەی شۆڕش و میرنشینەکان بەناوی کەسێک یان بنەماڵەیەکەوە ناونراوە، وەک شۆڕشی شێخ مەحمودی مەلیک، شۆڕشی سمکۆخانی شکاک، شۆڕشی عوبەیدولای نەهری، شۆڕشی شیخ سەعیدی پیران، میرنشینی بابان و

حەسنەوی و شەدادی، واتا کورد لە مێژوودا بە هاوبەشی کاری نەکردووەو زۆربەی کات خۆی و هۆزو ناوچەکەی خۆی بەلاوە گرنگ بووە.

خیانەت و شەڕی ناوخۆییش هۆکارێکی تری بنەڕەتی شکستی زۆربەی شۆڕشەکان بوون لە ڕابوردوودا، کورد ئامادە بووە برای خۆی بکوژێت، باوک کوڕی خۆی بکوژێت، خیانەتی یەزدان شێر لە میر بەدرخانی ئامۆزای هۆکاری ڕوخانی میرنشینی بۆتان بووە، بەداخەوە کوردەکان ئامادەن لە شارو دێکەیان دراوسێکەیان بکوژن، ئامادەن لەبەر هەندێک هۆکاری تایبەت و بەرژەوەندی تایبەت ئەندامانی حیزبەکانی تر بکوژن وەک لە چەندین شەڕی براکوژیدا بەچاوی خۆمان بینیمان، کورد لە منالّیەوە فێری شەڕە گەڕەکەو بەگەورەییش خەریکی شەڕە شارن ئیتر چۆن ئەتوانن پێکەوە بەهاوبەشی لەپێناو بەرژەوەندیەکی بالاّ ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە کار بکەن، لە مایسی ساڵی ١٩٩٤ شەری ناوخۆ لە نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەم شەڕە بەرنامەو کارەکانی ئەمریکای شێواند، بۆیە ئەمریکا وتی ئەگەر کوردەکان لەنێو خۆیاندا شەڕ بکەن و یەکتر بکوژن ئیتر ئەمریکا چۆن ئەتوانێت پارێزگاریان لێ بکات، بۆیە بیل کلینتۆن ئاگاداری کردنەوە ئەگەر دەست لە شەڕی ناوخۆ هەڵنەگرن ئەوا ئەمریکا ئامادە نیە هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات، ئەوەبوو لەژێر فشاری ئەمریکا شەڕەکە

کۆتایی هات، واتا ئەگەر کورد لەناوخۆدا یەکگرتوو یەک هەڵوێست نەبێت و سەرجەم بەرژەوەندی تایبەت و ناکۆکیەکان نەخاتە ئەولاوە هەرگیز ناتوانێت ڕیفراندۆم ئەنجام بدات و دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنێت.

کوردەکان زۆربەی کات لە مێژوودا سازش بۆ داگیرکەران و بێگانە ئەکەن لەپێناو لەناوبردن و خۆسەپاندن بەسەر برا کوردەکەیدا، هەمیشە کوردەکان وەک کەرەستەکانی شەڕ بەکارهاتووە، نموونە ڕوسیا پشتگیری و هاوکاری گەلی کوردی کرد وەک فشار لەسەر ئێران، بەڵام کاتێک ئێران بەرژەوەندی ڕوسیای لە نەوت پاراست ئیتر پشتی لە گەلی کورد کرد، دوانموونەش ڕوداوی ۳۱ ئاب و هێنانی حکومەتی بەعس بوو لەپێناو لەناوبردنی براکوردەکەی تری کە ئەویش ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی و لایەنەکانی ترە، بەهەمان شێوە یەکێتی نیشتیمانی ئێرانی هێنایە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی ئێران، سازشکردن و بێگانەپەرستی و لەناوبردنی برا کوردەکان مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو بەردەوام دوبارەو سێ بارە بوەتەوە بەتایبەت لە سەردەمی سەفەوی و عوسمانیەکان و تەنانەت بە ئێستاشەوە.

کوردەکان بەلایانەوە ئاسایی بووە ببنە پیاوی داگیرکەران و بێگانە و خیانەت لە گەل و نەتەوەکەیان بکەن، کوردەکان پێیان خۆش بووە ببنە ژێردەستی ئینگلیزەکان نەک کوردێکی وەک شێخ مەحمود سەرکردایەتیان بکات، میرنشینی بابان

نـــاكۆكی زۆری تێـــدا بـــوو، نیـــوەی ســـەر بـــە ئێران و نیوەکەی تری سەر بە عوسمانیەکان بوون، عادیلە خان فەرمانڕەوای هەڵەبجە و بابەکر ئاگای پشدەر ئامادە نەبون بچنە ژێر ڕکێفی شێخ مەحمودەوە، هەورەها لەم دوایانەدا جاشێکی زۆرمان بینی کە چۆن هەڵیان کوتایە سەر برا پێشمەرگەکان و گەریلاکان و لە سوتاندنی گوندو شارو ڕەزو باخی کوردستان بە شانازیەوە بەشدار بوون و مەدالیای داگیرکەرانیان وەرئەگرت، دوای ڕاپەڕینیش جاشەکان بەسزای گەل نەگەشتن و بەردەوام پۆست و پلەوپایە و موچەو ئیمتیازیاتیشیان پێدان، ئەم جۆرە جاشە کوردەکانە هەمیشە سودمەند بوون و پەیڕەوی ئەو پەندە کوردیەیان کردوەوە کە دەڵێت ئەو دەستەی بۆت نەبڕایەوە باشترە ماچی بکەیت.

بەشێک لە کوردەکان زۆربەی کات بیریان لە پلەوپایەو پۆست و ئیمتیازاتی ماددی کردوەتەوە، هەرکاتێک باری داراییان خراپ ببێت خۆڕاگر نەبوون و ئامادە بوون خۆیان بفرۆشن بە حیزب و تەنانەت داگیرکەرانیش، بۆیە هەمیشە خۆیان لاوازو بێ ئیرادە کردووەو بێ تەحەمول بوون، دوانموونەش ئەو هەمووە ئەندام و کادرانەیە کەوا لەپێناو ئیمتیازاتی ماددی و وەرگرتنی پۆست و پلەو پایەو خۆشگوزەرانی پەیوەندیان بەو حیزبانەوە کردووە کە بەرژەوەندی تایبەتیان ئەپارێزن نەک بەرژەوەندی گشتی و دەوڵەتی سەربەخۆ.

کورد هەرگیز پیلانی ستراتیژی و درێژخایەنی نەبووەو هەمیشە بیری لەو ئان و ساتە کردووەتەوە کە تیایدا ژیاون، هەمیشە کورت بین بووەو بیری لە نەوەی داهاتوو نەکردووەتەوە، هەرگیز نەیتوانیوە پەند لە هەڵەکانی خۆی وەرگرێت، هەمووومان وڵاتی نەرویج ئەبینین کە پاشەکەوتی نەوتی بۆ چەندین نەوەی دوای خۆی کردووە، هەرێمی کوردستانیشمان بینی کە پارەی نەوت لە چیدا سەرفکرا؟ ئەکرا ژێرخانی ئابوری پێ بەهێز بکەن، ئەم نەبوونی پیلانە درێژخایەنە بەردەوام لە مێژووی کورددا دوبارەو سێ بارە بوەتەوە، وای کرد بەشێک لە شۆڕشەکان لە شەوو ڕۆژێکدا ئاشبەتاڵ بکەن و وەک بەفر بتوێنەوە.

شۆڕشەکانی کورد هەمیشە بەلەناوچوونی سەرۆکەکەیان گورزی کوشندە بەر هەموو شۆڕشەکە کەوتووەو تەنانەت بە لەناوچوونی ڕابەرانی شۆڕشیش ئیتر شۆڕشەکەش بڵاوەی پێ کراوە وەک شۆڕشی پەزدان شێر، عوبەیدوڵڵای نەهری، مەلا موستەفای بارزان ، شێخ مەحمودی مەلیک، سمکۆی شکاک ، سەید ڕەزا، چەندین نموونەی تر، لەلایەکی تریشە سەرکردەی شۆڕشەکان پێکەوە پلانێکی هاوبەشیان دانەناوە بەرامبەر داگیرکەران بەڵکو بەجیا خەبات و تێکۆشانیان کردووە، بۆ نموونە لە باکوری کوردستان لە ماوەی چەند ساڵیکی کەم ١٩٢٥-١٩٣٧ ز ٣ شۆڕشی گرنگ هەڵگیرسا، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ساڵی ١٩٢٥ ز هەروەها شۆڕشی ئاگری واتا ئارارات بە سەرکردایەتی ئیحسان نوری پاشا لە

نێوان ساڵەکانی ١٩٢٧-١٩٣٠ هەروەها شۆڕشی دەرسیم بە سەرکردایەتی سەید ڕەزا ساڵی ١٩٣٧ بەڵام هەر سێ سەرکردەی ئەم شۆڕشانە پێکەوە بەرنامەیەی تۆکمەو هاوبەشیان نەبوو تاوەکو شۆڕشەکە گەورەترو فراوانترو بەهێزتر بکەن و هەوڵبدەن ناوچەکانی تری کوردستان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، سەرکردایەتی ئەم شۆڕشانە زیاتر بیریان لە هۆزو ناوچەکانی خۆیان کردوەتەوە نەک هەموو کوردستان، لەلایەکی ترەوە هەڵەی سەید ڕەزا ئەوەبوو زیاتر لەناوچەی دەرسیم بوو دژی تورکەکان و نەیتوانی ببێت بە نوێنەری شۆڕشگێران و زیاتر وەک دەرەبەگێک مامەڵەی ئەکرد، گەورەترین هەڵەی ئیحسان نوری پاشاش ئەوەبوو سەرکردەی شۆڕشەکەی بەجێهێشت و وەک پەنابەرێک ڕووی کردە ئێران، هەڵەی شێخ سەعیدی پیرانیش ئەوە بوو زیاتر پەیامێکی ئیسلامی هەبوو نەک نەتەوایەتی و بەرنامەیەکی درێژخایەنیشی نەبوو بۆیە تەمەنی شۆڕشەکە زۆر کورت بوو.

قازی موحەمەدیش هیچ ئەزمونێکی نەبوو لە خەباتی نهێنی و سیاسی و بزوتنەوەی چەکداریدا، نەدەبوو خێرا بکرێت بە سەرۆکی حیزبی دیموکراتی ئێران و سەرۆکی کۆماری کوردستان، هەرچەندە لەبەر پاڵەپەستۆی یەکێتی سۆڤیەت بوو کۆماری کوردستان لەدایک بوو، هەر سۆڤیەتیش بوو لەبەر بەرژەوەندی خۆی پشتی لە کوردو کۆماری مەهاباد کرد، بەڵام هۆکارێکی تر لەبەر بێ ئەزموونی قازی موحەمەد بوو درێژەی بە خەبات و تێکۆشان نەداو خۆی کردە

قوربانی و ئێران لە سێدارەی دا، پاش لەسێدارەدانی قازی موحەمەدو هاوەڵەکانی کۆماری کوردستانیش لەناوچوو.

کوردەکان بەردەوام خەریکی پاشقول لێدان و شکاندنی یەکتر بوون لای بێگانە، هەمیشە خۆیان پێ لاواز بووەو خەڵکی تریان لا بەهێز بووە، ڕێزیان لە سەرکردەو ڕۆڵەکانی خۆیان نەگرتووە، بەپێچەوانەوە وڵاتانی تر بەرامبەر بێگانە یەکگرتوو بوون و لەبری تێکشکاندنی یەکتری خەریکی تەبایی و کاری هاوبەش و لۆبی کردن بوون وەک لۆبی جولەکەو ئەرمەنی و ئەریتیریەکان. هەمیشە خەریکی شکاندن و سوککردنی سەرکردەکانی خۆیان بوون و بەردەوام بێڕێزیان بە سەرکردەکانی خۆیان کردووە، تەنانەت بەریتانیایەکان ساڵی ١٩٢٠ دەڵێن دوای بەدواداچونمان لە بەغداو ئەستەنبوڵ بۆمان دەرکەوت مەحاڵە کوردێک هەبێت زۆربەی کوردەکان پشتگیری لێ بکەن، هەروەها حیزبایەتی لە کوردستان وای کرد ئەندامان چۆن بێڕێزی بە سەرکردەی حیزبەکانی تر بکەن و تەنانەت پیرۆزیەکانیش بشکێنن و هەرچی سنورە ببەزرێنرێت، ئەمەشە وای کردووە مێژووی کورد هەموو بگەڕێ ناتوانێت سەردەمێک بدۆزیتەوە کوردەکان لەسەر سەرکردەیەک بەگشتی کۆک بن.

ناکۆکی ناوخۆیی و نێوان بنەماڵەی حوکمڕان هۆکارێکی سەرەکی ڕوخاندنی حکومەتە یەک لەدوا یەکەکان بوون لە مێژوودا وەک حکومەتە کوردیەکانی وەک وادی، سالاری، حەسنەوی، شەدادی، هەزبانی لە هەولێر، عەنازی کە لە

سەرەو باسمان لێوە کرد، نموونەی زۆرمان هەیە باوک کوڕی خۆی کوشتووە ، برا برای خۆی لەناوبردووە.

هۆکارێکی تری بێدەوڵەتی کوردیش دەگەڕێتەوە بۆ جوغرافیای کوردستان، بەهۆی ئەوەی سروشتی کوردستان زۆربەی زۆری شاخاوی و لەیەک دابڕاوەو دوورە لە دەریاوە، سەرەڕای نەبوونی دەرگای ئابوری بە ڕووی ئەوروپا لەگەڵ چەندین فاکتەری سیاسی و ئابوری و ئاینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تر، بەداخەوە کورد هیچ دەریایەکی نیە کەشتیوانی تێدا بکرێت.

بوونی چەندین نەتەوەو زمانی جیاواز لە ناوچەکەو دەوروبەری کوردستان و دەرکەوتنی چەندین دەوڵەتی زلهێز بە درێژایی مێژوو لە دەوروبەری کوردستان و دڕندەیی و زۆرداری وڵاتانی سەردەستەی کوردستان هۆکارێکی ترن کە کوردەکان نەبن بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان.

زۆربەی شۆڕشە کوردیەکان لەلایەن زانایانی ئاینی یاخود سەرۆک هۆزەکانەوە لەسەر کێشەی تایبەت دەستی پێ کردووە نەوەک لەسەر زەوتکردن و پێشێلکردنی مافی تەواوی کوردو هەمیشە بنەماڵەو سەرۆک هۆزەکان باڵا دەست بوون، سەرکردەکانی شۆڕشی کوردیش سادەو ساکارو کەم ئەزموون بوون و هەندێکیان کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ نەیارانی کورد دەست بەسەرکران و لەناوبران و پاشان شۆڕشەکە دامرکایەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا سەرەڕای کەموکورتیەکان

سەرکردەی بەهێزو ئازاشمان هەبووە وەک عوبەیدوڵای نەهری و میر بەدرخان میری بۆتان کە بە باوکی بزوتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد ئەژمار ئەکرێن، زۆر ئازاو چاونەترس بوون و هەوڵی ڕزگارکردنی کوردستانیان داوە.

زۆربەی زۆری شۆرش و ڕاپەڕینەکان لەسەر خاکی کورستان بووە، نەتوانراوە لەخاکی کوردستانەوە بگوازرێتەوە بۆ ناو خاکی دوژمن، واتا شۆڕشەکانی کورد ئەوەندی بەرگریکردن بووە لە زوڵم و زۆری داگیرکەران هیچ کاتێک هێرش کردن نەبووە بۆسەر خاکی دوژمنان، بۆیە کوردستان هەرگیز ئاگری شەڕی لێ نەبڕاوەو قوربانی سەرجەم کێشە هەرێمیەکانیش بووە، لەلایەکی تریشەوە زۆربەی زۆری شۆڕشەکان بێ بەرنامەو بێ یاساو ڕێسا بووەو پلانی درێژخایەنیان نەبووە، بەهۆی هەڵچوون و هەژانێکی کتوپڕەوە بەشێوەیەکی نارێک و پێک دەستی پێکردوە، نموونەش بۆ ئەمە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری کە پێشتر هاوکاری تورکیای کردووە دژی ڕوسەکان پاشان بوو بە دوژمنی دەوڵەتی عوسمانی.

ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆ ساڵی ١٩١٦ ز کوردستان جارێکی تر دابەشکرا، بەڵام لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس ساڵی ١٩١٩ ز واتا پاش جەنگی جیهانی یەکەم نوێنەری کورد جەنەراڵ شەریف پاشا لەگەڵ نوێنەری زۆربەی وڵاتانی جیهان بەشداری کۆنگرەی ئاشتی پاریس بوون بەڵام بەداخەوە ئاوڕیان لە نەتەوەی کورد نەدایەوە چونکە کورد

لەبەرەی دەوڵەتانی ناوەند بوو، بەڵام لە کۆنگرەی سیڤەر ساڵی ١٩٢٠ گەلی کورد فرسەتێکی زێرینی دەستکەوت بەتایبەت لە ماددەکانی ٦٢،٦٣،٦٤ باس لە ئالیەتی دروستبوونی دەوڵەتی کورد کراو زەمینەی کوردستانێکی سەربەخۆی دەڕەخساند بەڵام جارێکی تر بەهۆی کەمتەرخەمی و کەم ئەزموونی کوردو هەڵەی هاوپەیمانانەوە بەرامبەر گەلی کورد ڕێککەوتنامەی لۆزان ساڵی ١٩٢٣ لەدایک بوو تیایدا پشت لە کورد کراو بە هەندێک بەڵێنی سەر کاغەزو مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد پەیماننامەی لۆزان مۆرکراو دواتر تەنها گەلی کورد زەرەرمەند بون.

هۆکارێکی تری دابەشکردنی کوردستان بەسەر عێراق و ئێران و تورکیاو سوریا ئەوەبوو هاوپەیمانان ترسی زۆریان لە نفوزی سۆڤیەت بوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کوردیان کردە قوربانی تاوەکوو ئەو وڵاتانی سەردەستەی کوردستان لەخۆیان ڕازی بکەن.

نزمی ئاستی خوێندەواری و سیاسی و ڕۆشنبیری لای تاکی کورد و یەکنەگرتنیان لە ناو یەک حیزب و ڕێکخراوو بزوتنەوەدا کە پێویست بوو بۆ گەلی کورد لەگەڵ جیانەکردنەوەی دۆست و دوژمن لە یەکتر.

شێخ مەحمود هەڵەی گەورەی ئەوەبوو لە شەڕی شوعەیبە بەرامبەر ئینگلیزەکان جەنگا و پشتگیری دەوڵەتانی ناوەندی

کرد، لەکاتی دۆڕاندنی عوسمانیەکان کورد هیچ پرۆژەو بەرنامەیەکی دیاریکراوی نەبوو چونکە چاوەڕیی ئەوە نەبوو عوسمانیەکان بدۆڕێن، کاتێکیش لە ئینگلیزەکان نزیک بووەوە شێخ مەحمود کرا بە حوکمڕانی سلێمانی ناوچەکانی دەوروبەری نەیتوانی ئینگلیزەکان لەخۆی ڕازی بکات و سود لەو دەرفەتە وەرگرێت، بۆیە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک دڵسۆزی و لایەنگری خۆیان بۆ حکومەتەکەی شێخ مەحمود لە سەرەتاوە دەربڕی بەلاّم بەداخەوە شێخ مەحمود هەرچی پۆستە بالاّکان هەبوو بەسەر کەس و کارەکەی خۆیدا دابەشی کردو هیچ گرنگیەکی بە چینی ڕۆشنبیران و ڕوناکبیران نەدا، بەرنامەی بۆلەناوبردنی برسێتی نەبوو بەمەش دڵی خەڵکی لە خۆی و حکومەتەکەی ڕەنجاند، سیمای حکومەتەکەی شێخ مەحمود زیاتر خێڵەکی بوو نەک نەتەوایەتی بۆیە ناوچەکانی کوردستانی نەگرتەوەو کوردەکانی کەرکوک و کفری و هەولێر نەهاتنە ژێر دەسەلاّتی شێخ مەحمودەوە تەنانەت عادیلە خانم فەرمانڕەوای هەڵەبجەش ڕازی نەبوو بچێتە ژێر ڕکێفی شێخ مەحمودەوە، بۆیە چەندین دەرفەت بۆ شێخ مەحمودو حکومەتەکەی هەڵکەوت بەلاّم لەدەستی کوردەکان چوو، ئەگەر شێخ مەحمود ژیرانەو سیاسیانەو دیبلۆماسیانە کاری بکردایەو خۆی لەگەڵ ئینگلیزەکان بگونجاندایە لەوانەیە ئێستا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان ئەبووین.

نەبوونی حیزب یاخود ڕێکخراوێکی سەرتاسەری سیاسی کوردی کە کوردەکان لەسەری کۆک بن و ڕێبەرایەتی بزوتنەوەی گەلی کورد بکات، هەمیشە یەکتریان قەبوڵ نەکردووە، تەنانەت لەسەرەتاوە عوسمانیەکان هەوڵی ئەوەی دا نیمچە سەربەخۆیی بە میرنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بدات لەڕێگای مەلا ئیدریسی بەدلیسیەوەو کوردێک بکرێت بە میری هەموو میرەکانی کوردستان، کەچی بەهۆی خۆبەزل زانینی میرەکانەوە هیچ کام لە سەرکردە کوردەکان و میرەکان ئامادەنەبوون کەس بە سەرۆک یاخود میری کوردستان قەبوڵ بکەن، بۆیە مەلا ئیدریسی بەدلیسی بە سوڵتانی عوسمانیەکانی وت کورد تەنها لە شایەتوماندا یەکی گرتووە ئەگینا لە هیچ شتێکدا یەکگرتوو نین، ئەمەش گەورەترین خاڵی لاوازی کورد بووە لە مێژوودا.

کورد بە درێژایی مێژوو نەیتوانیوە وەک چەکێک بەرامبەر نەیارەکانی سود لە ئاین وەرگرێت، چونکە کورد هەمیشە بە دڵسۆزی پەیڕەوی ئاینی کردووەو هەوڵی داوە لە بنەماکانی ئاین لانەدات، بە پێچەوانەوە دەوڵەتانی تر ئاینیان وەک چەکێکی سیاسی بەکارهێناوە بۆ کوژانەوەو لەناوبردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لە مێژوودا، بۆ نموونە عوسمانیەکان میرنشینی سۆران و میر موحەمەدیان لەڕێگای ئاینەوە لەناوبرد، بانگەوازی ئەوەیان ئەکرد کە دەرچوون لە فەرمانی خەلیفەی عوسمانی سوڵتان عەبدولحەمید واتا

دەرچوون لە ئاینی ئیسلام و کورد پێی کافر ئەبێت، لەلایەکی تریشەوە لەناو میرنشینی سۆران کەسایەتی ئاینی و بەناوبانگ مەلای خەتێ فەتوای دژی میر موحەمەدو شۆڕشەکەی داو خەڵکی لە شۆڕشەکە سارد کردەوەو پشتیان لە شۆڕش کرد، هەروەها بەهۆی فەتوای ئاینیەوە عوسمانیەکان کوردیان لە دژی ئەرمەنیەکان بەکارهێناو بووە هۆی قڕکردن و لەناوبردنی ئەرمەنیەکان، ئەم کارەساتە یەکێکە لە ناخۆشترین و ناشیرینترین کارەسات لە مێژووی کورد کە بەسەر نەتەوەیەکی تردا هێنابێتی، واتا سوڵتانی عوسمانی توانی هەم ئەرمەنیەکان لەناوببات و هەم کوردەکانیش لە شەڕوشۆڕەوە بگلێنێت و بێهێزیان بکات و دوژمنایەتی بخاتە نێوانیانەوە، کەواتە کورد لە مێژوودا نەیتوانیوە ئاین وەک چەکێکی سیاسی بۆ خۆفەرزکردن و ڕێکەوتن لەگەڵ گەلانی ناوچەکە بەکاربهێنێ، واتا ئەوەندەی وتارێکی ئاینی کاریگەری لەسەر گەلی کورد هەبووە نیو ئەوەندە گوتارێکی نەتەوەیی کاریگەری لەسەر فەزای گشتی کورد نەبووە.

دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و مانەوەی هەموو دەسەڵاتێک لە جیهان پێویستی بە ئابوریەکی بەهێز هەیە، بەداخەوە سەرەڕای بوونی کەرەستەیەکی خاوو بەرهەمی سروشتی و سەرچاوەی دارایی جیاجیا لە کوردستان بەڵام هیچ کاتێک کوردستان خاوەن ئابوریەکی دەوڵەمەندو بەهێز نەبووە، هەر سەرچاوەیەکی ئابوریش وەک نەوت،گازی سروشتی،

کشتوکاڵ، ئاژەڵداری یان ......هتد که له کوردستاندا هەبێت ئەوا لەلایەن کوردەوە سودی لێ نەبینراوە یاخود بۆ مەرامی تایبەتی حیزب و تایبەتی و بنەماڵەکان بەکارهاتووە، بۆیە زۆربەی زۆری شکستی شۆڕشەکان بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئابوری، بۆ نموونە شکستی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدولای نەهری و بەدرخانیەکان..........هتد هۆکارەکەی ئابوری بوو.

دروستبونی دەوڵەتی کوردستان مافی گەلی کوردە بەڵام سیاسەت و بەرژەوەندی نێودەوڵەتی لە مێژوودا یارمەتیدەر نەبوو تاوەکو کورد بە مافی چارەنوسی خۆی بگات بە دەوڵەتی سەربەخۆوە، کورد هەر ڕێککەوتنێکی کردبێت لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوەی کوردستان تەنها بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بووەو کورد وەک ئامرازێک بەکارهێنراوە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان، بۆ نموونە ڕوس و ئینگلیزەکان ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ هاوکاری دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویان داوە بۆ کۆتایی هێنان بە بزوتنەوەو ڕاپەڕینە کوردیەکان، ئەگەر لە سەرەتاوە یارمەتی کوردیان دابێت ئەوا تەنها بۆ ئەوە بووە بەربەرەکانی لەڕێگای کوردەوە لەگەڵ دەسەڵاتداری ناوچەکەدا بکەن و بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان دژایەتی یاخود پشتیان لە گەلی کورد کرووە، واتا سیاسەتی نێودەوڵەتی هۆکاریکی تر بووە بۆ شکستی شۆڕش و راپەڕینەکانی کوردو دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی، بۆ نموونە سۆڤیەت لە کۆنگرەی پاریس دژی

دروستبوونی دەوڵەتی کوری وەستایەوەو وای ئەزانی ئەمە پیلانێکی بەریتانیەیە، لە کۆنگرەی سیڤەر ساڵی ١٩٢٠ سۆڤیەت پشتگیری لە تورکیا کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر، چونکە لینین و ئەتاتورک ساڵی ١٩٢١ پەیماننامەیەکیان ئیمزاکرد تیایدا هەردوو دەوڵەت واتا سۆڤیەت و تورکیا دژی هەرگروپێک ئەبن کە هەوڵ بۆ دابرانی بەشێک لە خاکەکەیان بدات و بەهەموو شێوەیەک رەتی دەکەنەوە، چەند جارێکیش بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستان نامەیان بۆ حکومەتی سۆڤیەت ناردووە لە ڕابوردوداو داوای یارمەتی و هاوکاریان لێ کردوون وەک سمکۆخانی شکاک شێخ مەحمودی مەلیک...... هتد، بەلام سۆڤیەت نەک هەر یارمەتی خەباتی کوردی نەداوە بەڵکو هاوکاری وڵاتانی سەردەستەی کورستانیان کردووە بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردیەکان، بۆیە سەرەڕای بانگەشەی بەلشەفیکیەکان بۆ پاڵپشتی و هاوکاری نەتەوەی ژێردەستە کەچی بە پێچەوانەوە هەر دەرفەتێکی نێودەوڵەتی بۆ کورد رەخسابێت ئەوا سۆڤیەت بە ئاشکرا دژی بووە، کریس کۆچێراش ئەڵێت ئەگەر سۆڤیەت لە شەڕدا شانبەشانی تورکیا شەڕی نەکردبێت دژی گەلی کورد بەلام بە داخستنی سنورەکانی خزمەتێکی گەورەی بە تورکیا گەیاندووە.

ئەوروپیەکانیش لە مێژوودا دژی سەرجەم شۆڕشەکانی کورد وەستان، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ڕۆڵی خراپی باڵیۆزی

ئینگلیزبوو لە شکستی شۆڕشەکەی میر موحەمەد میری سۆران، هەروەها بە فیتی ئینگلیزەکان بوو ئاشوریەکان کەوتنە دژایەتی بەدرخانیەکانەوە، سمکۆخان چەندین جار نوێنەر ئەنێرێت بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئینگلیز تاوەکو پشتگیری شۆڕشی کورد بکەن بەڵام ئینگلیزەکان هاوکاری سمکۆخانیان نەکردو دژی خواست و ویستی کوردەکان بوونەوە، چونکە بەرژەوەندی وڵاتە ئەوروپیەکان هەمیشە لەگەڵ وڵاتانی سەردەستەی کوردستان یەکی گرتووەتەوە نەک کوردەکان، ڕوسەکانیش لەکۆتاییدا پشتیان لە کۆماری مهاباد کرد، کۆنگرەی لۆزانیش لەنێوان بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیاو ژاپۆن و یوگسلاڤیاو ڕۆمانیاو تورکیا ساڵی ١٩٢٣ کۆتایی هێنان بە پەیماننامەی سیڤەر، کورد لەناو وڵاتە زلهێزەکاندا پشتیوانی ڕاستەقینەی نەبووە، تەنانەت دەوڵەتانی دراوسێ و ناوچەکەش بەڕاستی پشتگیری کوردیان نەکردووە، ئەگەر بۆ ماوەیەک پشتگیری گەلی کوردیان کردبێت ئەوا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بووەو کوردیان وەک سەرباز بەکارهێناوە، مەرامیان فشاری سیاسی بووە لە سەر وڵاتەکەی تر، واتا تەیارنەبوونی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر کوردەکان هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی.

بەریتانیەکان لە ساڵانی بیستدا کوردیان فریودا کەلە تورکیا هەڵگەڕێنەوە، لە حەفتاکانیش ئەمریکیەکان هانی کوردەکانیاندا دژی عێراق بوەستنەوە، گورئاریە ئەڵێت هیچ

نەتەوەیەک نیە لە سەدەی بیستەم وەک کورد لەلایەن هێزە زلهێزەکان و نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانەوە بەکارهێنرابێت، کەچی دەرئەنجام هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان کوردیان بە تەنیا بەجێ هێشت و دووچاری چەوساندنەوە تۆڵەسەندنەوەو قەتڵ و عام بوون لەلایەن رژێمە ستەمکارەکانی سەردەستەی کوردستان.

هێنری کیسنجەریش هانی کوردەکانی دا دژ بە بەغداد بوەستنەوە، کەچی دواتر لەگەڵ شای ئێران و سەدام حسێن رێککەوتنامەیەکیان ئیمزاکردوو ئەمریکا پشتی لە شۆرشی کورد کرد، بۆیە دواتر جۆناتان راندالٚ ئەڵێت هەرگیز مەسعود بارزانی خیانەتی ساڵی ١٩٧٥ ی کیسنجەری لەبیرنەکردووەو هەرگیز لە ئەمریکا دڵنیا نیە، لەم بارەشەوە مەسعود بارزانی وتویەتی ئەزمونێکی تاڵمان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، چونکە ساڵی ١٩٧٥ لەسەر ئێش و ئازارەکانی میللەتەکەمان و لەبەر بەرژەوەندی ئەمریکا پشتی لە گەلی کورد کرد.

پاش ٢٥ ساڵ کیسنجەر ئەڵێت ئەوانەی باسی خیانەتی ئەمریکا ئەکەن لە ساڵی ١٩٧٥ بەرامبەر گەلی کورد هیچ جێگرەوەیەک یاخود بەدیلێکیان بۆ ئەمریکا پێ نەبوو، رۆڵی کوردیش ئەوەندە گرنگ نەبوو هاوپەیمانی خۆمان لەگەڵ وڵاتانی سەردەستەی کوردستان لە کیس بدەین، لە وتارێکی درێژی ٢١ لاپەڕەییدا بەشێکی باس لەوە ئەکات کورد بووەتە قوربانی مێژوو و جوگرافیاو باس لەوەش ئەکات جیاوازی رای

بەرپرسانی ئەمریکی کێشەی کوردی قوڵترو سەختتر کردووەتەوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کێشەی مافی چارەنوسی گەلانی گرتووەتە ئەستۆ بەڵام لە مەسەلەی کورددا خەمخۆر نەبووەو سەرقاڵی هاوسەنگی هێزە نێوەدەوڵەتیەکان بووە، بەشێکی تری قسەکانی کیسنجەر ئەوەبوو کورد لە سەرەتاوە ئامانجیان نەبووەو کوردیش بۆ خۆی ڕۆڵیکی ئەوتۆی بۆ ئەمریکا نەگێڕاوە واتا ئەمریکا هەمیشە سیاسەتی دێفاکتۆو دوفاقی بەرامبەر گەلی کورد بەکارهێناوە، کوردەکانی تورکیا بە کوردە خراپەکان ناوئەبات، بە کوردانی عێراقیش ئەڵێت کوردە باشەکان، سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئۆجەلان بە هاوکاری وڵاتانی ئەمریکاو داڵدەنەدانی ئاپۆ لە لایەن ئیتالیاو وڵاتانی ئەوروپا قسەکانی مارک پاریس باڵێوزی ئەمریکا لە تورکیا سەلماند کە ئەڵێت کورد یارو یاوەری نیە، بە کورتی و بە کوردی ئەمریکا بەرژەوەندیەکانی خۆی لە مافی گەلی کورد بەلاوە گرنگتر بوو، هەڵەی گەورەی سەرکردەکانی کوردیش ئەوەبوو زیاتر چاوەڕێی هێزە بیانیەکان بوون ڕزگاریان بکەن نەک زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن، کوردەکان هەرگیز دەرس لە ڕابوردووی خۆیان وەرناگرن و بەردەوام خۆیان کردووە بە سەرلەشکرو سوری بەرلەشکری هێزە زەبەلاحەکانی وەک ئەمریکاو ڕوسیاو بەریتانیاو تەنانەت هێزە ناوچەییەکانیش بێ ئەوەی ئامانجەکانیان لەسەر وەرەقە و وەک پەیمانێک لەگەڵ زلهێزەکاندا واژوو دیاری بکەن، بۆیە کاتێک کورد لە

کۆتاییدا بەتەنیا جێدەهێڵرێت دووجار ئەبێتە قوربانی واتا قوربانی وڵاتە زلهێزەکان لە لایەکەوە لە لاکەی تریشەوە قوربانی وڵاتانی سەردەستەی کوردستان.

دەوڵەت پایەکانی خۆی لەسەر ئەمن و ئاسایش بۆ گەل و نیشتیمانەکەی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی بۆ گەلەکەیان دائەنێت، بەڵام مێژووی هەموو دەسەڵاتەکان بخوێنینەوە ئەبینین هۆکاری سەرەکی لەناوچونی دەسەڵاتە یەک لەدوا یەکەکان زاڵمەکان زۆربە یان ناعەدالەتی بووە بەرامبەر گەلەکەیان، واتا ناعەدالەتی ناتوانێت تا سەر بەردەوام بێت، چونکە ڕۆژێک دێت جەماوەر بەتەواوەتی لێی بێزار ئەبن و لەناوی ئەبەن، لەهەرکوێیەک ناعەدالەتی هەبێت ئەوا زوڵم و زۆرو پێشێلکاری لەوێیە. پایەی کۆتاییش خزمەتگوزاریە لە لایەن دەوڵەتەوە، هەموومان بەچاوی خۆمان بینیمان دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان چی خزمەتگوزاریەکیان پێشکەش بە گەلەکەیان کردووە بەتایبەت لە بواری موچە، کارەبا، تەندروستی، گەشت و گوزار، ئابوری، کۆمەڵایەتی هەموو بوارەکانی ژیان کە تاک پێویستیەتی؟ بە داخەوە لەم بوارەشدا سەرکەوتو نەبوون.

(دیکتاتۆرەکان هیچ کاتێک حەزیان لە لۆب و دەسەڵاتی لۆب نیە، چونکە دەسەڵاتی لۆبی ڕاستەقینە هەمیشە فشارە لە سەر حکومەت و پارتەکانی نێو دەسەڵات، لۆب بەشدارە یاخود ڕێگرە لە هەندێک بڕیاری سیاسی و یاسایی و چارەنوسساز کە بۆ کۆمەڵگا گرنگن، ئەمەش پێچەوانەی خواست و دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکانە).

## مێژوی لۆب

مێژووی ئەم وشەیە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یەکێک لە سەرۆکەکانی ئەمریکا کە ناوی گرانت لەنێوان ساڵەکانی ١٨٦٠-١٨٧٧، سەرۆکی ئەمریکای ئەوکاتە حەزی لەوە بوو لە کۆشک بچێتە دەرەوەو چاوی بە خەڵکەکەی بکەوێت، گرانت دەڕۆشت بۆ هوتێلێک بە ناوی هوتێل ویلاردس لۆبی، لەوێ جگەرەو کۆنیاکی پێشکەش ئەکراو گفتوگۆی سیاسی لەگەڵ ئەوکەسانەدا ئەکرد کە لە هوتێلەکە بوون، بەم شێوەیە خەڵکەکە کاریگەرو فشاریان خستە سەر سەرۆکی ئەمریکاو توانیان ڕێگری لەهەندێک یاسا بکەن و هەوڵی گۆڕینی هەندێک یاسای تر بدەن، بوونە هۆی لەدایک بوونی چەندین یاسای نوێ، بەهۆی کاریگەری ئەو کەسانەوە کە لەو هوتێلە بوون سەرۆکی ئەمریکا گرانت بڕیاریدا ناوی لێ بنێت لۆبی یاخود لۆبیستەر،بەڵام لە قاموسی ئۆکسفۆرد ساڵی ١٨٠٨ ز

لۆب بەو کەسانە وتراوە کە کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەندامانی پەرلەمانی خۆیان.

## ڕێژەی لۆبەکان

لە وڵاتانی ئەوروپا زیاتر لە ١٥ هەزار لۆبی جیاجیا هەیە کە نوێنەرایەتی ٢٦٠٠ ڕێکخراوی جیاجیا ئەکەن و بە شێوازی جۆراوجۆر پەیوەندیان هەیە لەگەڵ سیاسەتمەداران و بەرپرسان. ئەڵمانیاو بەریتانیاو فەرەنسا زۆرترین ڕێکخراوی لۆبیان هەیە، ئەمریکاش چوارەمین وڵاتە سەبارەت بە لۆب، بروکسلیش بە هۆی هەڵکەوتەی جوغرافی و بارەگای یەکێتی ئەوروپا شوێنێکی زۆر گرنگە بۆ پەرلەمانی ئەوروپاو نوێنەرایەتیکردنی لۆبەکان، ئەوانەی کار بۆ لۆبەکان ئەکەن زۆربەیان باکگراوندێکی سیاسیان هەیەو کار بۆ ڕێکخراوێک یاخود پارتێکی سیاسی ئەکەن.

## کاری لۆبەکان ؟

سەبارەت بە کاریگەری هەر دەسەڵاتێک وتەیەک هەیە ئەڵێت ئەگەر بتەوێت دەسەڵاتی دەسەڵاتداران بزانیت نابێت دەسەڵاتی لۆبەکانت لەبیر بچێت، بەومانایە لۆبی بە شێوازی ڕاستەوخۆو یان ناڕاستەوخۆ بەشدارە لە بڕیارە سیاسیەکان.

یەکەمین کاری لۆب ئەوەیە کێشەیەکی گرنگ دیاری بکات و کاری لەسەر بکات، سەرەتا لە میدیاکان وەک تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان و کەناڵەکانی ترەوە گفتوگۆی لەسەر ئەکەن و جەماوەری لێ ئاگادار ئەکەن، پاشان ئاراستەی دەسەڵاتی ئەکەن تاوەکو لە ڕێگای دەرکردنی یاساوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. لۆبەکان کار لەسەر چەندین کێشەو پرسی جیاجیا ئەکەن، وەک کێشەی نەتەوایەتی، هیجرەت، ئافرەتان، منداڵان، زیندانی، خۆراک، بێ ماڵ و حاڵەکان واتا ئەوانەی لە سەر شەقام ئەخەون و ژیان بەسەر ئەبەن، کەم ئەندامان، ژینگەو دەیەها پرسی دیکە.

لۆبەکان بەو شێوەیە نین دژی دیموکراسی بن، بەڵکو هەمیشە مەترسی ئەوەیان لێ ئەکرێت دیوێکی ڕاستیەکان نیشان بدەن و دیوەکەی تری بشارنەوە، زانیاری ناتەواو پیشکەش بەدەسەڵات و سیاسیەکان بکەن و دەسەڵاتیش لەسەر ئەو زانیاریە ناتەواوانە یاساو بڕیاری هەڵە دەربکات، لەکاری لۆبیدا بوجە ڕۆڵێکی زۆر گرنگ ئەبینێت، هەندێک ڕێکخراو بەهۆی بوجەی باشەوە بەردەوام دەنگیان ئەگاتە زۆربەی زۆری کەناڵ و جومگە گرنگەکانی دەسەڵات، ئەو ڕێکخراوانەش کە ئیکۆنۆمیان لاوازە ئەگەر خاوەنی مەسەلەیەکی ڕەواش بن دەنگیان بە زەحمەت ئەگاتە سیاسیەکان و ناتوانن فشارێکی ئەوتۆ لەسەر ناوەندی بڕیار دروست بکەن، تەنها ڕێکخراوی چەتری ئافرەتان توانیویانە کاریگەریان هەبێت لەسەر یاساکانی ئەوروپاو ببنە بەشێک

لە کۆمیسیۆنی ئەوروپا، لە ئەوروپاش گۆڕینی یاسایەک ئاسان نیەو ماوەیەکی دوورو درێژی ئەوێت تاوەکو یاساکە بگۆڕن، تاقیکردنەوە لەسەر ٨٢ ڕێکخراوی لۆبی کراوە هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە کار بۆ گۆڕینی پرسێک یان یاسایەکی دیاریکراوی کۆن ئەکەن، نەک یاسایەکی نوێ.

لە بەریتانیا لۆب ئەو شوێنەیە کە ئەندام پەرلەمانەکان ئەتوانن چاویان بەو خەڵکانە بکەوێت کە سەردانی پەرلەمان ئەکەن، هەندێک سەرچاوەش مێژووی لۆب ئەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٨٠٠ ز واتا پێش سەرۆکی ئەمریکا گرانت، لۆبەکان هەمیشە بڕوایان بە گوشار یان پەیوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەیە لەگەڵ سیاسیەکان و بەرپرسان، لەم ڕێگایەوە کاریگەریان هەیە لە سەر ناوەندی بڕیار، هەندێک جار کار بۆ شوێنێک یان یەکێتیە پیشەسازیەکان ئەکەن، هەندێک جاریش ڕۆڵی ڕاوێژکار ئەبینن و سیاسیەکان پرس و ڕایان پێ ئەکەن.

لۆبەکان توانای ئەوەیان هەیە کاریگەری گەورەیان هەبێت لەسەر ناوەندی بڕیار، هەروەها ڕێگریش بن لە دەرکردنی چەندین یاسا لەنێو پەرلەمان و حکومەتدا، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی دابینکردنی پاڵپشتی سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتی ئەدەن، واتا لۆبی توانای ئەوەی هەیە بەشدار بێت لەزۆر پرسی گرنگ و چارەنوسساز، هەندێکیش ئەڵێن لۆبەکان هەموو شتێکیان هەیە تاوەکو دەسەڵاتیان هەبێت.

هەموو ئەو یاساو بڕیارانەی لە ئەوروپاو نەتەوەیەگرتووەکان دەرئەچن لە پڕ لەدایک نابن بەڵکوو پێشتر چەندین هێزی جیاجا لە نێویاندا لۆبەکان کاریان لەسەر کردووە. لۆبەکان هەمیشە کار لەسەر ئارەزووە هاوبەشەکان ئەکەن و ڕێکیان ئەخەن، پاشان کاریگەری لەسەر سیاسیەکان دائەنێن، بەو مانایە ئارەزوویەکی هاوبەش کۆئەکەنەوە ڕێکی ئەخەن و پشتگیری کۆمەڵایەتی بۆ پەیدا ئەکەن و پاشان ئاراستەی سیاسیەکان و ناوەندی بڕیاری ئەکەن.

ئەمڕۆ پلۆرالیزم و سۆسیال میدیا زۆر ئاسانکاری کردووە بۆ کۆکردنەوەو لێک نزیکبوونەوەی ئارەزوە هاوبەشەکان، بۆ ئەم مەبەستەش لۆبەکان بە دوو شێوە کار ئەکەن یەکەمیان پێی ئەوترێت ئینساید ستراتیجی ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەو سیاسیانەی کە لە پەرلەمان و حکومەتدان دروست ئەکەن لە ڕێگای سەردانیکردن، چاوپێکەوتن، نامەناردن، کۆبوونەوە، دروستکردنی هاوڕێیەتی، پەیوەندی فەیسبووک و ئەلیکترۆنی و چەندین ڕێگای تر.

دووەمیشیان پێی ئەوترێت ئاوتساید ستراتیجی، واتا هێزی کۆمەڵگاو شەقام، بەومانایە پێش ئەوەی لۆبەکان کار لەسەر پرسێکی گرنگ بکەن و ئاراستەی ناوەندی بڕیاری بکەن ئەبێت پشتگیری کۆمەڵگاو شەقام بەدەست بهێنن، بۆ نموونە لە ڕێگای سینەما، تەلەفزیۆن، ڕۆمان، هونەر، وەرزش، ئابوری ، بازاڕو ڕێگاکانی تر، پاش قۆناغی دووەم ئەتوانرێت

ڕاستەوخۆ ڕاستی و زانیاری و چارەسەرەکان بگەیەننە دەسەڵاتداران و ئەوانیش ڕێگا چارەسەری یاسایی بۆ بدۆزنەوە، بەداخەوە ڕەوەندی کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە هیچ پرسێک لە نێویاندا پرسی دەوڵەتی کوردستان و کێشەی گەلی کورد لەسەر بنەمایەکی ئەکادیمی یاخود وەک ئەو بنەمایانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد بگەیەنێتە کەناڵە جیاجایاکانی دەوڵەتانی ئەوروپا ئەمریکاو ناوچەکەو جیهان، زۆربەی کاروکردەوەکان خۆڕسک و بێ بەرنامەن و پێشتر بەرنامەی بۆ دانەنراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕەوەندی کوردیەوە.

## یەکێتی و ئەوروپا ئەمریکا چۆن کار ئەکەن ؟

یەکێتی ئەوروپا کار لەسەر ئەو پێشنیارانە ئەکەن کە لە سەرەدان و پێویستیان بە دەمەزەردکرنەوە هەیە، بەڵام لە ئەمریکا لەسەر ئەو بابەتانە کار ئەکەن کە زیاتر مەیلیان لەسەرە نەوەک لە سەرەدابن، ئەگەر کۆمیسیۆن پێشنیاری هەر یاسایەک بکات ئەوا ڕەتکردنەوەی زۆر زەحمەتە، لەم حاڵەتەدا ئەبێت لۆبەکان لەگەڵ کۆمیسیۆن و سیاسیەکاندا بسازێن و لێیان نزیک ببنەوە تاوەکو بتوانن کاریگەریان لەسەریان دابنێن، ڕۆژنامەی ئافتۆن بلادێتی سویدی ١٩٩٨/٦/١ باس لەوە ئەکات لۆبی ئەوروپا کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر گفتوگۆ سیاسیەکان لە بروکسل، لەم

ڕێگایەوە بەشدارە یاخود ڕێگرە لە زۆر بڕیاری سیاسی و گرنگ و چارەنوسساز، کارل شیلتەر لە پارتی سەوزی سویدی سالی ٢٠٠٨ باس لەوە ئەکات ناهاوسەنگیەکی گەورە هەیە لە نێوان دەسەلاتی خەلک و دەسەلاتی لۆبەکان، هەندێک لە سیاسیەکانیش بۆچوونی پۆزەتیڤیان هەیە لەسەر لۆبەکان و ئەلێن لۆبەکان لە ڕێگای گواستنەوەی زانیاریەکانەوە ئاسانکاریمان بۆ ئەکەن تاوەکوو بڕیارێکی ڕاست و دروست دەربکەین، بێ زانیاری لۆبەکان سیاسیەکان توشی بڕیاری هەلە ئەبن، بۆ نموونە گونار هاگمارک بە ئاشکرا باس لە ڕۆلی گەورەو گرنگی لۆبەکان ئەکات لە دەرکردنی یاساکان و بڕیارەکاندا.

## لۆبەکان جیاوازیان چیە؟

لۆبی باش و لۆبی خراپ هەیە، داوای سەرەکی پەرلەمانی ئەوروپا ئەوەبوو لۆبەکان ڕاستگۆ بن و زانیاری دروست پێشکەش بکەن، چەندین سال گفتوگۆی ئەوە لە پەرلەمانی ئەوروپا بەردەوام بوو ئایا بە ئیختیاری بێت یان ئیجباری لۆبەکان ناوی خۆیان تۆماربکەن، چونکە پێشتر هیچ یاسایەک نەبوو باس لەوە بکات کە ئەبێت لۆبەکان بە ئیجباری ناوی خۆیان تۆمار بکەن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نەزانرێت سەرچاوەی زانیاریەکان لەکوێوە دێن یاخود تەموومژو کەموکوڕی هەبێت لە پێدانی زانیاریەکان، هیچ یاسایەکیش نەبوو باس لەوە بکات لۆب چۆن کار بکات یاخود نەخشە ڕێگای لۆبەکان چۆن بێت؟ ولاتانی ئەوروپا لە

هەوڵی ئەوەدابوون یاسایەک وەک کەنەداو ئەمریکا دابنێن تاوەکوو لۆبەکان ناوی خۆیان تۆمار بکەن، پاش مشتومڕێکی درێژخایەن کە چەندین ساڵی خایاند لەکۆتاییدا ساڵی ٢٠١٠ یەکێتی ئەوروپا بڕیاریدا ئەبێت لۆبەکان ناوی خۆیان بە ڕەسمی تۆمار بکەن. لەوکاتەوە ٣٣٠٠ ڕێکخراوی جیاجیای لۆب بە ڕەسمی ناوی خۆیان لە بروکسل تۆمارکرد، بەڵام ڕێژەکە زۆر لەوە زیاترە کە لە بروکسل تۆمارکراوە، ١٤٠٠ ڕێکخراوی تر هەن سەر بە هیچ وڵاتێک نین و ئەنتەرناسیۆنالانە کارئەکەن.

## جۆرەکانی لۆبی ؟

لۆبەکان ئەکرێن بە دوو بەشەوە یەکەمیان ڕێکخراوە شاراوەکانن، بەئاشکرا دیارنین و بەنهێنی کار ئەکەن، دووەمیشیان ڕێکخراوە ئاشکراکانن کە لەناو دام و دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا دیارن و بارەگاو توانای گەورەی ماددی و بێ شوماریان هەیە بۆ نموونە لۆبی ئیسرائیلی، زۆربەی وڵاتانیش لۆبی تایبەتی خۆیان هەیەو تا ئێستاش هێزی فشارن لەسەر سیاسەتی حکومەتەکانیان و سیاسەتی نێودەوڵەتی، لۆبی هەندێک جاریش تایبەتە بەو وڵاتانەی کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان نیە یاخود کێشەی سیاسی و نەتەوایەتیان هەیە.

کوردو لۆبی؟

سەبارەت بە گەلی کوردیش هیچ وڵاتێک نیە ئەوەندەی کورد قۆناغی سەخت و دژوارو شەڕی مانەوەی بەرامبەر تورک و فارس و عەرەب و وڵاتانی زلهێزە بینیبێت، بەشێک لە گەل و نەتەوەکانی تر بەرگەی زۆرداری ئیمبراتۆرەکانیان نەگرت و بە یەکجاری لەنێو گەلانی تردا توانەوە، ئێستاش سەردەمی گلۆبالیزم و پۆستمۆدێرنیزم و میدیایە، جیهان وەک گوندێکی بچووک تەماشا ئەکرێت، هەواڵ و ڕوداوەکان زۆر بەخێرای بە هەموو جیهاندا بڵاوئەبێتەوە، کوردیش قۆناغی باشی بڕیوەو پشتگیری نێودەوڵەتیشی تا ڕادەیەک هەیە، بۆیە موستەحیلە گەلی کورد لە نێو نەتەوەکانی تردا بتوێتەوە، واتا قۆناغی توانەوەی لەنێو عەرەب و فارس و تورک و عەجەم تێپەڕکردووە، ئەوەی لەسەر حکومەت و سیاسیەکان ڕەوەندی کوردیە هەوڵی دروستکردنی لۆبی کوردی بدەین، کێشەو گرفت و زانیاریەکان بگەیەنینە سیاسیەکان بە تایبەتی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تاوەکو فشارێکی گەورە لەسەر وڵاتانی سەردەستەی کوردستان دروست بکەن و دان بە مافی ڕەوای گەلەکەماندا بنێن بە دەوڵەتی سەربەخۆوە، کاری لۆبی کوردیش بە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان کۆتایی نایەت بەڵکو پاش سەربەخۆیی کوردستانیش پێویستمان بە لۆبی هەیە، یەکەم بۆ دروستکردنی فشاری بەردەوام لەسەر حکومەت تاوەکو بەردەوام بڕیاری ڕاست و دروست دەربکات، دووەمیشیان

گەیاندنی زانیاریەکانە بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و پاراستنی پەیوەندیەکانمانە لەگەڵ دۆستان و سیاسەتمەداران و پەرلەمانتاران و ئەندامانی حکومەت و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان، ئەگەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی لۆبی کوردیش درابێت لە ڕابوردودا ئەوا سەرکەوتوو نەبوەو نەکراوە بە پرۆژەیەکی گەورەی نەتەوایەتی، ئەوەی لە ناوەڕاستی هەشتاکان لە بەریتانیا دروست بوو لۆبی کوردی نەبوو بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ دروستکردنی، هۆکارەکانیش ڕوون و ئاشکران، گرنگترینیان بەهێزی دەزگای سیخوڕی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بوو لە وڵاتانی ئەوروپاو پشتگیری بەردەوامی وڵاتانی زلهێزی جیهانی و ناوچەکە بوو بۆ ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خۆیان، هۆکاری دووەم نەبوونی جالیەیەکی بەهێز لە ئەوروپاو ئەمریکاو کەمی سەرمایەداری کوردو نەبوونی ئابوریەکی بەهێزو کەمتەرخەمی پارتە سیاسیە کوردەکان بووە لە بواری لۆبیدا، پاش نەوەدەکان و ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەلات بەرامبەر ئەمریکا و کۆچی لاوانی کورد بۆ ئەوروپاو جیهان و ڕزگاربوونی باشورو ڕۆژئاوای کوردستان لەدەست داگیرکەران و کرانەوەی جیهان بە ڕووی گەلەکەمان و شۆڕشی ڕاگەیاندن و گلۆبالیزم ڕێگا خۆشکەرن بۆ دروستکردنی لۆبێکی کوردی بەهێز کە لێرە بەدواوە هەوڵ ئەدەم بە شێوازێکی ئەکادیمی لەسەر شێوازی پرۆژەیەکی بچوکی نەتەوایەتی خاڵ بەخاڵ

باسی لێوە بکەم، هیوادارم بە هەموومانەوە بتوانین ئەم پرۆژە گرنگە دەوڵەمەندتر بکەین.

## پرۆژەی دروستکردنی لۆبی کوردی

وەک پێشتر باسمان کرد لۆبی کوردی بە شەوو ڕۆژێک، بەم حیزب و بەو حیزب و بە تەنها دروست نابێت، کاری لۆبیش دوای سەربەخۆیی کوردستان کۆتایی نایەت، لۆبی کوردی زەمینەسازی باش و پلانی تۆکمەی ئەوێت، ئەبێت بە لایەنی کەمەوە هەوڵی ئەوە بدەین زۆربەی زۆری سیاسیەکان و ئەکادیمیەکان و خاوەن توانا و لێهاتووەکان و پرۆفیشۆناڵەکان و سەرمایەداران و پسپۆرانی وڵاتانی خانەخوێ و کوردستان دیاری بکەین و بەم هەنگاوانەی خوارەوە دەست پێ بکەین.

١سەرەتا ئەبێت پرسی لۆبی کوردی بکەین بە باس و خواستی میدیا، ڕۆشنبیران، پسپۆران، سیاسەتمەداران، کەناڵەکان، پارتە سیاسیە کوردو کوردستانیەکان.

٢.کۆبونەوەیە لەسەر ئاستی باڵای پارتە سیاسیە کوردو کوردستانیەکان، لیژنەیەکی باڵا کە نوێنەری هەموو لایەنە سیاسیەکان و پسپۆران و چین و توێژەکانی تێدا بێت کە بەلایەنەوە گرنگە لۆبی کوردی دروست بکرێت.

٣.کۆکردنەوەی ناوو ژمارە تەلەفوون و مەیل و ئەدرەسی سەرمایەداران، ئەکادیمیەکان، پسپۆران، لێهاتوان،

سیاسەتمەداران، ئەندام پەرلەمانە کوردەکان، چالاکەوانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕۆشنبیران، هونەرمەندان، ڕۆژنامەنوسان، خاوەن تواناکانی وڵاتان ئەوروپاو جیهان بدرێت و بانگهێشت بکرێن بۆ کوردستان و کۆنگرەیەک سەبارەت بە لۆبی کوردی ببەسترێت.

٤.کۆنگرە دەستورێک دابڕێژێت، تیایدا دەستەی بەڕێوەبەرو کە نوێنەری هەموولایەکی تێدا بێت، بارەگای سەرەکی لە کوردستانی باشور بێت، کەسانی پسپۆڕ کە بڕوایان بە دروستکردنی لۆبی کوردی هەبێت لەسەر میلاکی حکومەتی هەرێم دابمەزرێت، لە وڵاتە گەورەکانی وەک ئەوروپاو ئەمریکا بنەو بارەگا بکاتەوە، بە هەمان شێوە کەسانی پسپۆڕو زمانزان لەسەر میلاکی حکومەتی هەرێم دابمەزرێن، چالاک بەتوانا بن و ڕابوردویان پاک بێت، مەرج نیە هەموویان کورد بن، بەڵکو پسپۆڕو دڵسۆز بن و باوەڕیان بە لۆبی کوردی هەبێت، ئەگەر کەمتەرخەم و بەتوانا نەبن بە ئاسانی بگۆڕدرێن بە کەسانی تر.

٥.بە هیچ شێوەیەک ململانێ حیزبایەتی لەم بنکەو بارەگایانە قەدەغە بکرێت و کوردستانی بن، جێگای متمانەی ڕەوەندی کوردی بن و خەڵک سەردانیان بکات.

٦.ناوەندی زانیاری و داتا باسیان هەبێت، زانیاری لەسەر ئەزموونی ئەوروپاو ئەمریکاو وڵاتانی جیهان و ناوچەکە لە بواری لۆبیدا کۆبکەنەوە.

٧.گرنگی تەواو بدات بەکاری پەیوەندی و ڕاگەیاندن و دروستکردنی چەندین فەرعی تر وەک لۆبی پەرلەمان، لۆبی حکومەت، لۆبی سەرمایەداران، لۆبی ڕێکخراوە مەدەنیەکان، لۆبی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنوسان، لۆبی میدیاکاران، لۆبی پزیشکان و ئەندازیاران، لۆبی پسپۆران و لێهاتووان، لۆبی تر.

٨.لۆبی کوردی ئینتەرناسیۆنالی بێت و سەرچاوەی دارایی لە بوجەی حکومەتی هەرێم بۆ دیاری بکرێت پاش دەنگدانی پەرلەمان، بەشێک لە سەرچاوەی دارایی تریشی لە ڕێگای سەرمایەداران، ڕەوەندی کوردی، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە بێت.

٩.ڕۆژنامەو گۆڤارو ناوەندی بڵاوکراوەی خۆی هەبێت.

١٠.کاریگەری دانان لەسەر ڕاگەیاندنی وڵاتانی خانەخوێ لە ڕێگای نوسین و ناردنی بابەت، ڕێپۆرتاژ، لێکۆڵینەوە، چیرۆک، ڕۆمان، کتێب، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی، کاری هونەری وەک موزیک و فیلم و شانۆگەری............ هتد، تاوەکو ڕای گشتی بەلای گەلی کوردا ڕابکێشین.

١١.پەرلەمانتارە کوردەکانی وڵاتانی خانەخوێ خاوەنی پرۆژەی تایبەتی خۆیان بن و کێشەی گەلی کورد بگەیەننە پەرلەمان و حکومەت و میدیاکان.

١٢.دروستكردنی پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ لۆبی وڵاتانی تر، کەڵک لە ئەزمونیان وەربگرین و لەکاتی پێویستدا داوای هاوکاریان لێ بکەین.

١٣.سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە بەناوی سەنتەری لێکۆڵینەوەی لۆبی کوردی دروست بکرێت.

١٤.دۆزینەوەی ئالیەتیەکی گونجاو لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەی گەلی کورد لە بەلجیکا.

ئەمانەو چەندین خاڵی دیکە هەنگاوێکە بۆ دروستکردنی لۆبی کوردی، هەموو هەنگاوەکانیش لە هەنگاوی یەکەمەوە دەست پێ ئەکات، هیوادارین بتوانین پێکەوە لۆبی کوردی لەسەر ئاستی نەتەوایەتی دروست بکەین.

# سەرچاوەکان

١.کورد کێیە؟مێژوی کوردو ڕەچەڵەکی زمانەکانی لە سەرەتای شارستانیەتەوە هەتاوەکو سەدەی دەیەمی زایینی. نوسینی سۆران حەمە ڕەش.لەندەن ٢٠١٣.چاپی یەکەم.

٢.چەردەیەک لە مێژووی کورد. نوسینی د.کەیوان ئازاد ئەنوەر. ٢٠١٣.سلێمانی. چاپی حەوتەم.

٣.د.جەلیلی،جەلیل.کوردەکانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی،وەرگێڕانی د کاوس قەفتان،چاپی یەکەم،بەغداد،عێراق،١٩٨٧ز.

٤.حەسەن زادە،نیو سەدە تێکۆشان، چاپی یەکەم،بەرگی یەکەم،هەولێر، هەرێمێ کوردستانی عێراق- عێراق،١٩٩٥ز.

٥.ڕەفیق حلمی، یاداشت، چاپی دووەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٣ز.

٦.حیلمی عەلی سەریف، دوو لێکۆڵینەوەی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەرەم- سلێمانی،هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، ٢٠٠١ز.

٧.کەریمی حسامی.لە بیرەوەریەکانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین-ستۆکهۆڵم،سوید، ١٩٩٦.

٨.محمد ئەمین سالح.کوردو عەجەم، چاپی یەکەم، بەغداد، عێراق،١٩٩٢.

٩.علاالدين سجادى.شۆڕشەكانى كوردو كوردو كۆمارى
عێراق،چاپى يەكەم،چاپخانەى مەعاريف-بەغداد،
عێراق،١٩٥٩ز.
١٠.د.عبدالرحمن قاسملۆ، كوردو كوردستان-
لێكۆڵینەوەيەكى سياسى و ئابورى، وەرگێڕانى
عبدالله حن زادە، چاپى دووەم،هەولێر، هەرێمى
كوردستان عێراق-عێراق،٢٠٠٦ز.
١١.ساڵح قەفتان، مێژووى گەلى كورد لەكۆنەوە تا
ئەمڕۆ، چاپى يەكەم، بەغداد،عێراق،١٩٦٩ز.
١٢.كريس كۆچێرا، كورد لە سەدەى ١٩و
٢٠،وەرگێڕانى موحەمەد ڕەيانى،چاپى
دووەم،تاران،١٣٦٩ڕۆژى.
١٣د.كەمال مەزهەر، مێژوو، چاپى يەكەم،بەغداد،
عێراق،١٩٨٣ز.
١٤محمد امين زەكى.كوردو كوردستان، چاپى يەكەم،
چاپخانەى دار السلام-بەغداد، عێراق، ١٩٣١ز.
١٥.حسێن حوزنى موكريانى.كوردستانى موكريان،
چاپى يەكەم، ڕەواندوز،عێراق،١٩٣٨ز.
١٦نەوشيروان موستەفا امين.حكومەتى كوردستان-
كورد لە گەمەى سۆڤيەتدا،چاپى دووەم،
سلێمانى،هەرێمى كوردستانى عێراق،عيراق،٢٠٠٦ز.
١٧.نەوشيروان موستەفا ئەمين، ميرايەتى بابان لە
نێوان بەرداشى ڕۆم و عەجەمدا، چاپى يەكەم،

چاپخانەی خاک-سلێمانی، هەرێمی کوردستانی
عێراق، عێراق،۱۹۹۸ز.
۱۸،محمود مەلا عیزەت.جمهوریەتی
کوردستان(لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی و سیاسیە)،
چاپی یەکەم، سلێمانی،هەرێمی کوردستانی عێراق،
عێراق ۲۰۰۱ز.
۱۹.کەیوان ئازاد ئەنوەر،کورد لەچەند تۆمارێکی
مێژوییدا، چاپی یەکەم،چاپخانەی خاک-سلێمانی،
هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق،۲۰۰۳ز.
۲۰.بەدلیسی، شەرەفخانی،شەرەفنامە، و.مامۆستا
هەژار موکریانی چاپی سێیەم،هەولێر،۲۰۰۶ز.
۲۱.بابان، شوکرولای.مێژووی کوردو کوردستان، چاپی
یەکەم، سلێمانی،۲۰۰٤ز.
۲۲.بێشکچی، ئیسماعیل.تێزی مێژووی تورک تیۆری
زمانی خۆرو کیسەی کورد،و.ئاسۆس هەردی، چاپی
یەکەم، سلێمانی، ۲۰۰۰ز.
۲۳.بورکاوی،کەمال. کوردو کوردستان،و،علی فتحی،
چاپی یەکەم، هەولیر،۲۰۰۸ز.
۲٤.پاشا،ئیحسان نوری.ڕاپەڕینی ئاگری،و.ئەرسەلان
بایز، چاپی دووەم، هەولێر، هەرێمی کوردستان،
عێراق،۱۹۹٥.
۲٥.حاجی، کامەران موحەممەد.کوردستان لە بازنەی
کێشەی خۆرهەڵاتیدا (۱۸۰۰-۱۹۰۰) چاپی یەکەم،
هەولێر،۲۰۰۷ز.

٢٦.جەبار،دڵپاک.هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی، چاپی یەکەم،چاپخانەی کەمال،٢٠١٢ز.
٢٧.حەسەن معمود کەریم.مەلا ئیدریسی بەدلیسی ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردیەکاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی،٢٠٠٨ز.
٢٨.لال نهرۆ، جەواهیر، چاوپیاخشانێک بە میژووی جیهاندا، و، ڕەئوف محمد زهدی، بەشی دووەم، بەغداد، عێراق، ١٩٩٠.
٢٩.ڕەشید شێخ عبدالرحمن. میژووی زاگرۆس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١ز.
٣٠.قەفتان سالّح.مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تاکو ئیمڕۆ، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٥ز.
٣١.قاسملۆ، د.عبدالرحمن.کوردستان و کورد، وعبدالله حسن زادە، هەولێر، ٢٠٠٧ز.
٣٢.عەقراوی، محمد سالّح. کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠٠٧ز.
٣٣.قەفتان کاوس.چەند لێکۆڵینەوەیەک لە میژووی میرنشینی بابان- سۆران •بۆتان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦ز.

٣٤.كۆردۆ عەلی. سۆڤیەت و بزوتنەوەی نیشتیمانی کورد، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق، ٢٠٠٩ز.

٣٥.ماهر عبدالسلام خەلیل. کوردەکان کێن، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦ز.

٣٦.موحەمەد ئەمین زەکی.خولاسەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، بەرگی یەکەم و دووەم، هەولێر، ٢٠٠٦ز.

٣٧.مینۆرسکی ڤلادیمێر. بنچینەکانی کوردو چەند وتارێکی کوردناسی،و.نەجاتی عەبدولڵا، سلێمانی، ٢٠٠٧ز.

٣٨.نەبەز، جمال.کوردستان و شۆڕشەکەی، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٧ز.

٣٩.هاوار،محمد رەسول. کوردو باکوری کوردستان لە سرەتای مێژووەوە هەتا جەنگی دوەمی جیهانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم،٢٠٠٦ز.

٤٠.هەورامی، ئەفراسیاو.کورد لە ئەرشیفی روسیاو سۆڤیەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، عێراق،٢٠٠٦ز.

٤١.هەورامی ئەفراسیاو.شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و سۆڤێت لە بەڵگەنامە و چاپەمەنیەکانی سۆڤیەتدا، سلیمانی، ٢٠٠٢.

٤٢.مەحمود حەمەکەریم،حەسەن.کوردستان لانکی
دووەمی مرۆڤایەتی،چاپی یەکەم چاپخانەی شڤان-
سلێمانی. ٢٠١٤.
٤٣.مەحۆ،لوقمان. دۆزی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی
ویلایەتە یەکگرتوەکان دا، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی
لە ئینگلیزیەوە عەبدولکەریم
عوزێری.سلێمانی،٢٠٠٩.
٤٤.سەنگاوی.نجم. کوردستان و سەرکردەو دەسەڵات و
شۆڕشەکانی لە ١١٦٩- ١٩٩٤،چاپی یەکەم، ساڵی
٢٠١٤.

کوردستان لانکی هەموو مرۆڤایەتیە، قورئان و تەورات و ئینجیل و ئاڤێستاش باس لەوە ئەکەن کەوا ئادەمیزاد بە دوو قۆناغدا تێپەڕبووە، قۆناغی یەکەم ئادەم و حەوا و قۆناغی دووەمیش بە کەشتیەکەی نوح و نیشتنەوەی لەسەر خاکی کوردستان شاخی جودی دەست پێ دەکات ، زانایانی ئاسەوار وەك ( ڕالف سولیکی و بریدودو دکتۆر ستوارد و دکتۆر کۆلن ڕینغرو گارود ) سەلماندوویانە کوردستان جێگەی یەکەم مرۆڤ بووە لە مێژوودا، زانای ئەمریکیش ڕالف سولیکی ساڵی ( ١٩٥١-١٩٦١ ) ئەو ڕاستیەی سەلماند کەوا کۆنترین مرۆڤی نیردەتاڵ لە کوردستان دۆزراوەتەوە، کوردستان لەسەرەتادا [illegible] لە خەڵك، هۆکارکەی ئەوە بووە شوێنەکانی [illegible] و سەهۆڵبەندانی زۆری ئەوکاتەوە ژیان [illegible] بووە، زۆربەی زۆری ئادەمیزدا لە کوردستان کۆبووەتەوە بەهۆی پلەی گەرما ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرزبووتەوەدا بووە ئیتر بەستەلەك کۆتایی پێهات و ئادەمیزاد لە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە.